# تێگەیشتن لە لەئاوهەڵکێشان

سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێب

جۆناتان لیمەن

نووسەر

بۆبی جامیسۆن

وەرگێڕان:

ئەندازیار سروش

نەریمان تاهیر

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

Originally Published in English Under the Title:
Understanding Baptism
Copyright © 2016 by Robert Bruce Jamieson and 9Marks
All rights reserved.
Printed in the United States of America
9Marks ISBN 978-1-950396-68-9
Published by B&H Publishing Group
Nashville, Tennessee

Kurdish Edition Copyright 2021 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

- ناوی کتێب: تێگەیشتن لە لەئاوهەڵکێشان
- نووسەر: بۆبی جامیسۆن
- وەرگێڕ: نەریمان تاهیر & ئەندازیار سروش eng.srush@gmail.com
- چاپی یەکەم: ٢٠٢١
- چاپخانە:
- تیراژ:  ١٠٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١٠٠١)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

هەموو ئایەتەکانی ئەم بەرهەمە لە چاپی کوردیی سۆرانیی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێرزراوە.

هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢١ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی «هاند ئۆف هێڵپ»ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.

# ناوەڕۆک

لاپەڕە


پێشەکیی زنجیرە کتێبی بنەماکانی کڵێسا ........................................ ١

پێشەکی ........................................................................ ٥

بەشی یەکەم: لەئاوهەڵکێشان چییە؟ ........................................ ٩

بەشی دووەم: پێویستە کێ لە ئاو هەڵبکێشرێت؟ ............................ ٢٣

بەشی سێیەم: لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە ........................................ ٣١

بەشی چوارەم: بۆچی لەئاوهەڵکێشان مەرجی ئەندامییێتیی کڵێسایە؟ .......... ٥٧

بەشی پێنجەم: کەی "لەئاوهەڵکێشان"، لەئاوهەڵکێشان نییە؟ .................. ٦٩

بەشی شەشەم: پێویستە کڵێساکان چۆن لەئاوهەڵکێشان ئەنجام بدەن؟ ...... ٨١

# پێشەکیی زنجیرە کتێبی بنەماکانی کڵێسا

ژیانی باوەڕداران ژیانی کڵێسایە؛ ئەم باوەڕە بنەڕەتییەی کتێبی پیرۆز لە هەموو کتێبەکانی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا ئاماژەی پێ کراوە.

ئەم باوەڕە لە ئاستی خۆیەوە کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەرەکان لەگەڵ بابەتەکان دادەنێت. بۆ نموونە، ئێوارەخوانی مەسیح خوانێکی تایبەت و نهێنیی نێوان تۆ و عیسای مەسیح نییە، بەڵکو نانخواردنە لەگەڵ خێزانەکەتدا کە بەهۆیەوە لەگەڵ مەسیح و گەلی مەسیحدا ژیانی هاوبەشت دەبێت. ئەرکە مەزنەکە (مزگێنیدان) مۆڵەتنامەیەکی کەسیی نییە بۆ چوونە نێو گەل و نەتەوە جیاوزەکانەوە وەکو شایەتیی بۆ مەسیح، بەڵکو فەرمانێکە کە دراوە بە تەواوی کڵێسا بۆ ئەوەی تەواوی ئەندامان هەستن بە ئەنجامدانی. دەسەڵاتی کڵێسا تەنها پشت بە ڕابەران نابەستێت، بەڵکو تەواوی ئەندامان لەخۆ دەگرێت. واتا، هەموو ئەندامێک ئیش و ئەرکێکی تایبەتی هەیە، بە تۆشەوە.

گرنگە بیزانین کە هەموو کتێبەکانی ئەم زنجیرەیە بۆ ئەندامی ئاسایی کڵێسا نووسراوە. ئەگەر ژیانی باوەڕدار ژیانی کڵێسا بێت، ئەوا تۆی باوەڕداری لەئاوهەڵکێشراو و ئەندامی کڵێسا، بەرپرسیارییتیی تێگەیشتن لەم بابەتە بنەڕەتییانەت لەسەر شانە. وەکو چۆن عیسا فەرمانی پشتگیری و پاراستنی پەیامی مزگێنی پێداویت، بە هەمان شێوە فەرمانی پشتگیری و پاراستنی کڵێسات پێدەکات. ئەم کتێبانە بۆت ڕوون دەکەنەوە کە چۆن ئەو کارە بکەیت.

وای دابنێ کە تۆ یەکێکیت لە خاوەن پشکەکانی کۆمپانیای خزمەتی مزگێنیی مەسیح. وە خاوەن پشکە باشەکان چی دەکەن؟ ئەوان لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیا و

بـازاڕ و پێشـبڕکێکان دەکـەن. دەیانەوێـت ئەوپـەڕی سـوود لـە وەبەرهێنانەکەیـان وەربگـرن. تـۆی باوەڕداریـش تـەواوی ژیانـت لـە مزگێنیـی مەسـیحدا وەبەرهێنـان کـردووە. کەواتـە، ئامانجـی ئـەم زنجیـرە کتێبـە ئەوەیـە کـە لەپێنـاو مزگێنیـی مەزنـی خـودا یارمەتیـت بـدات تەندروسـتی و قازانجـی شانشـینی کڵێسـا ناوخۆییەکـەت زیـاد بکەیـت.

ئایا ئامادەی دەست بە ئەرکەکەت بکەیت؟

براتان، جۆناتان لیمەن/ سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبی بنەماکانی کڵێسا

# ئەو کتێبانەی لە زنجیرە کتێبی بنەماکانی کڵێسا هەن:

تێگەیشتن لە نێردراوییێتییە مەزنەکە، مارک دێڤەر

تێگەیشتن لە لەئاوهەڵکێشان، بۆبی جامیسۆن

تێگەیشتن لە خوانی پەروەردگار، بۆبی جامیسۆن

تێگەیشتن لە دەسەڵاتی کۆمەڵی باوەڕداران، جۆناتان لیمەن

تێگەیشتن لە تەمبێکردنی کڵێسایی، جۆناتان لیمەن

تێگەیشتن لە ڕابەرایەتیی کڵێسا، مارک دێڤەر

# پێشەکی

بەخێربێیت بۆ ئەم کتێبە کورتە سەبارەت بە لەئاوهەڵکێشان، کە تەنانەت دەتوانم پێی بڵێمناملکە. هەرچۆنی حەز دەکەیت ناوی لێبنێ. ئێستاش، بەر لەوەی دەستپێبکەین، دەکرێت دابنیشیت بۆ ئەوەی ئەم دەوروبەرەت نیشان بدەم؟

بەڵام سەرەتا، ڕێم پێ بدە چەند شتێکت پێ بڵێم سەبارەت بە خۆت، یان بەلای کەمەوە ئەوەی من پێم وایە تۆیت. ئەگەر بە شێوەیەکی کەسیی یەکتر بناسین ڕەنگە داوام لێدەکردی خۆتم پێ بناسێنی، بەڵام لەبەر ئەوەی تاکە ئامراز لێرەدا ئەم کتێبەیە، باشترین بژاردە ئەوەیە بیخەملێنم. وە باشترین خەملاندن کە هەمە ئەوەیە کە سێ جۆر کەس ئەم کتێبە دەخوێننەوە، وە هەرسێ جۆریان باوەڕدارن بە مەسیح.

وە ئەگەر باوەڕدار نیت بە مەسیح، ئەوا دڵخۆشم کە ئەم کتێبەت دۆزیوەتەوە، بەڵام ژمارەیەک کتێب هەن سەبارەت بە باوەڕی مەسیحیی و ئامۆژگاریت دەکەم کە سەرەتا بچیت بیانخوێنیتەوە. دەست بکە بە خوێندنەوەی سیپارەکانی پەیمانی نوێ، وە کتێبەکەی (گرێگ گیڵبرت) بە ناونیشانی «عیسای مەسیح کێیە؟". هەروەها هانت دەدەم بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی باوەڕدارت قسە بکەیت بەڵکو ئەو ڕێنوێنیت بکات بۆ تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز و شوێنکەوتنی عیسای مەسیح.

بەهەرحاڵ، پێم وایە جۆری یەکەم کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هەیە و هێشتا لە ئاو هەڵنەکێشراون، بەو پێیەی تەواو نازانیت لەئاوهەڵکێشان واتای چییە، یان ڕەنگە دەزانیت لەئاوهەڵکێشان چییە بەڵام تەواو نازانیت بۆچی پێویستت پێیەتی. یان ڕەنگە دوودڵیت بەرامبەر بە ڕاستیی لەئاوهەڵکێشان کە پێشتر وەرتگرتووە، وە پێت وایە کە دانپێدانانت بە باوەڕ لەو کاتەی کە لە تەمەنی منداڵیتدا وەرتگرتووە نابێتە شتێکی ڕاستەقینە. دەزانم کە ئەم کتێبە هەموو ئەم پرسیارانە چارەسەر دەکات، چونکە من ئامانجم ئەوەیە ئەگەر باوەڕداریت و هێشتا لە ئاو هەڵنەکێشراویت، ئەم کتێبە قەناعەتت پێ

بهێنـێ بـەوەی لـە کارەکـە بـەرەو پێـش هەنـگاو بنێیـت.

جـۆری دووەم کـە هیواخـوازم ئـەم کتێبـە بخوێننـەوە: ئـەو باوەڕدارانـەی گرنگـی دەدەن بـە فێربوونـی زیاتـر سـەبارەت بـە لەئاوهەڵکێشـان. بێگومـان هەندێکتـان هێشـتا مـاون هەرچەنـدە کەمیـش بـن. وە پێـم وایـە ئێـوە پێشـتر لەئاوهەڵکێـشراون، بـەڵام دەتانەوێـت زیاتـر بیـر بکەنـەوە لـەم ڕاسـپاردەیەی کـە مەسـیح کڵێسـاکەی پـێ ڕاسـپاردووە، وە ڕەنگـە بتانـەوێ باشـتر بـن لـە ڕوونکردنـەوەی لەئاوهەڵکێشـان بـۆ باوەڕدارانـی نـوێ یـان بێبـاوەڕان. هیـوادارم کـە ئـەم کتێبـە وەڵامـی بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز فەراهـەم بـکات بـۆ ئـەو پرسـیارانەی هەتانـە، وە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەی کـە بۆتـان دروسـت دەبێـت و پێویسـتە بیکـەن.

بـەڵام جـۆری سـێیەم کـە پێـم وایـە ئـەم کتێبـە دەخوێنێتـەوە ڕابـەری کڵێسـایە، بـە تایبەتـی شـوانی کڵێسـا. جـا بـە نیعمەتـی خـودا، زۆر جـار شـوانەکانی کڵێسـا خۆیـان دەبیننـەوە لـەوەی بـاوەڕداری نـوێ لـە ئـاو هەڵدەکێشـن، هـەروەک خۆیـان دەبیننـەوە لەنێـو ئـەوەی کاریگەرییەکـی بەهێزیـان هەیـە لەسـەر کڵێسـاکانیان بـۆ چۆنیەتیـی پەیڕەوکردنـی کڵێسـا بـۆ لەئاوهەڵکێشـان و تێگەیشـتنی دروسـت بـۆ لەئاوهەڵکێشـان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، شـوانەکانی کڵێسـا دەبنـە نموونـە بـۆ کڵێسـاکانیان بـۆ مەرجـی لەئاوهەڵکێشـانی ئـەو کەسـانەی حـەز دەکـەن ببنـە ئەندامـی کڵێسـا، وە بابەتێکـە ڕۆژ بـە ڕۆژ گفتوگـۆی زیاتـری لەسـەر دەکرێـت.

چاوەڕوانـی ئـەوە ناکـەم لەگـەڵ هەمـوو ئـەوە هـاوڕا بیـت کـە لـەم کتێبـەدا نـووسراوە؛ زۆر شـت لێـرەدا هەیـە کـە بـاوەڕداران ڕای جیاوازیـان لەسـەری هەیـە، بـەڵام مـن هیـوادارم وەک سـەرچاوەیەکی سـوودبەخش ببینیـت بـۆ ئەندامانـی کڵێسـاکەت، تەنانـەت وێـڕای ئـەو خاڵانـەش کـە مـن و تـۆ لەسـەری ڕای جیاوازمـان هەیـە. کـێ دەزانێـت، ڕەنگـە لـە کۆتاییـدا بگەینـە ئـەوەی مـن تـۆ ڕازی بکـەم! مـن زۆر سـوودمەند بـووم لـەوەی کتێبێکـم داوەتـە ئەندامێکـی کڵێسـا کـە تەنانـەت بـە تـەواوی لەگـەڵ بیرکردنـەوەی منیـش هـاوڕا نەبـووە؛ بـەلای کەمـەوە، ئەمـە هانیـان دەدات بـۆ بیرکردنـەوە لـە بابەتـی مەبەسـت.

لـە تـەواوی کتێبەکـەدا ئـەو سـێ خوێنـەرەم لەبەرچـاو گرتـووە، وە لەنێویـدا

وەڵامی کۆمەڵێک پرسیارم داوەتەوە. سەرەتا، لە بەشی یەکەم وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە: «لەئاوهەڵکێشان چییە؟» بەشی دووەم وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: ”پێویستە کێ لە ئاو هەڵبکێشرێت؟“ وە بەشی سێیەم هەڵسەنگاندنێک بەگوێرەی کتێبی پیرۆز دەکات بۆ لەئاوهەڵکێشانی منداڵان. هەروەک لە بەشی چوارەم ڕوونی دەکەمەوە کە کتێبی پیرۆز وای دادەنێت کە لەئاوهەڵکێشان -لەئاوهەڵکێشانی باوەڕدار- پێویستییەکە بۆ ئەندامییێتیی کڵێسا. وە بەشی پێنجەم چارەسەری چەند حاڵەتێک دەکات کە باوەڕداران بە «لەئاوهەڵکێشان»ی دادەنێن کەچی ئاواش نییە. وە لە کۆتاییدا، بەشی شەشەم چەند ڕێنوێنییەکی کرداری لەخۆدەگرێت بۆ کڵێسا دەربارەی چۆنیەتی لەئاوهەڵکێشانی باوەڕدار.

شایانی باسە کە بەر لە نووسینی ئەم کتێبە بچووکە، کتێبێکی گەورەم نووسیوە بە ناونیشانی «ئاشکرابوون: بۆچی ئەندامییێتیی کڵێسا پێویستی بە لەئاوهەڵکێشانە؟“[a] ئەم کتێبە بە درێژی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لەگەڵ ڕابەرانی کڵێسا دەکات، هەروەک چڕ دەبێتەوە لەسەر ئەم پرسیارەی کە لەگەڵ ناونیشانەکەیدا هاتووە. لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەمدا زۆر شتم لە کتێبە گەورەکەم وەرگرتووە، هەروەها چەند شتێکیش لە بەشی پێنجەم، وە کەمێکیش لە بەشەکانی دیکەی ئەم کتێبە لەوەوە وەرمگرتووە. سوپاسی لایەنی بڵاوکار دەکەم کە ڕێیان پێدام بۆ ئەم بەکارهێنانە.

خوێنەری خۆشەویست، سوپاست دەکەم بۆ تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە، وە نوێژ دەکەم بۆ ئەوەی یارمەتیدەرت بێت لە شوێنکەوتنی عیسای مەسیح و یارمەتیدانی کەسانی دیکەش لە هەمان بابەتدا.

---

a Going Public: Why Baptism Is Required for Church Membership (B&H Academic, 2015).

# بەشی یەکەم

# لەئاوهەڵکێشان چییە؟

چـی دەکەیـت ئەگـەر لـە مەلەوانگـە پشـوو بدەیـت و برادەرێکـت لەپـڕ لـەدواوە پاڵـت بنێـت بـۆ ژێـر ئاوەکـە؟ ڕەنگـە بیبەخشـیت؛ ئـەوە کاردانەوەیەکـی باوەڕدارانەیـە، یـان ڕەنگـە هەمـان شـتی لەگـەڵ بکەیتـەوە، وە ڕەنگـە بابەتەکـە گـەورە بکەیـت و چـاوەڕێ بکەیـت هەتـا برادەرەکـەت لـە مەلەوانگەکـە دێتـە دەرەوە و خـۆی وشـک دەکاتـەوە و تـۆش دووبـارە دەیخەیتـەوە نـاو مەلەوانگـە. کامەیـان دەکەیـت؟

بـا پێشـنیاری هەڵوێسـتێکی دیکـەت بـۆ بکـەم: ئـەی ئەگـەر برادەرەکـەت پاڵـت بنێـت بـۆ ژێـر ئاوەکـە و بڵێـت: ”مـن لەئـاوت هەڵدەکێشـم...“؟ پێـم وایـە کـە بـە شـێوەیەک تەماشـا ئـەو شـتە دەکەیـت کـە برادەرەکـەت کردوویەتـی ڕاسـت نییـە، ئەمـە لەپـاڵ ئـەوەی نامۆیـە، هەرچەنـدە تێگەیشـتنت بـۆ لەئاوهەڵکێشـان سـنووردار بێـت؛ تـۆ لـە ئـاو هەڵنەکێشراویـت، بەڵکـو تەنهـا نقـوم بوویـت.

بـەڵام ئـەم نقومبوونـە چـۆن دەبێتـە لەئاوهەڵکێشـان؟ بێگومـان پێویسـتە لایەنـی لەنـاکاو لابدرێـت، بـۆ ئـەوەی بەشـداریکردن لـە ڕووداوەکـە بـە خۆبەخشـی و هۆشـیاریی تـەواوەوە بێـت. بـەڵام ئایـا هەندێـک لـە کڵێسـاکان کۆرپـە لـە ئـاو هەڵناکێشـن؟ وە منداڵان پێویسـتی لەئاوهەڵکێشـانیان پشتڕاسـت ناکەنـەوە. ئـەی ئـەو کەسـەی لەئاوهەڵکێشـانەکە ئەنجـام دەدات؟ ئایـا پێویسـتە برادەرەکـەت شـوانی کڵێسـا بێـت؟ وە ئایـا پێویسـتە ئـەم کـردارە لـە باڵەخانـەی کڵێسـا بێـت لەبـری مەلەوانگـە؟

### لەئاوهەڵکێشان...

ئـەم بەشـە وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەداتـەوە: «لەئاوهەڵکێشـان چییـە؟»، بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز دەسـت دەکـەم بـە ڕوونکردنـەوەی لەئاوهەڵکێشـان و بەرگریکـردن لێـی،

ئینجا باسی ئەو شتانە دەکەم کە پێچەوانەیە لەگەڵ تێگەیشتن لە لەئاوهەڵکێشان. وە ئەگەر خۆت بەدوور دەگریت لە لەئاوهەڵکێشان لەبەر ئەوەی لە واتاکەی دڵنیا نیت، هیوادارم ئەم بەشە دڵنیاییت پێ ببەخشێت و ڕێگات لەبەردەم خۆش بکات بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی ڕاسپاردەی مەسیح بیت بۆ لەئاوهەڵکێشان.

لەئاوهەڵکێشان کارێکە کڵێسا ئەنجامی دەدات بۆ پشتڕاستکردنەوە و نیشاندانی یەکبوونی باوەڕدار لەگەڵ مەسیح بە نقومکردنی لەنێو ئاودا، وە کرداری باوەڕدارە بۆ بە ئاشکرا دەرخستنی پەیوەستبوونی بە مەسیح و گەلەکەیەوە. بەم شێوەیە باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا یەکدەگرێت و لە جیهان جیا دەبێتەوە. با دەربڕین بە دەربڕین لەم پێناسەیە بکۆڵینەوە و بزانین هەر یەکەی چۆن لە کتێبی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە.

## کارێکە کڵێسا ئەنجامی دەدات

لەئاوهەڵکێشان بە کارێکی تایبەتی کڵێسا دادەنرێت.[a] سەرەتا بیر لەو ڕاستییە بکەوە کە لەئاوهەڵکێشان شتێکە کەسێک بۆ کەسێکی دەکات؛ واتا کەس بەخۆی خۆی لە ئاو هەڵناکێشێت، دەبێت دوو لایەن لە کارەکەدا بەشدار بن. لەبەر ئەوە بوونی هەر لایەنێک ئەو ڕاستییە بۆ لایەنەکەی دیکە و بۆ جیهان و دەوروبەریان ڕادەگەیەنێت.

ئەمڕۆ خەڵکی پێیان وایە کە لەئاوهەڵکێشان هێمایەکە کەسەکان بە بڕیارێکی کەسیی هەڵیدەبژێرن بیخەنە سەر خۆیان، وەک ئەوەی پۆشاکێکە لە بازاڕ دەیکڕن و بە ئاشکرا لەبەری دەکەن. ئیتر ناسنامەی ئەو کەسەی لەئاوی هەڵدەکێشێت هیچ گرنگی نامێنێت، وەک ئەو فرۆشیاری پۆشاکە لە کاتی وەرگرتنی پارە. وە پێیان وایە کە هەر باوەڕدارێک دەتوانێت لە هەر شوێنێک لە ئاو هەڵبکێشرێت، چونکە سەرنجەکە لەسەر لەئاوهەڵکێشەر نییە، بەڵکو لەسەر کەسی لەئاوهەڵکێشراوە.

a لەم بەشەدا پوختەیەک وەرگیراوە لە بەشەکانی سێیەم و چوارەمی کتێبی:

Jonathan Leeman, Don‘t Fire Your Church Members: The Case for Congregationalism (Nashville: B&H, 2016).

بـەو شـێوەیە سـەرنج دەچێتـە سـەر کەسـەکە بـۆ ئـەوەی "بەتەنهـا" خـۆی بڕیـار بـدات کـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت، وە «تەنهـا» خـۆی ڕایدەگەیەنێـت ئـەو «خـۆی لەگـەڵ عیسـا یەکیگرتـووە». بیـر لـە فلیپـۆس و پیـاوە خەسـاوە حەبەشـییەکە بکـەوە کـە لـە بەشـی هەشـتەمی سـیپارەی کـرداری نێـردراوان باسـکراوە. پیـاوە خەسـاوەکە داوای لەئاوهەڵکێشـانی لـە فلیپـۆس کـردووە و فلیپۆسـیش بەدەنـگ داواکارییەکەیـەوە هاتـووە. بـەڵام ئایـا شـتەکە ئەوەنـدە سـادەیە؟

لەڕاسـتیدا پەیمانـی نـوێ وێنەیەکـی تەواوتـر لەمەمـان نیشـان دەدات، وە ئـەوەی لـە بەشـی هەشـتەمی سـیپارەی کـرداری نێردراوانـدا هاتـووە شـتێکی تایبەتـی لـە بنەمـا بـەدەرە، نـەک خـودی بنەماکـە. پێویسـتە لـە سـیپارەی (مەتـا ١٦ و ١٨)ەوە دەسـت پـێ بکەیـت نـەک لـە سـیپارەی کـرداری نێردراوانـەوە، کـەوا عیسـای مەسـیح کلیلەکانـی شانشـینی دایـە نێـردراوە یەکەمینـەکان و بـۆ ئـەوەی ئەوانیـش بیدەنـە کڵێسـا نێوخۆییەکانـی پـاش خۆیـان. ئـەم کلیلانـەی شانشـین بـۆ ئەوەیـە کـە هەرچـی لـە ئاسـمان بەسـتراوە ئـەوان لەسـەر زەوی ببەسـتن، وە ئـەوەی لـە ئاسـمان کراوەتـەوە لەسـەر زەوی بیکەنـەوە. ئـەوەش واتـا نێـردراو و کڵێسـا کـە کۆدەبنـەوە دەسـەڵاتیان هەیـە بـۆ ڕاگەیاندنـی بڕیارێـک لەبـری عیسـای مەسـیح. بیـر لـەوە بکـەوە کـە دادوەر دەیـکات لـەو کاتـەی بـە چەکوشـەکەی بـە مێزەکـەی بەردەمیـدا دەکێشـێت؛ دادوەر بڕیـار نانووسـێت، بەڵکـو تەماشـای دەکات و تەماشـای بەڵگـەکان دەکات، ئینجـا پاشـان بـە ئاشـکرا بڕیارێـک ڕادەگەیەنێـت کـە دەبێـت پێیـەوە پەیوەسـت بـن.

عیسـا دەسـەڵاتێکی هاوشـێوەی دەسـەڵاتی دادوەری بـە کڵێسـاکان بەخشـیوە کـە کۆدەبنـەوە بـۆ ڕاگەیاندنـی فەرمـی شـتێک، وە نەیـداوە بـە تاکـی بـاوەڕداران. سـەرنج لـەوە بـدە کـە عیسـای مەسـیح لـە (مەتـا ١٨: ٢٠) دەفەرموێـت: "چونکـە لـە هەرکوێیەک دوو یـان سـێ کـەس بـە نـاوی منـەوە کۆببنـەوە، مـن لـەوێ لەنێوانیانـدا دەبـم". لێـرەدا عیسـا مەبەسـتی کۆمەڵـەی بچووکـی نێـو مـاڵان[a] نییـە، وە بـە ئامادەبوونـی لەنێویـان مەبەسـتی لـە ئەزموونـی سـۆفیگەرانە یـان حاڵەتێکـی ڕۆحـی نییـە، بەڵکو ئەگـەر دەقەکە بخوێنیتـەوە (بـە تایبەتـی ئایەتەکانـی ١٨-١٩)، دەبینیـت کـە عیسـا دەڵێـت دەسـەڵاتی

a کۆبوونەوەی چەند باوەڕدارێک لە ماڵەوە - وەرگێڕ.

ئاسمانی دراوه بەو کڵێسایانەی کۆ دەبنەوە. کڵێسا بەلای کەم کۆبوونەوەی دوو یان سێ کەسە لەوانەی شایەتی بۆ ناوی مەسیح دەدەن. وە مەسیح لەلای ئەو جۆرە کۆمەڵانە ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی ڕایانبسپێرێت بە ناوی ئەوەوە قسە بکەن.

پێویستمان بە هەموو ئەوەیە بۆ ئەوەی لەوەش تێبگەین کە لە نێردراوییێتی مەزندا هاتووە لە سپارەی مەتا بەشی ٢٨. عیسا سەرەتا بەبیرمان دەهێنێتەوە کە هەموو دەسەڵاتی ئاسمان و سەر زەوی بەو دراوە (ئایەتی ١٨)، ئینجا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت بە لەئاوهەڵکێشان و بەقوتابیکردن بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز (ئایەتی ١٩)، وە پاشان ئەو فێرکردنەی پێی ڕاسپێردراوە پێیان دەدات، ئەوەی لە خزمەتی فێرکردنی تایبەت بە کڵێسای نێوخۆیی پەیڕەو دەکرێت (ئایەتی ٢٠). وە لە کۆتاییدا، ئامادەبوونی خۆی بۆیان دووپات دەکاتەوە کە دەسەڵات بە کڵێسا دەبەخشێت، کاتێک دەفەرموێت: ”من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان“ (ئایەتی ٢٠). بەو شێوەیە، عیسای مەسیح لە دەقی نێردراوییێتی مەزندا لە (مەتا ٢٨) بڕیار و ڕاسپاردەکانی باس کردووە کە لە هەمان سپارەدا لە بەشەکانی ١٦ و ١٧ هاتووە؛ کاتێک لە بەشی کۆتاییدا عیسا ئەم قسانەی کردووە ئەوەی لەبیر نەکردووە کە لە بەشەکاتی پێشوودا گوتوویەتی، وە پێویستە ئێمەش لەبیری نەکەین.

ئەم پرسیارە دەمێنێتەوە: کێ دەسەڵاتی لەئاوهەڵکێشانی هەیە؟ هەر باوەڕدارێک دەتوانێت ئەو کارە بکات؟ با بڵێین ئەگەر تۆ نێردراویت بۆ ئەوەی مزگێنی بدەیت، وە هیچ باوەڕدارێکی دیکە لەو شوێنەدا نییە. لەم حاڵەتەدا، هیچ بژاردەیەکت نییە، خۆت کاری لەئاوهەڵکێشان ئەنجام بدە؛ لەو شوێنەی کڵێسای لێ نییە، لەوێ تۆ کڵێسایت. وە ئەوەی هاتووە لە سپارەی کرداری نێردراوان بەشی ٨ وەک نموونەیەکە بۆ ئەوەی لەم حاڵەتەدا پەیڕەوی بکەیت. بەڵام لە هەمان کاتدا لەبیرت بێ کە عیسا زۆر بە ڕوونی ئامادەبوونی خۆی کە دەسەڵات بە کڵێسا دەبەخشێت بەستووەتەوە بە کڵێساوە؛ یان دوو کەس یان سێ کە (یان دووسەد یان سێسەد) بە ناوی ئەو پێکەوە کۆدەبنەوە. لەبەر ئەوە پێویستە کە کڵێسا دەسەڵاتی هەبێت بۆ لەئاوهەڵکێشان، لەگەڵ ئەوەی یەک کەس لە کڵێسا ئەو کارە بەڕێوە دەبات، بەڵام ئەو ڕۆڵی نوێنەری کڵێسا دەگێڕێت؛ لەئاوهەڵکێشان کارێکی تایبەتە بە تەواوی کڵێسا.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە کڵێسا دەسەڵاتی هەیە ڕێگری لە کەسێک بکات لەئاوهەڵبکێشرێت کە نیشانەکانی باوەڕی تێدایە؛ سەرنج بدە (کرداری نێردراوان ١١: ١٧-١٨)، بەڵکو واتای ئەوەیە کە سروشتییە کۆبوونەوەی کڵێسا لەبەرچاو بگیردرێت، ئەو کەسەی لەئاوهەڵدەکێشرێت هەر تەنها ئەو نییە کە ڕایدەگەیەنێت، بەڵکو لەئاوهەڵکێشەکە پشتڕاستیشی دەکاتەوە و بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت، جا ئەوە بە «فەرمی» لەسەر زەوی تۆمار دەکرێت هەروەک لە ئاسمان. ئەمەش دەمانگەیەنێتە خاڵی دووەم.

## دووپاتکردنەوە و نیشاندانی یەکبوونی باوەڕدار لەگەڵ مەسیح

بە دیاریکراوی کڵێسا بە لەئاوهەڵکێشان چی ڕادەگەیەنێت؟ کڵێسا باوەڕی کەسەکە بە مەسیح دووپات دەکاتەوە، وە بەگوێرەی توانای دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو کەسەی دەڵێت کە لەگەڵ مەسیح یەکیگرتووە لە مردن و هەستانەوەی بەڕاستی لەگەڵی یەکیگرتووە، هەروەک مۆرکردنێکی ئاشکرا و بەرچاو دەکات لەسەر ئەو ڕاستییە ڕۆحییە شاراوەیە.

باوەڕ بە مەسیح یەکمان دەخات بۆ ئەوەی هەموو بەرەکەتەکانی مردن و هەستانەوەکەی ئەزموون بکەین، بەڵام لەئاوهەڵکێشان ئاماژەیەکی بینراوە بۆ ئەمە. بیر لەم ئایەتانەی کتێبی پیرۆز بکەوە:

> ئایا نازانن ئێمە هەموومان کە بە لەئاوهەڵکێشان لەگەڵ عیسای مەسیح یەکمانگرتووە، هەروەها لە مردنەکەشیدا یەکمانگرتووە؟ بۆیە بە لەئاوهەڵکێشان لەگەڵ ئەو بۆ مردن نێژراین، تاکو چۆن مەسیح لەنێو مردووان بە شکۆی باوکەوە هەستایەوە، ئێمەش ژیانێکی نوێ بژین (ڕۆما ٦: ٣- ٤).
>
> بەڵام دوای هاتنی باوەڕ، ئێمە ئیتر لەژێر سایەی تەمبێکار نین. هەمووتان لە ڕێگەی باوەڕەوە ڕۆڵەی خودان، بەو یەکبوونەی کە لەگەڵ عیسای مەسیحدا هەتانە، چونکە کاتێک لە ئاو هەڵکێشران، هەمووتان لەگەڵ مەسیح یەکتانگرت و مەسیحتان وەک جلوبەرگێک لەبەرکرد (گەلاتیا ٣: ٢٥-٢٧).

لەئاوهەڵکێشـان ئاماژەیـە بـۆ جێبەجێکردنـی پەیامـی ئینجیـل؛ واتـا ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی ئـەو کەسـە وازی لـە گوناهەکانـی هێنـاوە و بە بـاوەڕ لەگـەڵ مەسـیح یەکیگرتووە. هــەروەک لەئاوهەڵکێشــان نــەک تەنهــا ئــەو ڕاســتییە پشتڕاســت دەکاتــەوە، بەڵکــو وێناکردنیشـییەتی. بیـر لـە مردنـی مەسـیح و ناشـتن و هەسـتانەوەی بکـەوە، سـەرنج بـدە چـۆن لەئاوهەڵکێشـان بـە ئاشـکرا وێنـای یەکگرتنـی کەسـێک دەکات لـە مردنـی مەسـیح و ناشـتن و هەسـتانەوەی لـەو کاتـەی ئـەو کەسـە لەژێـر ئـاو دەنێژرێـت و هەڵدەسـتێتەوە.

وە لەبــەر ئــەوەی لەئاوهەڵکێشــان وێناکردنــی یەکگرتنمانــە لەگــەڵ مەســیح، ئــەوا وێناکردنــە لەگــەڵ ئــەو ســوودانەی ئــەم یەکگرتنــە؛ بــە یەکبــوون لەگــەڵ مەســیحدا، گوناهەکانمــان بەخــشران و لێــی پاکبووینــەوە. بــەم شــێوەیە لەئاوهەڵکێشــان ئاماژەیــە بــۆ دوو شــت پێکــەوە. لەبــەر ئــەوە پەتــرۆس بــەو خەڵکــەی گــوت کــە لــە ڕۆژی پەنجایەمیـن کۆببوونـەوە: «تۆبـە بکـەن، بـا هەریەکەتـان بـە نـاوی عیسـای مەسـیحەوە لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت بـۆ لێخۆشـبوونی گوناهەکانتـان" (کـرداری نێـردراوان ٢: ٣٨). وە پۆڵـس کـە تـازە بـاوەڕی هێنابـوو، حەنانیـا پێـی گـوت: "هەسـتە لـە ئـاو هەڵبکێـشرێ و بـە پاڕانـەوە بـە نـاوی ئـەو گوناهەکانـت بشـۆرەوە" (کـرداری نێـردراوان ٢٢: ١٦). سـەرباری ئەمـە، بـە مەسـیح ژیانـی نـوێ ئەزمـوون دەکەیـن و ڕۆحـی پیـرۆز بەهێـزی دەکات، کـەوا هەسـتانەوە لـە لەئاوهەڵکێشـان وێنـای ئـەو ژیانـە نوێیـە دەکات (ڕۆمـا ٦: ٤؛ کۆلۆسـی ٢: ١١-١٢). وە بـە هەمـوو ئەوانـە، کڵێسـا دووپاتـی دەکاتـەوە کـە ئـەو کەسـەی دانـی بـە باوەڕەکەیـدا نـاوە، بەڕاسـتی لەگـەڵ مەسـیحدا یەکگرتـووە، وە ئـەو یەکگرتـن و سـوودانەی بـە شـێوەیەکی کاریگـەر نیشـان دەدات.

## بە نقومکردنی لەنێو ئاودا

چـۆن کڵێسـایەک یەکگرتنـی کەسـێک لەگـەڵ مەسـیح دووپـات دەکاتـەوە و نیشـان دەدات؟ بـە نقومکردنـی لەنێـو ئـاودا. وشـەی «بابتیـزۆ»ی یۆنانـی کـە وەردەگێڕدرێـت بـۆ «لەئاوهەڵکێشـان»، ڕێـک ئـەم واتایـەی هەیـە: لەنـاو ئـاو نقـوم بکرێـت یـان لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت و بـە تـەواوی بخرێتـە ژێـر ئـاو. وە بـەردەوام پەیمانـی نـوێ نیشـانمان دەدات کـە لەئاوهەڵکێشـان نقومکردنـە؛ باسـی یەحیـای لەئاوهەڵکێشـمان بـۆ دەکات

کـە خەڵکـی لـە ئـاو هەڵدەکێشا: ”لـە ئەینونـی نزیـک شـاری سـالیم خەڵکـی لـە ئـاو هەڵدەکێشـا، چونکـە لـەوێ ئـاو زۆر بـوو“ (یۆحەنـا ٣: ٢٣)، وە هیـچ بەڵگەیـەک نییـە کـە ئـەو لەئاوهەڵکێشـانەی قوتابییەکانـی مەسـیح کردوویانـە پێویسـتی بـە ئـاوی کەمـتر بووبێـت لـە نقومکـردن.

سـەرباری ئەمـە، خەسـاوە حەبەشـەییەکە لـەو کاتـەی لەسـەر گالیسـکەکەی بـوو و بـاوەڕی بـە مەسـیح هێنـا بـە فلیپۆسـی گـوت: «ئـەوە ئـاوە، چـی ڕێـم لـێ دەگرێـت لـە ئـاو هەڵبکێشرێـم؟“ (کـرداری نێـردراوان ٨: ٣٦). هـەروەک ئـەوەش دەخوێنینـەوە: «ئینجـا فەرمانـی دا گالیسـکەکە ڕاوەسـتێ، ئەوسـا پێکـەوە چوونـە نـاو ئاوەکـە و فیلیپـۆس خەسـاوەکەی لـە ئـاو هەڵکێشـا. کاتێـک لـە ئاوەکـە هاتنـە دەرەوە، ڕۆحـی یـەزدان فیلیپۆسـی ڕفانـد و ئیـتر خەسـاوەکە نەیبینییـەوە، بـەڵام بـە خۆشـییەوە بـە ڕێـگای خۆیـدا ڕۆیشـت“ (کـرداری نێـردراوان ٨: ٣٨-٣٩). وا دیـارە کـە لەئاوهەڵکێشـان پێویسـتی بـە ئـاوی زیاتـر بـووە لـەوەی لەنـاو گالیسـکەکە لەلایـان بـووە، ئەمـە وای کـرد دابـەزن بـۆ نـاو ئاوەکـە.

لـە کۆتاییـدا، باسـکردنی پۆڵـس بـۆ لەئاوهەڵکێشـان کـە تێیـدا وێنـای مردنـی بـاوەڕدار دەکات لەگـەڵ مەسـیح و ناشـتن و هەسـتانەوەی لەگەڵیـدا ئەوەیـە کـە لەئاوهەڵکێشـان نقومبوونـە لەنـاو ئـاو (ڕۆمـا ٦: ١-٤). بـەم شـێوەیە لەئاوهەڵکێشـان بـە وێناکردنێکـی هەسـتپێکراو دەبێـت بـۆ ناشـتن و هەسـتانەوە کـە پیشـاندەری یەکگرتنمانـە لەگـەڵ مەسـیح بـە مـردن و هەسـتانەوەی ئـەو. ئـەوە هەڵدێنجیـن کـە کڵێسـا یەکگرتنـی بـاوەڕدار لەگـەڵ مەسـیح دووپـات دەکاتـەوە و ڕاسـتی ئەمـە وێنـا دەکات بـە نقومکردنـی لەنێـو ئـاودا.

## کرداری باوەڕدارە

بێگومـان، لەئاوهەڵکێشـان کارێـک نییـە تەنهـا کڵێسـا بیـکات، بەڵکـو باوەڕداریـش دەیـکات؛ کڵێسـا لـە ئـاو هەڵدەکێشـێت، بـاوەڕدار لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـت. سـەرنج بـدە لـە کاردانـەوەی ئـەو کەسـانەی لـە ڕۆژی پەنجایەمینـدا گوێیـان لـە وتـاری پەتـرۆس بـوو:

کاتێــک ئامادەبــووان گوێیــان لــەم قســانە بــوو، کاری کــردە ســەر دڵیــان، بــە پەتــرۆس و نێردراوانــی دیکەیــان گــوت: «برایــان، چــی بکەیــن؟» پەتــرۆس وەڵامــی دانــەوە: «تۆبــە بکــەن، بــا هەریەکەتــان بــە نــاوی عیســای مەســیحەوە لــە ئــاو هەڵبکێشرێــت بــۆ لێخۆشــبوونی گوناهەکانتــان و ڕۆحــی پیــرۆز بــە دیــاری وەردەگــرن. ئــەم بەڵێنــەش بــۆ خۆتــان و منداڵەکانتــان و بــۆ هەمــوو ئەوانەیــە کــە دوورن و یەزدانــی پەروەردگارمــان بانگیــان دەکات.» ... ئەوانــەی کــە قســەکەیان وەرگــرت لــە ئــاو هەڵکێــشران، لــەو ڕۆژەدا نزیکــەی ســێ هــەزار کــەس هاتنــە ڕیــزی باوەڕدارانــەوە (کــرداری نێــردراوان ٢: ٣٧-٣٩، ٤١).

ئــەو کەســانە لــە ئــاو هەڵکێــشران کــە تۆبەیــان لــە گوناهەکانیــان کــرد و متمانەیــان بــە مەســیح کــرد. لەئاوهەڵکێشــان یەکــەم کاری ئاشــکرای بــاوەڕە کــە تێیــدا مەســیح وەک پــەروەردگار و ڕزگارکــەر قبــووڵ دەکات. ئەگــەر باوەڕداریــت بــە مەســیح، بزانــە کــە عیســا ڕاتدەســپێرێت بــەوەی لــە ئــاو هەڵبکێشرێیــت؛ ئــەوە پێویســتە لەســەرت، کــە هیــچ کەســێک ناتوانێــت لەبــری تــۆ بیــکات.

ئەمــە ســەرباری ئــەوەی لەئاوهەڵکێشــان بــۆ کەســی بێبــاوەڕ نییــە. لەئاوهەڵکێشــان دووپاتکردنەوەیــە لەســەر یەکگرتنــی بــاوەڕدار لەگــەڵ مەســیح و وێناکردنــی. لەبــەر ئــەوەی ئــەو کەســەی بــە بــاوەڕ لەگــەڵ مەســیح یەکینەگرتــووە، ناتوانێــت ئەنجامــی بــدات.

## بە ئاشکرا دەرخستنی پەیوەستبوونی بە مەسیح

لــە لەئاوهەڵکێشــاندا بــاوەڕدار چــی دەکات؟ ئــەو بــە ئاشــکرا خــۆی بــە مەســیحەوە پەیوەســت دەکات؛ لەئاوهەڵکێشــان شــوێنی تۆمارکردنــی خۆتــە لــە نێــو بــاوەڕداران بــە مەسیح. وە ئامرازێکــە تێیــدا بــە ئاشــکرا دان بــە باوەڕتــدا دەنێیــت بــە عیســای مەســیحی پــەروەردگار و ملکەچبوونــت بــۆی.

کتێبــی پیــرۆز فەرمانمــان پــێ دەکات لــە کاتــی بەدەنگەوەهاتــن بــۆ پەیامــی ئینجیــل لــە ناخــەوە و لــە دەرەوە ڕوو لــە مەســیح بکەیــن؛ ئــەوەی لــە دەرەوە دیــار دەبێــت

ئەوەیـە کـە لـە ناخدایـە. بـەم شـێوەیە لەئاوهەڵکێشـان ئەنجـام دەدرێـت: بـە ئاشـکرا و لەبـەردەم شـایەتحاڵان. سـەرنج لەوانـە بـدە کـە لـە ڕۆژی پەنجایەمینـدا تۆبەیـان کـرد و لـە ئـاو هەڵکێـشران؛ هەمـوو ئەوانـەی لـە کۆمەڵـە خەڵکەکـە هاتنـە پێشـەوە بـۆ ئـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن نیشـانەی شـوێنکەوتەی عیسـای مەسـیحیان خسـتە سـەر خۆیـان.

ئەمـە ڕێـک ئەوەیـە کـە عیسـا دەیویسـت – شـوێنکەوتنێک کـە هەمـووان ببینـن. "ئـەوەی لەبـەردەم خەڵـک دانـم پێـدا بنێـت، منیـش لـەلای باوکـم کـە لـە ئاسـمانە، دانـی پێـدا دەنێـم. بـەڵام ئـەوەی لـەلای خەڵـک نکۆڵـی لـە ناسینی مـن بـکات، منیـش لـەلای باوکـم کـە لـە ئاسـمانە، نکۆڵـی لـێ دەکـەم" (مەتـا ١٠: ٣٢-٣٣). شـتێک نییـە بـە نـاوی شـوێنکەوتەی  نهێنـی عیسـا، ئـەوەی شـوێنی عیسـا دەکەوێـت بـە ئاشـکرا و لەبەرچـاوی هەمـووان شـوێنی دەکەوێـت. وە بـە لەئاوهەڵکێشـان لەبـەردەم کڵێسـا و لەبـەردەم جیهـان خۆمـان ڕادەگەیەنیـن کـەوا ئێمـە موڵکـی عیسـاین. ئـەو دەیەوێـت تیشـک بخاتـە سـەر شـوێنکەوتەکانی خـۆی بـۆ ئـەوەی جیهـان لـە وێنـەی ئەوانـدا ببینـن. بـە لەئاوهەڵکێشـان، لەژێـر ئـەم ڕووناکییـەدا ڕادەوەسـتین.

ئەگـەر دوودڵ بوویـت بەرامبـەر بـە ئاشـکراکردنی بـاوەڕت، بڕوانـە لەئاوهەڵکێشـان وەک جۆرێـک لـە یارمەتـی نـەک ڕێگـری. عیسـا بابەتەکـەی نەهێشـتووەتەوە بـۆ ئازایەتیـت یـان داهێنانـی تـۆ بـۆ ئـەوەی ڕاییگەیەنیـت کـە تـۆ بـاوەڕت بـە مەسـیح هێنـاوە، بەڵکـو ئامـرازی ئـەوەی بـۆ داناویـت و بـۆی ئاسـان کردوویـت. هەمـوو ئـەوەی لەسـەرتە بیکەیـت داننانـە بـە بـاوەڕت بـە مەسـیح و ڕاگرتنـی هەناسـە و خـۆ بـە پشـتا خسـتنە بـۆ نێـو ئاوەکـە.

بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان تەنهـا ڕاگەیاندنـی پەیوەسـتبوونێک نییـە کـە پێشـتر کـراوە، بەڵکـو خـودی کـرداری پەیوەسـتبوونەکەیە. وە پەتـرۆس بـە وێناکردنـی جۆرێـک لـە بـەراورد باسـی نـوح و خێزانەکـەی بـۆ کردوویـن کـە بـە ڕێـگای ئـاوی حوکمدانـەوە ڕزگاریـان بـوو: "ئەمـەش هێـمای لەئاوهەڵکێشـانە کـە ئێسـتا ڕزگارتـان دەکات، نـەک سـڕینەوەی پیسـی جەسـتە، بەڵکـو بەڵێنـی ویژدانێکـی بـاش بـۆ خـودا، بـە هەسـتانەوەی

عیسای مەسیح“ (یەکەم پەترۆس ٣: ٢١). وە بەوەی کە دەڵێت لەئاوهەڵکێشان ”ڕزگارتان دەکات“ ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوەی ڕزگارمان دەکات خودی ئاوی شوشتنەکە نییە، بەڵکو ئەو باوەڕەیە کە لەئاوهەڵکێشان دەریدەبڕێت. ئەوە هەستانەوەی مەسیحە کە هێز بەو باوەڕە دەبەخشێت. وە خودی باوەڕەکە توانا یان هیچ چاکەیەکی تێدا نییە. لە ڕاستیدا، ئێمە بە باوەڕمان دەستدەگرین بە مەسیحی هەستاوە لەنێو مردووان.

دەستەواژەی ”بەڵێنی ویژدانێکی باش» دەکرێت وەکو پاڕانەوە یان بەڵێن یان هەردووکیان وەربگرین. وە پێم وایە هەردووکیان واتای لەئاوهەڵکێشان دەگەیەنن تەنانەت ئەگەر ئەم ئایەتەی کتێبی پیرۆز زیاتر جەخت لە یەکێکیشیان بکاتەوە. لەئاوهەڵکێشان پاڕانەوە و نوێژێکە تێیدا باوەڕدار دەنگی بەرز دەکاتەوە و داوا دەکات: «ڕزگارم بکە، ئەی عیسای پەروەردگار!» وە بە لێکچوون بە مەسیح لە مردن و هەستانەوەی، باوەڕدار بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت کە مەسیح ڕزگارکەریەتی، داوا لە خودا دەکات کە بەڵێنی ڕزگارییەکەی بهێنێتە دی.

هەروەها لەئاوهەڵکێشان بەڵێنێکە بەوەی کە تۆ بە ئاشکرا پەیمان دەدەیت بە ملکەچبوون بۆ مەسیح وەک پەروەردگار. لەئاوهەڵکێشان بە ناوی عیسای مەسیحەوە (مەتا ٢٨: ١٩)، واتای ئەوەیە ملکەچی دەسەڵاتەکەی بیت. لەئاوهەڵکێشان پەیمانی گوێڕایەڵییە بۆ عیسای پاشا، وە ڕاگەیاندنی ئاشکرایە بۆ دڵسۆزبوون بۆی. بەو تێگەیشتنە، لەئاوهەڵکێشان بە بەڵێنێک دادەنرێت بۆ ملکەچبوون بۆ هەموو ڕاسپاردەکانی مەسیح و وەک ئەوەی کەسی لەئاوهەڵکێشراو لە خوارەوەی ڕێکەوتنەکە واژوو دەکات کە نووسراوە ”کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون“ (مەتا ٢٨: ٢٠). ناتوانیت مەسیح وەک ڕزگارکەر قبووڵ بکەیت بەبێ ئەوەی بە پەروەردگار قبووڵی بکەیت. بەم شێوەیە بە لەئاوهەڵکێشان نیری قورس هەڵدەگرین؛ واتا خاچەکەمان، لە شوێن هەنگاوەکانی عیسا دەڕۆین.

بە لەئاوهەڵکێشان، باوەڕت بۆ خەڵک ئاشکرا دەبێت، وەک ئەوەی کاتێک جلی ئەو تیپە دەپۆشین کە لە ڕیزەکانیدا یاری دەکەین و لەبەردەم جەماوەر

دەچینە نێو یاریگا. لەئاوهەڵکێشان ئەو ڕێگایەیە کە تێیدا باوەڕدار پەیوەستبوونی خۆی بە مەسیح ڕادەگەیەنێت، بە گرتنە باوەشی وەک ڕزگارکەر و شوێنکەوتنی وەک گەورەیەک، بۆ بەرچاو و گوێی هەمووان.

## و گەلەکەیەوە

باوەڕدار بە لەئاوهەڵکێشان تەنها پەیوەست نابێت بە مەسیحەوە، بەڵکو بە گەلی مەسیحیشەوە پەیوەست دەبێت. با دیسان بچینەوە سەر ئەوەی لە ڕۆژی پەنجایەمیندا ڕوویدا: "ئەوانەی کە قسەکەیان وەرگرت لە ئاو هەڵکێشران، لەو ڕۆژەدا نزیکەی سێ هەزار کەس هاتنە ڕیزی باوەڕدارانەوە" (کرداری نێردراوان ٢: ٤١). ئەم کەسانە چوونە پاڵ کێ؟ چوونە پاڵ کڵێسا لە ئۆرشەلیم کە پێشتر ژمارەی ئەندامانی سەد و بیست باوەڕدار بوو (کرداری نێردراوان ١: ١٥). ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی پەنجایەمیندا لە ئاو هەڵکێشران چوونە پێشەوە و جیهانیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت و چوونە پاڵ کڵێسا. ئەوەش حاڵی ئەو کەسە دەبێت کە ئەمڕۆ لە ئاو هەڵدەکێشرێت، یان بەلای کەمەوە پێویستە بەو جۆرە بێت.

متمانە بە عیسای مەسیح بکەین واتا ئەوەی بچینە پاڵ هەموو ئەوانەی متمانەیان پێی هەیە، وە قبووڵی بکەین واتا گەلەکەی قبووڵ بکەین؛ ئینجیل تەنها لەگەڵ خودا ئاشتمان ناکاتەوە (ئەفەسۆس ٢: ١-١٠)، بەڵکو لەگەڵ یەکتریشدا ئاشتمان دەکاتەوە (ئەفەسۆس ٢: ١١-٢٢). وە بە خودا بڵێین «باوکمان» واتا ئەوەی هەموو ئەوانە لەباوەش بگرین کە لەگەڵ ئێمە پێی دەڵێن باوکە بەو پێیەی خوشک و برای ئێمەن. وە لەگەڵ مەسیح یەک بگرین واتا ببینە بەشێک لە جەستەی (یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٢-٢٦؛ ئەفەسۆس ١: ٢٣؛ کۆلۆسی ١: ١٨؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١٠).

لەبەر ئەوە، بە لەئاوهەڵکێشان باوەڕدار پەیمان بە خۆی دەدات بۆ مەسیح و گەلەکەی، وەک ئەوەی جلی تیپی یاریکردن لەبەردەکەیت نەک تەنها بۆ ئەوەی جەماوەرەکە بزانێت لە کامە تیپی، بەڵکو بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی تیپەکە یاری بکەیت. وە بە لەئاوهەڵکێشان لە جیهان دەردەچیت و دەچیتە ناو کڵێسا. هێڵی مامناوەندیمان نییە کە لەگەڵ مەسیح یەکبگریت بەڵام نەچیتە

پـاڵ کڵێسـا؛ یەکگرتنـت لەگـەڵ مەسـیح یەکگرتنـە لەگـەڵ گەلەکـەی. لـە ئەنجامـدا، لەئاوهەڵکێشـان پەیوەسـتبوونە بـە شـوێنکەوتنی مەسـیح بـە هاوشـانی کڵێسـاکەی، کـەوا بـاوەڕدار بـە مەسـیح پەیوەسـتە بـەوەی گەلـی مەسـیحی خۆشـبووێت و خزمەتـی بـکات و ملکەچـی بێـت.

## بەم شێوەیە باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا یەکدەگرێت و لە جیهان جیادەبێتەوە

لـە بەرامبـەردا، کڵێسـا بـە ڕۆڵی خـۆی پەیوەسـتبوونێکی هاوشـێوەی هەیـە بەرامبەر بـە باوەڕدارەکـە. لەئاوهەڵکێشـان باسـی پەیوەسـتبوونی بـاوەڕدار دەکات کـە پوختەکەی ئەمەیـە: «مـن بـەو لەئاوهەڵکێشـانە پەیـمان دەدەم کـە دڵسـۆزی مەسـیح و ئێـوە بـم، بـەو پێیـەی ئێـوە گەلـی ئـەون». لـە کاتێکـدا پەیوەسـتبوونی کڵێسـا پوختەکـەی ئەمەیـە: «وە بەپێـی ئـەو لەئاوهەڵکێشـانە دانپێدانانەکـەت پشتڕاسـت دەکەینـەوە و پەیمانـی دڵسـۆزبوونت پـێ دەدەیـن، بـەو پێیـەی تـۆ ئەندامێکـی جەسـتەی مەسـیحیت». لـە لەئاوهەڵکێشـاندا، بـاوەڕدار قسـە دەکات بـۆ خـودا و بـۆ کڵێسـا، هەروەهـا کڵێسـا لەبـری خـودا قسـە لەگـەڵ باوەڕدارەکـە دەکات.

لەبـەر ئـەوە، کاتێـک کڵێسـا یەکگرتنـی باوەڕدارێـک لەگـەڵ مەسـیح پشتڕاسـت دەکاتـەوە و ئـەو یەکگرتنـە نیشـان دەدات، وە کاتێـک باوەڕدارەکـە خـۆی بـە مەسـیح و گەلەکەیـەوە پەیوەسـت دەکات، ئـەو بـاوەڕدارە لەگـەڵ کڵێسـا یەکدەگرێـت و لـە جیهان جیادەبێتـەوە، وەک ئـەوەی لـە لیسـتی یاریزانـەکان زیـاد بکرێـت و جلـی تیپەکـەی پـێ دەبەخشرێـت بـۆ ئـەوەی بیپۆشـێت. لەئاوهەڵکێشـان بـەوە پێناسـە دەکرێـت ئـەو کەسـەی لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـت بـە شـێوەیەکی ڕاگەیەنـراو بووەتـە بـاوەڕدار. وە بـە لەئاوهەڵکێشـان، کڵێسـا بـە جیهـان دەڵێـت: «تەماشـای ئێـرە بکـەن! ئـەو کەسـە بـووە موڵکـی مەسـیح!» وە لەبـەر ئـەوەی لەئاوهەڵکێشـان کەسـەکە پێناسـە دەکات بـەوەی بـاوەڕدارە بـە مەسـیح، ئـەوا دەسـتپێشـخەری دەکات بـەوەی دەیخاتـە پـاڵ هاوبەشـی کڵێسـا، کـە گەلـی پەیمانـی نوێـی مەسـیحە لەسـەر زەوی.

لـە بەشـی چوارەمـدا بـە شـێوەیەکی قووڵـتر باسـی لەئاوهەڵکێشـان دەکەینـەوە کـە

باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا دەکاتە یەک و لە جیهان جودای دەکاتەوە. بەڵام ئێستا، ئەوە بەسە کە باوەڕدار بە لەئاوهەڵکێشان تەنها بە مەسیحەوە پەیوەست نابێت، بەڵکو بە گەلی مەسیحیشەوە.

## لەئاوهەڵکێشان ... نییە

با تەنها باسی دوو شت بکەم کە لەئاوهەڵکێشان نایکات. یەکەم، تەنها لەئاوهەڵکێشان ڕزگارت ناکات؛ لەبیرت بێت کە پەترۆس لە (یەکەم نامەی ترۆس ٣: ٢١) کاتێک دەڵێت لەئاوهەڵکێشان ڕزگار دەکات، ئاماژەی بەوە نەکردووە کە تەنها شوشتن بە ئاو وەک ئەوەیە هێزێکی تێدا بێت، بەڵکو ئاماژەی بەوە کردووە کە لەئاوهەڵکێشان دەربڕینی باوەڕە بە هەستانەوەی مەسیحی توانادار. ئێمە بە متمانەکردن بە مردنی مەسیح و هەستانەوەی ڕزگار دەبین، بەڵام لەئاوهەڵکێشان دەربڕینی ئەو متمانەیە بە ئاشکرا.

کتێبی پیرۆز ڕوونە لەوەی بە باوەڕ گوناهەکانمان دەبەخشرێت و بە ڕاستودروست دادەنرێین و لەگەڵ خودا ئاشت دەبینەوە (ڕۆما ٣: ٢١-٣١؛ ٤: ١-٨؛ ٥: ١-١١). لەئاوهەڵکێشان هەموو ئەو ڕاستییانە پیشان دەدات، بەڵام دروستی ناکات. کە باوەڕداران ڕاسپێردراون بەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێن، ڕاستیی باوەڕمان دەردەکەوێت لە گوێڕایەڵیمان بۆ ئەو ڕاسپاردانەی مەسیح (یۆحەنا ١٤: ٢١-٢٤؛ یاقوب ٢: ١٤-٢٦؛ یەکەم یۆحەنا ٢: ٣-٦). لەبەر ئەوە پێویستە هیچ باوەڕدارێک پاشگەز نەبێتەوە لە لەئاوهەڵکێشان بە بەهانەی ئەوەی «گرنگ نییە بۆ ڕزگاربوون». ئەگەر تۆ ڕزگار بوویت، لەئاوهەڵکێشان بەڵگەیەکی پێویستە. لە هەمان کاتدا، لەئاوهەڵکێشان ڕزگاریی تۆ دەستەبەر ناکات. ئەو تاوانبارەی لەلای ڕاستی عیسا لەخاچ درابوو بەبێ لەئاوهەڵکێشان ڕزگاریی بەدەستهێنا (لۆقا ٢٣: ٣٩-٤٣) وە شیمۆنی جادووگەر لەدوای لەئاوهەڵکێشانیش بەرەو ویرانی ڕۆیشت (کرداری نێردراوان ٨: ١٣-٢٤).

دووەم، پێویستە لەسەرمان دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە لەئاوهەڵکێشان تەنها دابونەریتێکی مرۆڤانە نییە، کەوا کڵێسا داینەهێناوە، وە باوەڕداران بە مەسیح تەنها بۆ ئەوە نەیانکردووە کەی بۆمان بڕەخسێت بیکەین. بەڵکو لەئاوهەڵکێشان

ڕاسپاردەیەکە کەوا مەسیح ڕایسپاردووە و پێویستە لەسەر هەموو باوەڕدارێک لە هەموو سەردەم و شوێنێک گوێڕایەڵی بێت.

## پاشان

با بگەڕێینەوە سەر باسی ئەو برادەرەی کە لەناکاو پاڵی نایتە نێو ئاوەکە. ئایا پاڵنانت بە شێوەیەکی لەناکاو بۆ ژێر ئاوی مەلەوانگەکە بە لەئاوهەڵکێشان دادەنرێت؟

نەخێر. هیوادارم وێنەیەکی ڕوونت هەبێت بەگوێرەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە ماهیەتی لەئاوهەڵکێشان تەنانەت ئەگەر لە سەرەتاشەوە وەڵامێکی ڕاستت بۆ ئەم پرسیارە هەبووبێت. لە لەئاوهەڵکێشان، مەسیح ڕێگایەکی بە قوتابییەکانی بەخشی کە بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن ئەوان بۆ ئەون و ئەویش بۆ ئەوانە، سەرباری ئەوە ڕێگایەکی ئاشکرا و کاریگەری بە کڵێسا بەخشی بۆ دووپاتکردنەوەی یەکگرتنی باوەڕدار لەگەڵی و نیشاندانی ئەو یەکگرتنە لەبەردەم خەڵکی. بەو کارە دوو لایەنە، باوەڕدار پەیوەست دەبێت بە کڵێسا و کڵێساش پەیوەست دەبێت بە باوەڕدارەوە. لەئاوهەڵکێشان نیشانەی یەکگرتنی باوەڕدارە بە مەسیح و یەکگرتنێکی نوێی ئاسۆیی کە باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا کۆدەکاتەوە.

لەئاوهەڵکێشان چییە؟ لەگەڵم بیڵێوە: لەئاوهەڵکێشان کارێکە کڵێسا ئەنجامی دەدات بۆ پشتڕاستکردنەوە و نیشاندانی یەکبوونی باوەڕدار لەگەڵ مەسیح بە نقومکردنی لەنێو ئاودا، وە کرداری باوەڕدارە بۆ بە ئاشکرا دەرخستنی پەیوەستبوونی بە مەسیح و گەلەکەیەوە. بەم شێوەیە باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا یەکدەگرێت و لە جیهان جیا دەبێتەوە. ئەمەش دەمانبات بۆ پرسیاری داهاتوو و بەشی داهاتوو: پێویستە کێ لە ئاو هەڵبکێشرێت؟

# بەشی دووەم

# پێویستە کێ لە ئاو هەڵبکێشرێت؟

ئایا خۆت بە باوەڕدار دەزانیت؟ ئەگەر خۆت ئاوا دانەنێیت، هەرچەندە من دڵخۆشم کە تۆ ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، دەمەوێت پێت بڵێم کە لەئاوهەڵکێشان یەکێک نییە لە کارە گرنگەکانت، ئەوەی سەرەتا پێویستتە ئەوەیە کە واز لە گوناهەکانت بهێنیت و متمانە بە مەسیح بکەیت بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات.

بەو پێیەی ئەم کتێبە لەژێر دەستتدایە، لەبەر ئەوە وای دادەنێم ئەگەری زۆرە کە تۆ دان بە باوەڕتدا دەنێیت بە مەسیح. لەسەر ئەو بنەمایە دەمەوێت لێت بپرسم: ئایا لە ئاو هەڵکێشراویت؟ بۆچی؟ یان بۆچی لە ئاو هەڵنەکێشراویت؟

ئەم بەشە ئەم پرسیارە دەکات: «پێویستە کێ لە ئاو هەڵبکێشرێت؟». وەڵامەکەشی ئەمەیە: «هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح“، بەبێ حاڵەتی تایبەت و بەبێ «بەڵام» و بەبێ «ئەی ئەگەر...؟» لەم بەشەدا باسی ڕاسپاردەی کتێبی پیرۆز دەکەم بۆ لەئاوهەڵکێشان، هەروەها باسی سوودەکانی لەئاوهەڵکێشان دەکەم و وەڵامی ڕێگرییەکانی لەئاوهەڵکێشان دەدەمەوە. وە لەبەر ئەوەی ڕێگری ”ئەی ئەگەر کەسێک پێشتر ‘لەئاوهەڵکێشراوە‘، لەو کاتەی کۆرپە بووە؟» پێویستی بە هەڵسوکەوتێکی تایبەتە، لەم کتێبەدا بەشێکی تایبەت بۆ ئەمە تەرخان کراوە.

## ڕاسپاردن بۆ لەئاوهەڵکێشان

هەروەک لە بەشی ڕابردوودا باسمان کرد، عیسا فەرمانی بە قوتابییەکانی کرد کە خەڵکی بەقوتابی بکەن، فەرمووی: ”هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو

ئـەو شـتانەی کـە ڕامسـپاردوون“ (مەتـا ٢٨: ١٨-٢٠). وە پێویسـت بـوو قوتابییەکانـی عیسـا چـۆن خەڵکـی بەقوتابـی بکـەن؟ سـەرەتا، ئینجیلـی شانشـین جاڕ بـدەن، تـەواو هـەروەک عیسـا جـاڕی دا (مەتـا ٤: ١٧، ٢٣) وە تـەواو هـەروەک پێشـتر ناردبوونـی بـۆ جـاڕدان (مەتـا ١٠: ٥-٧). بۆیـە ڕاسـتە کـە بڵێیـن ڕاسـپاردەی «بەقوتابـی بکـەن» لـە خۆیـدا جاڕدانـی ئینجیلـی تێدایـە؛ کـە تـۆ بـە لەئەسـتۆگرتنی مزگێنیـی عیسـا دەبیتـە قوتابیـی عیسـا.

بـەڵام عیسـا لـەم کارەدا دوو هەنـگاوی دیکـە دیـاری دەکات، دوو ڕێـگا کـەوا ڕاسـپاردەی بەقوتابیکردنـی نەتەوەکانـی پـێ جێبەجـێ دەبێـت، ئەوانیـش: قوتابییەکانـی عیسـا ئـەو قوتابییـە نوێیانـە لـە ئـاو هەڵبکێشـن، وە هەمـوو ڕاسـپاردەکانی عیسـایان فێـر بکـەن.

هەنگاوی یەکەم: ئینجیل جاڕ بدەن.

هەنگاوی دووەم: ئەوانەی کاردانەوەیان بۆ باوەڕ هەبوو لەئاویان هەڵبکێشن.

هەنگاوی سێیەم: فێریان بکەن کار بە هەموو ڕاسپاردەکانی عیسا بکەن.

هەمـوو ئەوانـەی بوونـە قوتابـی لـە ئـاو هەڵکێـشران، کـەوا جیاکردنەوەیـەک نییـە بـە نـاوی «قوتابـی لـە ئـاو هەڵنەکێـشراو».

لەئاوهەڵکێشـان ئەرکـە لەسـەر قوتابیـی مەسـیح، کـەوا خـۆی دەداتـە دەسـت مـردن و هەسـتانەوەی هێمایـی. وە لـە دەقـی نێردراوییێتـی مـەزن کـە عیسـای مەسیح قسـەی بـۆ قوتابییەکانـی کـرد تێیـدا ڕوون دەبێتـەوە کـە لەئاوهەڵکێشـان لـە سـەرووی لسـتەکەیە: «هەمـوو ئـەوەی پێـی ڕامسـپاردن»، چونکـە پـاش ئـەوەی بـاوەڕ دەهێنـن و تۆبـە دەکـەن، پێویسـتە لەسـەریان لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن، بـەو پێیـەی یەکەم ڕاسـپاردەیە ملکەچـی دەبـن بـەو سـیفەتەی کـە قوتابـی مەسـیحن. بـەو شـێوەیە، یەکـەم شـت وەک شـوێنکەوتەیەکی نوێـی عیسـای مەسـیح دەیکەیـت ئەوەیـە کـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت.

بۆیـە سـەیر نییـە کـە پەترۆسـیش لـە ڕۆژی پەنجایەمیـن فەرمانی بـە ئامادەبـووان و گوێگرەکانـی کـرد کـە تۆبـە بکـەن و لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن، کاتێـک گوتـی: «تۆبـە بکـەن،

بـا هەریەکەتـان بـە نـاوی عیسـای مەسـیحەوە لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت بـۆ لێخۆشـبوونی گوناهەکانتـان و ڕۆحـی پیـرۆز بـە دیـاری وەردەگـرن” (کـرداری نێـردراوان ٢: ٣٨). دەبینیـن کـەوا زۆربەیـان گوێڕایەڵـی ئەمـە بـوون: ”ئەوانـەی کـە قسـەکەیان وەرگـرت لە ئـاو هەڵکێـشران، لـەو ڕۆژەدا نزیکـەی سـێ هـەزار کـەس هاتنـە ڕیـزی باوەڕدارانـەوە“ (کـرداری نێـردراوان ٢: ٤١). بـا جارێکـی دیکـە بیڵێمـەوە: قبووڵکردنـی مزگێنـی ئینجیـل و لەئاوهەڵکێشـان پەیوەندییەکـی توندیـان بـە یەکـترەوە هەیـە؛ کاتێـک متمانـەت بـە مەسـیح کـرد، یەکـەم شـت پێویسـتە بیکەیـت ئەوەیـە بـە ئاشـکرا بـە لەئاوهەڵکێشـان ئـەوە ڕابگەیەنیـت.

ئەمـە هەروەهـا ئـەو هۆکارەمـان بـۆ دەردەخات کـە نووسـەرانی نامەکانـی پەیمانی نـوێ وایـان دانـاوە کـە خوێنـەرە باوەڕدارەکانیـان پێشـتر لـە ئـاو هەڵکێـشراون. پۆڵـس باسـی ئەوەمـان بـۆ دەکات ئەگـەر ئێمـە مردیـن سـەبارەت بـە گونـاە ئیـتر ناکرێـت لەناویـدا بژیـن، ئینجـا پرسـیار دەکات و دەڵێـت: ”ئایـا نازانـن ئێمـە هەموومـان کـە بـە لەئاوهەڵکێشـان لەگـەڵ عیسـای مەسـیح یەکمانگرتـووە، هەروەهـا لـە مردنەکەشـیدا یەکمانگرتـووە؟“ (ڕۆمـا ٦: ٣). هـەروەک لـە نامەکەیـدا بـۆ خەڵکی گەلاتیا بۆیـان دووپات دەکاتـەوە کـە هەموویـان ڕۆڵـەی خـودان بـە بـاوەڕ بـە مەسـیح و ڕوونـی دەکاتـەوە: «چونکـە کاتێـک لـە ئـاو هەڵکێـشران، هەمووتـان لەگـەڵ مەسـیح یەکتانگـرت“ (گەلاتیـا ٣: ٢٧؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ١٣؛ کۆلۆسـی ٢: ١٢). ئـەم قسـانە ڕاسـت نابـن ئەگـەر خوێنەرەکانـی لـە ئـاو هەڵنەکێشرابـن.

ئەگـەر تـۆ باوەڕداریـت و هێشـتا لـە ئـاو هەڵنەکێشراویـت، ئـەوا پێویسـتت بەوەیـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت. شـتەکە تەنهـا ئامـۆژگاری نییە یـان بژاردە یان شـتێکی خواسـتراو یـان باشـترە بیکەیـت؛ بەڵکـو شـتێکی پێویسـتە. وە لـە کاتێکـدا بـوون بـە قوتابیـی عیسـا زیاتـرە لـەوەی کـە کـە گوێڕایەڵـی ڕاسـپاردەکانی بیـت، هەرگیـز لـەوەش کەمـتر نییـە. گوێڕایەڵیـمان بـۆ ڕاسـپاردەکانی عیسـا ئەزموونـی ڕاسـتگۆیی خۆشەویسـتیمانە بـۆی، هەمـوو ئەوانـەی متمانەیـان بـە عیسـا هەیـە گوێڕایەڵـی فەرمایشـتەکانی دەبـن، وە ئـەو باوەڕدارانـە ڕادەسـپێرێت کـە متمانەیـان پێـی هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن.

## دوو سوودی لەئاوهەڵکێشان

ئەگـەر دان بـەوەدا دەنێـی کـە بـاوەڕت بـە عیسـا هەیـە بـەڵام هێشـتا لـە ئـاو هەڵنەکێشراویـت، ئیـتر تەنهـا بـەوەی عیسـا ڕایسـپاردوویت بە لەئاوهەڵکێشـان پێویسـتە ئـەوە بـەس بێـت بـۆ ئـەوەی ئەنجامـی بدەیـت. بـەڵام ئەگـەر هێشـتا دوودڵیـت، هـەوڵ دەدەم هانـت بـدەم بـۆ گوێڕایەڵبوونـی ڕاسـپاردەی مەسـیح بـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت بـە تیشـک خسـتنە سـەر دوو سـوودی لەئاوهەڵکێشـان.

سـوودی یەکـەم لەوەدایـە کـە داننـان بـە بـاوەڕ گەشـە بـە باوەڕەکـەت دەدات. لەئاوهەڵکێشـان ڕاگەیاندنێکـی ئاشـکرایە بـەوەی تـۆ سـەر بـە عیسـایت. لـە هەمـوو شـتێک زیاتـر پێویسـتت بەوەیـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت، بـە تایبەتـی ئەگـەر بـۆ تـۆ زەحمـەت بـێ کـە ڕایبگەیەنیـت تـۆ بوویتـە شـوێنکەوتەی عیسـای مەسـیح. وە پێویسـتە بـاوەڕ پێناسـەی تـەواوی ژیانـت دابڕێژێتـەوە؛ پێناسـەی ڕابـردوو و ئێسـتا و داهاتـووت دابڕێژێتـەوە وە پێناسـەی خێزانەکـەت و ئـەو کەسـەی تـۆ تـەواو گوێڕایەڵـی ئەویـت. لەئاوهەڵکێشـان ڕێگایەکـە بـۆ وێناکـردن و ڕاگەیاندنـی هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانە.

ئەگـەر دەتەوێـت باوەڕەکـەت بـە نهێنـی بهێڵیتـەوە، ئـەوا هەڵدەوەرێـت و دەمرێـت. وەک چـۆن جەسـتەمان کـە بـە ئەنجامـدان و مەشـقکردن بەهێـز دەبێـت، لەئاوهەڵکێشـانیش ڕاهێنـان و مەشـقکردنی بـاوەڕە. لەئاوهەڵکێشـان کارێکـە کـە وزە لـە بـاوەڕ وەردەگرێـت، وە کارێکـە تـەواوی بەڕێوەچوونـی ژیانـی بـاوەڕ دیـاری دەکات. ئەگـەر باوەڕداریـت، کەواتـە دەبێـت لـەم لایەنـەوە کـراوە بیـت. بـاوەڕداران بـە ئاشـکرا دەژیـن، لەپـاڵ کڵێسـا، لەبەرچـاوی تـەواوی جیهـان. لەئاوهەڵکێشـان ڕۆڵـی ئـەو تـاوەرە دەگێڕێـت کـە ڕووناکییەکـە بـەرز ڕادەگرێـت.

بـەڵام سـوودی دووەم پەیوەنـدی بـەوەی پێشـترەوە هەیـە: لەئاوهەڵکێشـان وەک دەرفەتێکـی مزگێنیدانـی ئامادەکـراو کار دەکات. زۆر لـە هاوڕێیـان و ئەندامانـی خێزانەکـەت کـە نایەنـە کڵێسـا، ئەگـەر لـە ڕێوڕەسـمی لەئاوهەڵکێشـانەکەت ئامـادە بـن یـان ببیسـتن ئـەوا دەرفەتیـان بـۆ دەڕەخسـێت بـۆ گوێگرتـن لـە پەیامـی ئینجیـل. وە

ئەگـەر ئـەوان واتـای لەئاوهەڵکێشـان نەزانـن، دەتوانیـت بـە یارمەتـی پەیامـی ئینجیـل بۆیـان ڕوون بکەیتـەوە، یـان ئەگـەر لـە پەیامـی ئینجیـل تێنەگەیشـتن، دەتوانیـت بـە یارمەتـی لەئاوهەڵکێشـان بۆیـان ڕوون بکەیتـەوە. پێیـان بڵـێ کـەوا هـەروەک تـۆ لەژێـر ئـاو نقـوم بوویـت و لەنوێـوە هەسـتایتەوە، بـەو شـێوەیە مەسـیح لەنێـو مـردووان نێـژرا و بـە سـەرکەوتوویی هەسـتایەوە، وە بۆیـان ڕوون بکـەوە کـە ئەوانـەی لەگـەڵ مەسـیح یەکدەگـرن لـە سـەرکەوتنەکەی بەشـدار دەبـن، کـەوا بـە مـردن و هەسـتانەوەی گوناهەکانمـان دەبەخشرێـن و لەگـەڵ خـودا ئاشـت دەبینـەوە.

## ڕێگرییەکانی بەردەم لەئاوهەڵکێشان

ئەگـەر تـۆ باوەڕدارێکیـت کـە دان بـە باوەڕەکەتـدا دەنێیـت، بۆچـی هێشـتا لـە ئـاو هەڵنەکێشراویـت؟ بـا تەماشـای هەندێـک لـە ڕێگرییەکانـی بـەردەم لەئاوهەڵکێشـان بکەیـن.

ڕەنگـە کەسـێک بڵێـت: چ پێویسـت بـەو هـەرا گـەورە ئاشـکرایە دەکات کـە مـن بوومەتـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح؟ ئایـا بـاوەڕ شـتێکی کەسـیی و تایبـەت نییـە؟ ئایـا ئەوەنـدە بـەس نییـە مـن متمانـەم بـە عیسـا هەیـە؟ خـودا دەزانێـت چـی لەنـاو دڵمدایـە.

پێشـتر باسـی ئەوەمـان کـرد کـە عیسـای مەسـیح حـەزی لـە شـوێنکەوتەی نهێنـی و قوتابـی شـاراوە نییـە. عیسـا دەرفەرموێـت: "بۆیـە ئـەوەی لەبـەردەم خەڵـک دانـم پێـدا بنێـت، منیـش لـەلای باوکـم کـە لـە ئاسـمانە، دانـی پێـدا دەنێـم. بـەڵام ئـەوەی لـەلای خەڵـک نکۆڵـی لـە ناسینی مـن بـکات، منیـش لـەلای باوکـم کـە لـە ئاسـمانە، نکۆڵـی لـێ دەکـەم" (مەتـا ١٠: ٣٢-٣٣)، هەروەهـا دەفەرموێـت: "ئـەوەی شـەرمی بـە مـن و بـە وتەکانـم بێـت، کـوڕی مرۆڤیـش شـەرمی پێـی دەبێـت، کاتێـک بـە شـکۆمەندی خـۆی و بـاوک و فریشـتە پیرۆزەکانـەوە دێتـەوە" (لۆقـا ٩: ٢٦). بـاوەڕداران بـە مەسـیح ئەوانـەن کـە دان بـە باوەڕەکەیانـدا دەنێـن بـە مەسـیح. وە دانپێدانـان بـە سروشـتی خـۆی کارێکـی ئاشـکرایە و بـۆ بیسـتنی کەسـانی دیکەیـە. وە ئەگـەر ئاشـکراکردنی

باوەڕت بە مەسیح دوودڵت دەکات، بیر لە لەئاوهەڵکێشان بکەوە وەک ئەوەی یارمەتیدەرە نەک ڕێگر. لەئاوهەڵکێشان یارمەتیت دەدات ئەو کارە بە باوەڕەکەت بکەیت کە دەبێت بیکەیت، ئەویش بە ئاشکرا بڵاوکردنەوەیەتی.

دەمەوێ بە ڕابەرانی کڵێسا بڵێم بە گشتی من وای بە ڕاست دەبینم کە داوا لەوانە بکەن کە خەریکە لە ئاو هەڵبکێشرێن نەک ئەوەی تەنها دان بە باوەڕەکەیاندا بنێن بە مەسیح و بەڵێن بدەن بۆ گوێڕایەڵبوونی، بەڵکو باسی ئەوەش بکەن کە چۆن ئەوان گەیشتوونەتە ئەو خاڵەی وەک ڕزگارکەر متمانە بە مەسیح بکەن. ئەوە شکۆ بە خودا دەبەخشێت لەسەر ئەوەی لە ژیانیاندا کردوویەتی و لەگەڵ ئەوەشدا هێزی مزگێنیدانی لەئاوهەڵکێشان بەرەو پێش دەچێت. بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی لە ئاو هەڵدەکێشرێت لەبەر هەر هۆکارێک ناتوانێت لەنێو خەڵکدا باسی چیرۆکی خۆی بکات، ئەوا هانت دەدەم کە داوای لێ بکەیت دانپێدانانی باوەڕی بە عیسا و گوێڕایەڵبوونی ڕابگەیەنێت. بەم شێوەیە دەتوانێت ئەو کارە بکات:

"ئایا باوەڕت هەیە بە عیسای مەسیح وەک ڕزگارکەرت و ملکەچی دەبیت وەک گەورەی خۆت؟»

"بەڵێ، باوەڕم هەیە و ملکەچی دەبم».

"ئایا پەیمان دەدەیت بە گوێڕایەڵبوونت بۆ عیسای مەسیح بە پشتبەستن بە نیعمەتی ئەو و ئەوەندەی زیندوویت یاوەری کڵێساکەی بیت؟»

"بەڵێ، پەیمان دەدەم".

ڕەنگە کەسێکی دیکە بڵێت: نازانم بچمە کوێ بۆ ئەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێم. بێگومان ئەوە کێشەیە! ئەمە ئامۆژگاریی منە: بەدوای کڵێسایەکدا بگەڕێ ئینجیل ڕابگەیەنێت و کتێبی پیرۆز فێربکات، کڵێسایەک گەلەکەی ڕژد بێت لە لایەنی شوێنکەوتنی مەسیح و یارمەتیدانی کەسانی دیکە بۆ هەمان شت. وە کاتێک

دەیدۆزیتـەوە، خـۆت بـە ڕابەرانـی بناسـێنە و پێیـان بڵـێ کـە تـۆ بـاوەڕت بـە عیسـای مەسـیح هەیـە و دەتەوێـت لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت، ئینجـا ببـە بـە ئەندامـی کڵێسـا و خزمـەت بکـە، وە ڕێـی پـێ بـدە کـە چاودێریـت بـکات بـۆ گەشـەکردن لەسـەر شـێوەی مەسـیح.

ڕەنگـە کەسـێک ڕەخنـە بگرێـت و بڵێـت: پێشـتر بـە کۆرپەیـی لـە ئـاو هەڵکێـشراوم. پێـی دەڵێـم کە لەئاوهەڵکێشـان بەڕاسـتی شـتێکە یـەک جـار ڕوودەدات. وە پـاش ئەوەی لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـت، پێویسـت نـاکات جارێکـی دیکـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت، بەڵکـو پێویسـتە هەرگیـز ئـەوە نەکەیتـەوە. بـەڵام لـە بنەڕەتـدا ئایـا کۆرپـە لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـن؟ وە ئایـا لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە بەڕاسـتی لەئاوهەڵکێشـانە؟ ئەمـە بابەتـی بەشـی داهاتـووە.

## پوختەی قسەکان

ئەگـەر بـە هـۆی دوودڵـی یـان لەترسـان لەئاوهەڵکێشـان دوادەخەیـت، ئـەوا مـن هانـت دەدەم کـە خۆتـی بـۆ ئامـادە بکەیـت؛ کـە عیسـا بەڵێنـمان پـێ دەدات کاتێـک لەپێنـاو نـاوی ئـەودا کاردانەوەمـان هەیـە، ئـەوا ڕۆحـی ئـەو لـە ئێمـەدا قسـە دەکات و ئـەو قسـەیەمان پێـدەدات کـە پێویسـتمانە (مەتـا ١٠: ١٩-٢٠). ئەگـەر ڕۆح باوەڕمـان پێ دەبەخشـێت، چەنـدە زیاتـر بەهێزمـان دەکات کاتێـک بـە ئاشـکرا دان بـەو باوەڕەمانـدا دەنێیـن (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٢: ٣)؟

پوختـەی قسـەکان ئەوەیـە کـە هەمـوو باوەڕدارێـک بـە مەسـیح ڕاسـپێردراوە کـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت، کەواتـە چاوەڕێـی چـی دەکەیـت؟

# بەشی سێیەم

# لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە

ئایا دەکرێت کۆرپە لە ئاو هەڵبکێشرێت؟ کە ئەمە دەنووسم دڵنیام زۆرێک لە خوێنەرە ڕۆژئاواییەکان بە کۆرپەیی لە ئاو هەڵکێشراون، وە هەندێکیان گومانیان هەیە لەوەی کە ئایا ئەم لەئاوهەڵکێشانەیان ڕاستییە یان نا، یان ژمارەیەک لەوانەی دەزانن کە هەندێک کڵێسا لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە پەیڕەو دەکات بەڵام هۆکارەکەی نازانن، وە پێشتر ئەمەی لە ڕۆشنایی کتێبی پیرۆزدا هەڵنەسەنگاندووە.

لەم بەشەدا زۆرترین لێکدانەوەی یەزدانناسیی لەبەرچاوگیراو باس دەکەم بۆ لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە، وە لە ڕۆشنایی کتێبی پیرۆز هەڵیدەسەنگێنم، ئینجا وەڵامی ڕەخنەکانی هەڵوێستی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە دەدەمەوە لە دژی هەڵوێستی لەئاوهەڵکێشانی باوەڕدار.

## بەهانەی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە

مێژووی کڵێسا بەتاڵ نییە لە ژمارەیەک کڵێسا کە کۆرپەیان لە ئاو هەڵکێشاوە. ئەم هەڵوێستەی لەئاوهەڵکێشان لە لایەنی یەزدانناسییەوە لە زمانی ئینگلیزی ناسراوە بە ناوی «پیدۆباپتیزم»[a]. کڵێساکان لەبەر چەند هۆکارێک ئەم هەڵوێستەیان پەیڕەو کردووە؛ کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمانی و چەند کڵێسایەکی دیکە باوەڕیان بەوە هەبوو کە لەئاوهەڵکێشان نیعمەتێکی ڕزگارکەر دەبەخشێت بەو کەسەی لە ئاو هەڵدەکێشرێت وە دەیخاتە پاڵ جەستەی ڕۆحیی مەسیح، وەک ئەوەی لەئاوهەڵکێشان لەخۆیدا کار دەکات و بەبێ پێویستی ڕەزامەندی کۆرپەی لەئاوهەڵکێشراو یان پەیڕەوکردنی باوەڕ. بەڵام ئەم تێگەیشتنەی لەئاوهەڵکێشان لە دژی پەیامی ئینجیلە کە پێمان دەڵێت یەکگرتن لەگەڵ مەسیح بە باوەڕ ڕزگارمان

a Paedobaptism

دەکات؛ ئـەوەی هـەردوو ڕێوڕەسـمی لەئاوهەڵکێشـان و خوانـی پـەروەردگار دەیـکات پیشـاندانی ئـەو یەکگرتنـە و دانپێدانانیەتـی، واتـا کاریگـەری لەسـەری نابێـت.

هەندێـک لـە بـاوەڕداره لوتەرییـەکان[a] کـە شـوێن (مارتـن لوتـەر)[b] دەکـەون، پێیـان وایـە کـە ئـەو کۆرپانـەی لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـن بەڕاسـتی باوەڕیـان هەیـە. بـەڵام بۆچی ژمارەیەکـی زۆر لـەو کەسـانەی لـە کۆرپەییـدا لـە ئـاو هەڵکێـشراون هیـچ نیشـانەیەکی باوەڕیـان تێـدا دەرناکەوێـت؟ چـی بەسـەر باوەڕەکەیانـدا هاتـووە؟

بـەڵام لەنێـو بـاوەڕداره ئینجیلییەکانـدا، باوەڕدارانـی شـوێنکەوتەی ڕیفۆرمخـوازدا، بەهێزتریـن هـۆکاری پشـتگیری لـە لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دەردەخـەن، کـەوا بەهانەکەیـان سـەرنج دەخاتـە سـەر پەیوەنـدی نێـوان پەیمانەکانـی خـودا و نیشـانەکانی ئـەم پەیمانانـە.[c] وە پەیـمان پەیوەندییێکـە کـە خـودا بە ئـازادی دێتـە ناوی لەگـەڵ خەڵک و بـە سـوێند دەیچەسـپێنێت. وە زۆر جـار بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش لەگـەڵ ئـەو پەیمانانـە نیشـانەی وێناکردنـی شـتێک هەیـە لـە بەندەکانـی پەیمانەکـە و سوودەکانی، تـەواو هـەروەک لـە پەیمانـی خـودا لەگـەڵ ئیبراهیـم نیشـانەی خەتەنەکردنـی پەیـمان هەبـوو، وە لـە سـەردەمی موسـاش بـەردەوام بـوو (پەیدابـوون ١٧: ١-١٤؛ لێڤییـەکان ١٢: ٣). کاتێـک خـودا پەیمانـی لەگـەڵ ئیبراهیـم بەسـت و فەرمانـی پـێ کـرد کـە هەمـوو نێرینەیـەک لـە نەوەکانـی خەتەنـە بـکات. هـەروەک پەیمانەکـە بـۆ نەوەکانـی ئیبراهیـم بـوو، نیشـانەکانی پەیمانەکـەش بـۆ ئەوانیـش بـوو.

بـاوەڕداره ڕیفۆرمخـوازەکان پێداگـری دەکـەن لەسـەر بەردەوامیـدان بـە پلانـی ڕزگاری خـودا لـە مێـژوودا؛ وە پێداگـری دەکـەن لەسـەر ئـەوەی بـە درێژایـی سـەردەمەکان خـودا یـەک پلانـی ڕزگاری هەیـە، وە هەمـوو ئەوانـەی ئـەو ڕزگارییـە

---

a Lutherans

b Martin Luther

c بـۆ ئـەوەی تەماشـای نموونەیەکـی بەرگریکـردن بکەیـت لـەو هەڵوێسـتەی لەئاوهەڵکێشـان، بڕوانـە ئـەم سـەرچاوەیە:

Sinclair B. Ferguson, "Infant Baptism View," in Baptism: Three Views, ed. David F. Wright (Downers Grove, IL: InterVarsity, 2009), 77–111.

بەدەستدەهێنن دەچنە پاڵ تاکە گەلی ڕاستەقینەی خودا. هەروەها دەڵێن کە تەنها یەک «پەیمانی نیعمەت» هەیە کە تێیدا هەموو باوەڕداران بە درێژایی مێژوو تێیدا بەشدارن. ئەم پەیمانە سەرەتا لە بەڵێنی خودا بۆ ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەن دەبینرێت (پەیدابوون ٣: ١٥)، لە مەسیحدا ئەم پەیمانە تەواو دەکات. وە بە شێوەیەکی گشتیش گفتوگۆی لەسەر دەکەن کە هەریەک لە پەیمانەکانی خودا لەگەڵ گەلەکەی دەربڕین یان جۆرێک لە جێبەجێکردنی ئەو تاکە پەیمانەی نیعمەتە.

لەبەر ئەوە ئەو ڕیفۆرمخوازانەی کە پاڵپشتی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە دەکەن ئەو دەقانەی کتێبی پیرۆز وا دەبینن وەک ئەوەی لە (کرداری نێردراوان ٢: ٣٨-٣٩) هاتووە دەربڕینی بنەمایەکی هاوبەشە لەگەڵ پەیمانی ئیبراهیمی و پەیمانی نوێ. وە پاش ئەوەی پەترۆس گوێگرەکانی هان دا بۆ ئەوەی تۆبە بکەن و لە ئاو هەڵبکێشرێن، پێی گوتن: «ئەم بەڵێنەش بۆ خۆتان و منداڵەکانتان و بۆ هەموو ئەوانەیە کە دوورن و یەزدانی پەروەردگارمان بانگیان دەکات”؛ لەبەر ئەوەیە ئەو ڕیفۆرمخوازانە پاڵپشتی دەکەن لە لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە وەک ئەوی خودا بەڵێنی پەیمانەکەی لەگەڵ ئیبراهیم و نەوەکانی و منداڵە کۆرپەکانیان بوو (وە لەگەڵ نیشانەکەی پەیمان)، بە هەمان شێوە بەڵێنی پەیمانی نوێ پێشکەش دەکرێت بۆ باوەڕداران و منداڵەکانیان (بە هەمان شێوە، لەگەڵ پەیمانی نوێ نیشانەکەیەتی، ئەویش لەئاوهەڵکێشانە). (بی. بی. وارفیلد)[a] بەهانەی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە پوخت دەکاتەوە و دەڵێت: ”خودا لە سەردەمی ئیبراهیم کڵێساکەی خۆی دامەزراند و منداڵیشی هێنایە ناوی، وە پێویستە لەسەریان لەوێ بمێننەوە هەتا ئەوەی دەریان دەهێنێ، بەڵام منداڵانی دەرنەهێنا. لەبەر ئەوە هەتا ئێستا منداڵان ئەندامی کڵێساکەی ئەون و لە ئەنجامی ئەوەشدا، مافی ئەوەیان هەیە ڕێورەسمەکەیان هەبێت“.[b]

a B. B. Warfield

b B. B. Warfield, Studies in Theology (New York: Oxford University Press, ٤٠٨ ,(١٩٣٢.

## بەهانە لە دژی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە

زۆر ڕێـز و هاوسـۆزیم هەیـە بـۆ ئـەو باوەڕدارانـەی پشـتگیری لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دەکـەن هـەروەک پێشـتر باسـم کـرد، لـە بەهانەکانیـان هـۆکاری نێـو کتێبـی پیـرۆز بەکاردەهێنـن بـۆ ڕازاندنـەوەی، وە هەندێـک لـەو کەسـانە هاوڕێـی خۆمـن و یـان لـە مێـژوودا پاڵەوانـی بـاوەڕن. بـەڵام مـن وای نابینـم قەناعـەت پێهێنـەر بـن، لەبـەر ئـەم شـەش هـۆکارە:

**١. لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە وەک نیشـانەی یەکگرتـن لەگـەڵ مەسـیح پەیـڕەو دەکرێت بـۆ ئـەو کەسـەی لەگـەڵ مەسـیح یەکـی نەگرتـووە. لەئاوهەڵکێشـان نیشـانەکە لـە ڕاسـتی و واقیـع دوور دەخاتـەوە.**

لەئاوهەڵکێشـان نیشـانەیە بـۆ یەکگرتنـی بـاوەڕدار لەگـەڵ مەسـیح بـە مـردن و ناشـتن و هەسـتانەوەی (ڕۆمـا ٦: ١-٤؛ کۆلۆسـی ٢: ١١- ١٤)، بـەڵام کۆرپـەکان یەکگرتـوو نیـن لەگـەڵ مەسـیح، کـە بـە بـاوەڕ مەسـیح قبـووڵ بکـەن بـۆ ئـەوەی بـە ڕۆحـی پیـرۆز لەگەڵیـدا بەشـدار بـن.

ڕەنگـە هەندێـک لەوانـەی لـە خێزانێکـی بـاوەڕدار لەدایکبوونـە ئـەو کاتەیـان لەبیـر نەبێـت کـە باوەڕیـان بـە عیسـا نەبـووە، ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە کـە لـەو کاتـەی لەدایکبـوون باوەڕیـان بـە عیسـا هەبـووە. دەبێـت ڕۆحـی پیـرۆز باوەڕیـان پـێ ببەخشـێت و کارێـک بـکات تۆبـە بکـەن. دەبێـت لـە دەسـەڵاتی تاریکـی بگوازرێنـەوە بـۆ دەسـەڵاتی کوڕەکـە (کۆلۆسـی ١: ١٣)؛ وە دەبێـت لـە مردنـەوە هەسـتنەوە بـۆ ژیـان تاکـو ڕزگار بـن لـە سـەرۆکی ئـەم جیهانـە و تووڕەیـی خـودا (ئەفەسـۆس ٢: ١-٣).

بـەڵام لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە نیشـانەی یەکگرتـن لەگـەڵ مەسـیح پەیـڕەو دەکات لەسـەر ئەوانـەی لەگـەڵ مەسـیحدا یەکیـان نەگرتـووە. بـەڵام نیشـانەکە لـەو ڕاسـتییە دادەبڕێـت کـە دەریدەخـات. وە بـەوە هەڵوێسـتی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە لەئاوهەڵکێشـانێکی پێچەوانەیـە. ئایـا لەئاوهەڵکێشـان نیشـانەی کاری ئینجیـل نییـە لـە ژیانـی ئـەو کەسـەی لێخۆشـبوون، پاکبوونـەوە، ئاشـتبوونەوە، لەدایکبوونـەوە و ژیانـی

نوێـی بەدەسـتهێناوە؟ کەواتـە بۆچـی هەڵوێسـتی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە نیشـانەکە پەیـڕەو دەکات بـەڵام ئـەم ڕاسـتییانە جێبەجـێ نـاکات؟ منداڵـی بـاوەڕداران بەهـۆی بـاوەڕ لەگـەڵ مەسـیح یەکناگـرن، بۆیـە پێویسـتە کڵێسـاکان لەئاویـان هەڵنەکێشـن.

**٢. لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە تێکەڵـی دروسـت دەکات لـە نێـوان لەدایکبـوون لـە دایک و باوکێکـی بـاوەڕدار و لەدایکبوونـەوەی نـوێ لـە ڕۆحدا.**

بـە دەربڕینێکـی دیکـە، لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە تێکەڵـی دروسـت دەکات لـە نێـوان لەدایکبـوون لـە دایـک و باوکێکـی بـاوەڕدار و لەدایکبوونـەوەی نـوێ لـە ڕۆحـدا. مەبەسـتم ئـەوە نییـە کـە هەمـوو ئەوانـەی لـە منداڵیـدا لەئاوهەڵکێشراون لـە هزریانـدا ئـەم دوو شـتە تێکـەڵ دەکـەن، بەڵکـو مەبەسـتم ئەوەیـە کـە کارەکەیـان ئـەوە دەکات. لەگـەڵ ئـەوەی بـاوەڕداری بـە کۆرپەیـی لەئاوهەڵکێـشراو بـە دڵنیاییـەوە دەزانێـت کـە منداڵـە کۆرپەکـەی پێویسـتی بەوەیـە کـە بـاوەڕ بـە مەسـیح بهێنـێ لەپێنـاو ئـەوەی دووبـارە بـە ڕۆح لەدایـک ببێتـەوە، بـەڵام بـە لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپەکـەی وەک ئـەوە وایـە کـە ڕایبگەیەنێـت بەڕاسـتی ئـەوە ڕوویـداوە.

(دانپێدانانـی ویستمنسـتەر)a پێـمان دەڵێت کەوا دروسـتیی کرداری لەئاوهەڵکێشـان پەیوەسـت نییـە بـە کاتـی ئەنجامدانـی؛ واتـا لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە ڕاسـتە و گونجاوە، تەنانـەت ئەگـەر کەسـی لەئاوهەڵکێـشراو پـاش چەندیـن سـاڵ بـاوەڕ بهێنێـت. بـەڵام کێشـەکەی لەوەدایـە کـە نیشـانەکە دەدوێـت و قسـە دەکات و دەڵێـت: «ئەمـە لەگـەڵ مەسـیح یەکیگرتـووە، وە لەگـەڵ مەسـیح نێـژرا و لەگەڵیـدا هەسـتایەوە، وە لـە مردنـەوە پەڕییـەوە بـۆ ژیانێکـی نـوێ لـە مەسـیحدا». بـەڵام ئەگـەر ئەوانـەی کـە بـە منداڵـی لەئاوهەڵکێـشراون نیشـانەیەکیان بوویـت کـە ئامـاژە بێـت بـۆ ئەگـەری یەکگرتـن لەگـەڵ مەسـیح لـە داهاتـوودا، پێویسـتە لەسـەریان شـتێکی دیکـە بدۆزنـەوە جگـە لـە لەئاوهەڵکێشـان، چونکـە لەئاوهەڵکێشـان بـە دەمـی فەرمانـی ئێسـتا دەدوێـت.

بـەم شـێوەیە لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپە بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە لەدایکبوونەوەی

---

a The Westminster Confession of Faith

نـوێ دەکـرێ بـە شـێوەیەکی سروشـتی بـە میـرات بمێنێتـەوە، وەک ئـەوەی کۆرپـەی لەدایکبـوو لـە دایـک و باوکێکـی بـاوەڕدار حاڵەتێکـی ڕۆحیـی تـەواو جیاوازیـان هەیـە لـە منداڵانـی دیکـە. وە بێگومـان لـە ڕاسـتیدا کۆرپـەی لەدایکبـوو لـە دایـک و باوکێکـی بـاوەڕدار لـە ژینگەیەکـی ڕۆحیـی جیـاوازدا لەدایـک دەبـن لەگـەڵ ئەوانـەی لـە دایـک و باوکێکـی بـێ بـاوەڕ لەدایـک دەبـن، بـەڵام لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە ئـەوە ڕادەگەیەنێـت کـە جیاوازییەکـە تەنهـا لـە ژینگـەی دەوروبەریانـدا نییـە، بەڵکـو لەخۆیاندایـە. بـەم شـێوەیە هەڵوێسـتی یەزدانناسـانەی باوەڕدارانـی بـە کۆرپەیـی لەئاوهەڵکێـشراو هەرچییـەک بێـت، پەیڕەوکردنەکەیـان بـەردەوام دەبێـت لـە تێکەڵکـردن لەنێـوان لەدایکبـوون لـە دایـک و باوکێکـی بـاوەڕدار و لەدایکبوونـەوەی نـوێ لـە ڕۆحی پیـرۆزدا.

**٣. هەڵوێسـتی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە بـە هەڵـە وای دادەنێـت کـە خـودا گەلـی پەیمانـی نـوێ بـە هەمـان شـێوەی پەیمانـی کـۆن دروسـت دەکات.**

لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە لانـی کـەم لـە یـەک شـتی بنچینەییـدا بـە هەڵـە وای دادەنێـت، خـودا بـە هەمـان ڕێـگا کـە گەلـی پەیمانـی کۆنـی دروسـت کـرد گەلـی پەیمانـی نـوێ دروسـت دەکات. لەژێـر سـایەی پەیمانـی کۆنـدا، خـودا لەڕێـگای ڕەچەڵەکـی خێزانییـەوە گەلـی خـۆی دروسـتکرد بـۆ ئـەوەی ڕەگەزێکـی تایبەت دروسـت بـکات. بـەڵام لـە سـایەی پەیمانـی نوێـدا، خـودا بـە وشـە و ڕۆح گەلـی خـۆی دروسـت دەکات بـۆ ئـەوەی گەلێکیـان لـێ دروسـت بـکات پێکبێـت لەنێـو هەمـوو نەتـەوەکان کـە هانـا بـۆ نـاوی ئـەو دەبـەن.

لەبیـرت بـێ کـە بەهانـەی باوەڕدارانـی بە کۆرپەیـی لەئاوهەڵکێشراو پشـت دەبەسـتێت بـە لێکچوونێکـی زۆر لەنێـوان لەئاوهەڵکێشـان و خەتەنەکـردن. بـەڵام لـەو هۆکارانـەی کـە لەپێناویـدا خـودا فەرمانـی بـە ئیبراهیـم کـرد کـە هەمـوو نێرینەیەکـی نـەوەی خـۆی خەتەنە بـکات بـۆ ئەوەیـە کـە ڕەچەڵەکـی ئیبراهیـم ببێتـە ڕەگەزێـک بناسرێتـەوە، وە لـە جیهانـی دەوروبـەری جیابکرێتـەوە. وە مەبەسـتەکە هاتـە دی لـە دروسـتبوونی نەتەوەیـەک پـاش دەرچـوون لـە میـسر و پێدانـی پەیمانـی موسـایی لـە بیابانـی سـینا، ئـەوەی کتێبـی پیـرۆز پێـی دەڵێـت «پەیمانـی کـۆن» (کۆرنسـۆس ٣: ١٤)، کاتێـک خـودا گەلـی ئیسرائیلی بـۆ خـۆی هێنـا و داوای لێکـردن ڕۆڵێکـی جیـاواز بگێـڕن کـە پێکبێـت لـە گوێڕایەڵـی ڕاسـپاردەکانی بـۆ

ئـەوەی لەنێـو هەمـوو نەتـەوەکان ببنـە گەلـی تایبەتـی بەهـاداری خـۆی و ببنـە شانشـینی کاهینـان و نەتەوەیەکـی پیـرۆز (دەرچـوون ١٩: ٤-٦).

خـودا لەبەرچـاوی جیهـان ئیسرائیلـی لەسـەر تەختێـک دانـا بـۆ ئـەوەی شـوناس و ئـاکاری خـودا ڕابگەیەنێـت، ویسـتی ئیسرائیـل لـە ڕێـگای ئـەو بـڕۆن بـۆ ئـەوەی نەتەوەکانـی دەوروبـەر سـەرنج بـدەن و فێـر بـبن (دواوتـار ٤: ١-٨). خـودا بـە بەکارهێنانـی خەتەنەکـردن بـە ڕوونـی ئیسرائیلـی لـەو نەتەوانـە جیـا کـردەوە، کـە پێویسـت بـوو هەمـوو نێرینەیەکـی ئیسرائیلـی خەتەنـە بکرێـت (پەیدابـوون ١٧: ١٢). وە هەمـوو ئەوانـەی دەیانویسـت بێنـە پـاڵ گەلـی ئیسرائیـل پێویسـت بـوو ئەوانیـش خەتەنـە بکرێـن (دەرچـوون ١٢: ٤٨)؛ لـە بانگکردنـی ئیبراهیمـەوە هەتـا هاتنـی مەسـیح، گەلـی خـودا لـە ڕێگـەی خەتەنەکردنـەوە لـە جیهـان جیـا کرابوونـەوە.

نێرینـەی ئیسرائیلـی بـە درێژایـی ئـەو کاتـە ئەندامـی گەلـی خـودا بـوو جـا ئەگـەر حاڵەتـە ڕۆحییەکـەی ڕەنگدانـەوەی خەتەنەکردنەکـەی بێـت یـان نـا. خەتەنەکـردن نموونـەی تەرخانکـردن بـوو بـۆ خـودا، وە داوا لـەو کەسـانە دەکـرا کـە ژیانیـان تەرخـان کـردووە کـەوا ژیانێـک بژیـن تەرخانکـراو بێـت. لەبـەر ئـەوە خـودا گەلەکـەی ڕاسپارد و فەرمـووی: "کەواتـە دڵتـان خەتەنـە بکـەن و ئیـتر کەللـەڕەق مەبـن" (دواوتـار ١٠: ١٦؛ یەرمیـا ٤: ٤). وە بێگومـان، هەمـوو ئـەوەی بـە جەسـتە خەتەنـە کرابـوو بـە دڵ خەتەنـە نەکرابـوو، بەڵکـو هـەروەک چیرۆکـی ئیسرائیـل دەزانیـن، زۆربـەی گەلـی خـودا لەژێـر پەیمانـی کۆنـدا لـە خـودا یاخـی بـوون و خوداوەنـدی نامۆیـان پەرسـت و گونـاه و دوژمنایەتییـان کـرد. هـەروەک پاشـا و سـەرۆک و پێغەمبـەر و کاهینـان و زۆربـەی گەلـی خودایـان ڕەتکـردەوە و تووڕەیـان کـردن (یەرمیـا ٣٢: ٣٠-٣٣). گوناهەکانـی گـەل گـەورە بـوون هەتـا ئـەوەی خـودا لەسـەر زەوی دەریکـردن و نەفرەتـی پەیمانـی بـۆ دابەزانـدن، لـە شانشـینی ئیسرائیـل لـە باکـوور دەسـتی پێکـرد و پاشـان شانشـینی یەهـودا لـە باشـوور (دواوتـار ٢٨: ١٥-٦٨؛ دووەم پاشـایان ١٧: ٦-٢٣؛ ٢٥: ١-٢١).

پلانـی خـودا بـۆ ئیسرائیـل ئـەوە بـوو کـە شـکۆی خـۆی بـۆ هەمـوو نەتـەوەکان بدرەوشـێتەوە، کـە پەیمانـی کۆنـی لەگـەڵ بەسـتن بـۆ ئـەوەی گوێڕایەڵـی بـن و گەشـە

بکـەن و لـە نەتەوەکانـی دیکـە جیابکرێنـەوە بـۆ ئـەوەی شـایەتی بـدەن بـۆ داناییـە ناوازەکـەی. بـەڵام دڵـی گەلـی خـودا گەنـدەڵ بـوو. وە گوناهەکانیـان لـە سـەرووی توانـای چارەسـەریی شـەریعەتەوە بـوو. گەلـی خـودا لـە هەمـوو لایەکـەوە سـوودمەند بـوون - شـەریعەت و پەرسـتن لـە پەرسـتگا و شـکۆی خـودا لەنێویانـدا نیشـتەجێ بـوو (ڕۆمـا ٩: ٤) - بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەمـوو ئـەو سـوودمەندییە لـە کۆتاییـدا هیـچ سـوودێکی نەبـوو. زۆرێـک لـە گەلـی پەیـمان نەیانتوانـی پەیمانەکـە جێبەجـێ بکـەن. لـە خـودا یاخـی بـوون و حوکـم دران.

ئـەوەی گەلـی خـودا پێویسـتیان بـوو کـرداری چاندنـی دڵ بـوو؛ ئـەوەش ڕێـک ئـەوە بـوو کـە خـودا بەڵێنـی دا لـە پەیمانـی نـوێ پێیـان بـدات.

یەزدان دەفەرموێت: ”ئەوەتا سەردەمێک دێت،<br>
پەیمانێکی نوێ لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیل و<br>
بنەماڵەی یەهودا دەبەستم.<br>
نەک وەکو ئەو پەیمانەی<br>
لەگەڵ باوباپیرانیاندا بەستم،<br>
ئەو ڕۆژەی دەستی ئەوانم گرت<br>
بۆ ئەوەی لە خاکی میسر دەریانبهێنم،<br>
چونکە ئەوان پەیمانەکەی منیان شکاند،<br>
هەرچەندە من مێردی ئەوان بووم“.<br>
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە.<br>
یەزدان دەفەرموێت: ”ئەمە ئەو پەیمانەیە کە لەدوای ئەو ڕۆژانە<br>
لەگەڵ بنەماڵەی ئیسرائیلدا دەیبەستم،<br>
فێرکردنەکەم دەخەمە ناو بیرکردنەوەیان و<br>
لەسەر دڵیان دەینووسم.

من دەبم بە خودای ئەوان و
ئەوانیش دەبن بە گەلی من.
لەمەودوا کەس هاوڕێکەی خۆی
یان براکەی خۆی فێرناکات و بڵێت: "یەزدان بناسە،"
چونکە هەموویان دەمناسن،
لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان،
چونکە لە تاوانەکانیان خۆشدەبم،
چیتر گوناهەکانیان بەبیری خۆم ناهێنمەوە".
ئەوە فەرمایشتی یەزدانە (یەرمیا ٣١: ٣١-٣٤).

خودا ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەم پەیمانە وەک ئەو پەیمانە نابێت کە لە بیابانی سینا لەگەڵ ئیسرائیل بەستی پاش ئەوەی لە میسر دەریهێنان. ئەمە چۆن جیاواز دەبێت؟ ئەوان ئەم پەیمانە ناشکێنن (ئایەتی ٣٢).

بۆچی پەیمانەکە ناشکێنن؟ لەبەر ئەوەی خودا شەریعەتی خۆی، واتا تەورات، لەناویاندا دادەنێت و لەسەر دڵیان دەینووسێت (ئایەتی ٣٣). وە شەریعەتی خودا لە دەرەوەی خەڵکی نابێت کە لەسەریان بوەستێت و داواکاری لێیان هەبێت، بەڵکو لەناخیاندا نیشتەجێ دەبێت و لە دڵیاندا هەڵدەقوڵێت و لە ڕێگاکانی خودا ڕێنوێنییان دەکات.

وە لە بەشی داهاتووی ئەم سیپارەیە، خودا هەمان بەڵێن بە وشەی دیکە دووبارە دەکاتەوە و دەفەرموێت: "یەک دڵ و یەک ڕێبازیان پێدەدەم، بۆ ئەوەی هەردەم لێم بترسن، بۆ چاکەی خۆیان و چاکەی کوڕەکانیان لەپاش خۆیان. پەیمانێکی هەتاهەتاییان لەگەڵدا دەبەستم، کە خۆمیان لێ نەکێشمەوە و بەردەوام چاکەیان لەگەڵدا بکەم، ترسی خۆم بخەمە دڵیان، بۆ ئەوەی لێم لانەدەن" (یەرمیا ٣٢: ٣٩-٤٠). بەم شێوەیە پەیمانی نوێ هەتاهەتایی دەبێت، لەبەر ئەوەی خودا خۆی توانا بە گەلەکەی دەبەخشێت بۆ ئەوەی لێی بترسن و گوێڕایەڵی بن و

دەستی پێوە بگرن و جارێکی دیکە وازی لێ نەهێنن. ئەوەش تەنها ڕێگایەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بڵێت کە دڵەکانیان خەتەنە دەکات، شتێکیان تێدا دەکات کە خۆیان نەیانتوانیوە بیکەن (دواوتار ٣٠: ٦).

وە خودا هەمان بەڵێن بە شێوەیەکی دیکە دووبارە دەکاتەوە کاتێک لە سیپارەی حزقیێل دەفەرموویت: «دڵێکی نوێتان دەدەمێ و ڕۆحێکی نوێ دەخەمە ناوتانەوە، ئەو دڵە بەردینەتان لێ دەکەمەوە و دڵێکی گۆشتینتان دەدەمێ. ڕۆحی خۆم دەخەمە ناوتانەوە، واتان لێ دەکەم کە ڕێگای فەرزەکانم پەیڕەو بکەن و حوکمەکانم بەجێبهێنن و کاریان پێ بکەن" (حزقیێل ٣٦: ٢٦-٢٧). خودا بەڵێنی دا دڵی نوێ بە گەلەکەی ببەخشێت، وە وا بکات ڕۆحی خۆی تێیاندا نیشتەجێ بێت بۆ ئەوەی بە جۆرێک گوێڕایەڵی خواستی ئەو بن کە هەرگیز شتی وا نەبووە. شەریعەتی خودا لەنێو دڵیان، وە دڵانێکی یەکگرتوو و خەتەنەکراو، وە دڵی گۆشت نەک بەرد، وە ڕۆحی خودا لە ناخیاندا - هەموو ئەمانە ڕاگەیاندنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی لە پەیمانی نوێدا گەلی خودا خودای خۆیان دەناسن و گوێڕایەڵی دەبن، لەبەر ئەوەی خودا خۆی لە ناوەوە بۆ دەرەوە دەیانگۆڕێت.

هەروەها تێبینی ئەوە بکە کە بەڵێنی پەیمانی نوێ وەک ئەوەی لە (یەرمیا ٣١) هاتووە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە بە نزیکەکەی بڵێت «خودا بناسن»؛ «چونکە هەموویان دەمناسن، لە بچووکیانەوە هەتا گەورەیان" (ئایەتی ٣٤). واتا هەموو گەلی خودا، خودا دەناسن. ئەوەی کە بە ڕوونی لەو بەڵێنانەی خودادا دەیبینین وا دەکات خودا ڕوون و ئاشکرا بێت؛ هەموو گەلی خودا دەگۆڕێن. واتا هەموو ئەوەی لەناو پەیمانەکەدایە پەیمانەکە دەهێنێتە دی، وە هەموو ئەوانەی ناویان لێنراوە گەلی خودا دەژین بەو پێیەی کە بەڕاستی گەلی خودان. لە کۆتاییدا ئەم پەیمانە نوێیە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە لە نێوان پەیوەستبوون بە پەیمان و پاراستنی پەیمان. لە بنەڕەتدا ئەوە هۆکاری هەبوونی پەیمانی نوێیە.

هەر چەندە گەل ئەو پەیمانەیان شکاند کە خودا لە بیابانی سینا لەگەڵیان بەستی، لە ئەنجامی ئەوەدا سزایەکی دادپەروەرانەیان وەرگرت لە ڕاپێچکردن و

وێرانبـوون، ئـەوا زۆربـەی گەلـی خـودا – هەموویـان نـا - لـە چوونـە نێـو پەیمانـی نـوێ خـودا دەناسـن و خزمەتـی دەکـەن، وە گوناهەکانـی گەلـی خـودا بـە تـەواوی دەبەخشرێـت (ئایەتـی ٣٤)، وە هەموویـان دەبنـە گەلـی خـودا، نـەک تەنهـا لـە دەرەوە، بەڵکـو لـە نـاوەوە. وە ئـەوە بـە دیاریکـراوی وا دەکات پەیمانـی نـوێ، نـوێ بێـت، وە جیـاواز بێـت لـەو ڕێگایـەی کـە لـە پەیمانـی موسـاییدا خـودا هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ گەلەکـەی کـرد (ئایەتـی ٣١).

لـە مـردن و هەسـتانەوەی مەسـیحدا خـودا ئـەو پەیمانـە نوێیـەی بەسـت (لۆقـا ٢٢: ٢٠؛ عیبرانییـەکان ٩: ١٥). وە لـە ڕۆژی پەنجایەمینـدا، خـودا هـەروەک لەسـەر زاری پێغەمبـەران بەڵێنـی دابـوو ڕۆحـی خـۆی ڕشـتە سـەر گەلەکـەی (کـرداری نێـردراوان ٢: ١- ٤١). ئیـدی لـەو کاتـەوە، خـودا بـە وشـە و ڕۆحـی خـۆی بانگهێشـتی گەلـی پەیمانـە نوێیەکـەی دەکات بـۆ خـۆی.

لـە پەیمانـی کۆنـدا، خـودا گەلـی خۆی دروسـتکرد بـەوەی نـەوەی ئیبراهیمی نیشـان کـرد و کردییـە نەژادێکـی تەرخانکـراو. خەتەنـە و شـەریعەتی پـێ بەخشـین بـۆ ئـەوەی لـە جیهـان جیـا بکرێنـەوە. بـەڵام هەمـوو ئـەوەی بـە جەسـتە خەتەنـە کرابـوو بـە دڵ خەتەنـە نەکرابـوو، وە هەمـوو ئەوانـەی لەنێـو پەیمانـدا بـوون پەیمانەکەیان نەپاراسـت. گەلـی خـودا لـە هـەر بارودۆخێکـی ڕۆحـی بوونایـە، بـە خەتەنـە جیـا دەکرانـەوە.

بـەڵام لـە پەیمانـی نوێـدا خـودا بـە ڕێگایەکـی تـەواو جیـاواز گەلەکـەی دروسـت دەکات؛ بابەتەکـە لەسـەر ئـەوە ناوەسـتێت کـە یـەک نـەژادی دیاریکـراو بگرێتـەوە، بەڵکـو خـودا بـە کاری ڕۆحـی خـۆی لـە دڵـی خەڵـک و بـە وشـەی ئینجیـل، خەڵکـی لـە هەمـوو نەتـەوەکان بانگهێشـت دەکات. وە بـە لەدایکبوونـەوەی نـوێ گەلـی ئـەو پەیمانـە نوێیـە دروسـت دەکات. لەبـەر ئـەوە تاکـە ڕێـگا بـۆ گەلـی پەیمانـی نوێـی خـودا لەدایکبوونـی نوێیـە لـە لایـەن ڕۆحـی پیـرۆزەوە.

بـەم شـێوەیە، هەڵوێسـتی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە بـە هەڵـە وا دادەنێـت کـە خـودا گەلـی پەیمانـی نـوێ بـە هەمـان شـێوە دروسـتدەکات کـە گەلـی پەیمانـی کۆنی دروسـتکرد؛ واتـا لـە ڕێـی ڕەچەڵەکـەوە. ئـەو هەڵوێسـتە نیشـانەی پەیمانـی نـوێ پێشـکەش دەکات،

واتـا لەئاوهەڵکێشـان، بـۆ کۆرپـەی لەدایکبـوو کـە پێیـان وایـە ئـەو کۆرپانـە پەیمانـی نـوێ دەیانگرێتـەوە. بـەڵام مـرۆڤ بـە لەدایکبوونـی سروشـتی نایەتـە نـاو پەیمانـی نوێـوە، بەڵکـو بـە لەدایکبوونـەوەی نوێـی ڕۆحـی. وە هـەر یەکێـک لەنێـو پەیمانی نوێـدا بێـت گوناهەکانی بەخـشراوە و خـودا دەناسـێت، وە هـەر یەکێـک لەنێـو پەیمانـی نوێـدا بێـت شـەریعەتی خـودا لەنێـو دڵیـدا نـووسراوە، وە هـەر یەکێـک لەنێـو پەیمانـی نوێـدا بێـت ڕۆحـی خـودا تێیـدا نیشـتەجێیە و نوێـی دەکاتـەوە و دەتوانێـت بـە ڕێگاکانـی خـودادا بـڕوات. بـەڵام ئـەوەی لـە دایـک و باوکێکـی بـاوەڕدار لەدایـک دەبێـت، هیـچ دەسـتەبەرییەک نییـە کـە لـە ژیانیـدا ڕاسـتییەکانی ئـەو پەیمانـە نوێیـەی تێـدا بێتـە دی.

پەیمانـی نـوێ بـە لەدایکبـوون نایەتـە دی، بەڵکـو بـە لەدایکبوونـەوەی نوێـوە دێتـە دی. بۆیـە پێویسـتە نیشـانەی پەیمانـی نـوێ بدرێتـە ئـەو کەسـانەی کـە ئامـادەن بـۆ لەدیکبوونـەوەی نـوێ بـە دانپێدانانیـان بـە بـاوەڕ بـە مەسـیح.

## ٤. لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە لـە گرنگیـی ئەرکـی کڵێسـا وەک خـوێ و ڕووناکیـی جیهـان کـەم دەکاتـەوە (مەتـا ٥: ١٣-١٦).

گەلـی پەیمانـی کـۆن لـە پێکهاتـەدا تێکەڵەیەکـی ڕۆحـی بـوو. یەکەم جار نیشـانەی جەسـتەیی خەتەنەکـردن هاتـە ئـاراوە، بەبـێ ئـەوەی کـە گەرەنتـی دڵـی خەتەنەکـراو بـکات. ئەمـە ڕێـک ئـەو شـتەیە کـە خـودا لـە پەیمانـی نوێـدا دەیگـۆڕێـت؛ لـە پێکهاتەدا، خـودا لـە پەیمانـی نوێـدا هەمـوو گەلەکـەی نـوێ دەکاتـەوە و لێیـان خـۆش دەبێـت و پڕیـان دەکات لـە ڕۆحـی خـۆی.

ڕاسـتە کـە هەندێـک لەوانـەی بـاوەڕدار نیـن بـە شـێوەیەک لەنێـو کڵێسـادان. بـەڵام خـودا لـە بنەڕەتـدا کڵێسـای بـۆ ئـەوە دروسـت نەکـردووە. وەک ئـەوەی گفتوگـۆ بکرێـت لەسـەر ئـەوەی کـە هەندێـک لەوانـەی هاوسـەردارن هەوەسـبازییان هەیە و داوێنپیسـی دەکـەن! بەڵـێ، هەندێکیـان ئـەوە دەکـەن، بـەڵام ئەوانـە لادانـن لـە ڕەسـەنەکە. لەبـەر ئـەو هـۆکارە عیسـا ئـەوەی بـە کڵێسـا بەخشـیوە کـە پێـی دەگوترێـت تەمبێکردنـی کڵێسـایی (مەتـا ١٨: ١٥-٢٠). ئەوانـەی کـە ژیانـی تۆبەنەکردوویـان دەریدەخـات کـە

ئەندامـی پەیمانـی نـوێ نیـن، دەبێـت لـە کۆمەڵـەی پەیمانـی نـوێ دوور بخرێتـەوە. ئەمـە دەیسـەلمێنێت کـە عیسـا دەیەوێـت کڵێسـا پێچەوانـەی ئیسرائیـل بێـت لـە پەیمانـی کـۆن و کۆمەڵێـک بـن لەوانـەی تـاک بـە تـاک خـودا دەناسـن.

بـەڵام لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە، لەسـەر زەوی ئـەو کەسـانە دێنێتـە نێـو کۆمەڵـەی پەیمانـی نـوێ کـە بەشـداری لـە ڕاسـتییەکانی پەیمانـی نـوێ ناکـەن. هـەروەک ئەندامێتیـی کڵێسـا دەبەخشـێتە ئەوانـەی بـاوەڕدار نیـن بـە مەسـیح. وە بێگومـان ئـەوە شـایەتیدانی کڵێسـا بـۆ مەسـیح لاواز دەکات. سـەرباری ئـەوە، شـۆکبوونی دوورخسـتنەوەی گەنجێکـی تەمـەن نـۆزدە سـاڵ کـە لـە کۆرپەییـدا لـە کڵێسـا لـە ئـاو هەڵکێـشراوە بـە هـۆی شـێوازی خراپـی ژیانیـەوە گەورەتـرە لـەوەی تەنهـا چـاوەڕێ بکەیـت بـۆ ئـەوەی ئەمـە وەک بـاوەڕدار دان بـە مەسـیحدا بنێـت ئینجـا لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت، لـەدوای ئـەوەی ڕاسـتی باوەڕەکـەی دەسـەلمێنێت.

بـەم شـێوەیە، سـەرەڕای نیـازی پاکـی ئـەو باوەڕدارانـەی کۆرپـە لـە ئاو هەڵدەکێشـن، بـەڵام لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە سـوێریی کڵێسـا کـەم دەکاتـەوە و ڕووناکییەکـەی لاواز دەکات (مەتـا ٥: ١٣-١٦). وە لەئاوهەڵکێشـان وا دەکات ئـەم کڵێسـایە بـە تێپەڕبوونـی کات زیاتـر و زیاتـر لـە جیهـان بچێـت، چونکـە جیهـان دەهێنێتـە نـاو کڵێسـاوە.

### ٥. لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دوو جیـاوازی گرنـگ لـە نێـوان لەئاوهەڵکێشـان و خەتەنـە ناهێڵێت.

لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دوو جیـاوازی گرنـگ لـە نێـوان لەئاوهەڵکێشـان و خەتەنـە ناهێڵێـت. یەکـەم، ئەرکـی خەتەنەکـردن ئـەوە بـوو کـە گەلـی خـودا جیـا بکاتـەوە بـەوەی نەژادێکـی تەرخانکـراون. وە خەتەنەکـردن ئـەو مەبەسـتەی دەهێنایـە دی جـا ئەگـەر خەتەنەکراوەکـە دڵـی خەتەنـە کرابێـت یـان نـا؛ خەتەنەکـردن یەکێـک بـوو لـەو ئامرازانـەی کـە خـودا تێیـدا گەلـی دروسـتکرد و لەژێـر پەیمانـی کۆنـدا بـوون لـە لایەنـی ڕەگـەز و ڕەچەڵـەک و ڕامیارییـەوە. بـەڵام هەندێـک جـار لایەنگرانـی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە لـە پێداگرییـان لـە لایەنـی ڕۆحـی خەتەنەکـردن ئـەوەی لەبیـری دەکـەن

لایەنەکانـی ڕەگـەز و ڕامیارییـە. بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان، لـە بەرامبـەردا، ڕەچەڵەکێکـی تـەواو جیـاواز وێنـا دەکات؛ واتـا لەدایکبوونـەوەی نـوێ بـە ڕۆحـی پیـرۆز.

دووەم، نیشـانەی خەتەنەکردنـی تاکـی ئیسرائیلـی بـەوەی کـە تایبەتـە بـە خـودا. کەسـەکە تەرخـان دەکات بـۆ خـودا و دەیکاتـە بەشـێک لـە گەلـی پیـرۆزی خـودا؛ واتـە تەرخانـی دەکات. وە بـەوە، خەتەنەکـردن ئامـاژە بـوو بـۆ پێویسـتی گەلـی خـودا بـۆ تەرخانکردنـی دڵـەکان و ژیانیـان بـۆ خـودا لەپێنـاوی ئـەوەی ئەمـە بگونجێـت لەگـەڵ ڕاسـتیی ئـەو پەیمانـەی کـە تێیـدان. لەبـەر ئـەوە گەلـی خـودا، گەلـی ئیسرائیـل، پێشـتر خەتەنەکـراو بـوون کاتێـک لـە سـپارەی دواوتـار و یەرمیا خـودا داوای لێکـردن دڵەکانیان خەتەنـە بکـەن (دواوتـار ١٠: ١٦؛ یەرمیـا ٤: ٤). تەنانـەت کـرداری بڕینـی بەشـێک لـە جەسـتەی پیـاو هەڕەشـەی ئـەوە بـوو کـە ئەگـەر ئـەو پیـاوە سـەرپێچی پەیمانەکـە بـکات لەبـەردەم خـودا و گەلەکـەی دوور بخرێتـەوە (پەیدابـوون ١٧: ١١-١٤). دەکرێـت بـە دەربڕینێکـی دیکـە بڵێـم کـە خەتەنەکـردن داواکاری پیرۆزییـە، وە ئامـاژە بـوو بـۆ ئـەوەی گەلـی ئیسرائیـل پێویسـتیان بـە سروشـتێکی نـوێ هەیـە.

بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان، شـایەتییە بـۆ لەدایکبوونـی تـاک و لەدایکبوونـەوەی نـوێ و وەرگرتنـی سروشـتی نـوێ و نوێبوونـەوەی ناخـی بـە ڕۆحـی پیـرۆز. لەئاوهەڵکێشـان شـایەتییە بـۆ ئـەوەی کەسـەکە لەگـەڵ مەسـیح یەکیگرتـووە و ژیانـی نوێـی تێدایـە. سـپارەکانی پەیمانـی نـوێ فەرمانـی لـەو شـێوەیە بـە بـاوەڕداران نـاکات کـە لـە (دواوتـار ١٠: ١٦) هاتـووە: «دڵتـان خەتەنـە بکـەن و ئیـتر کەللـەڕەق مەبـن“، بەڵکـو ئەوەیـان پێدەڵێـت کـە لـە (ڕۆمـا ٦: ١-٤) هاتـووە و پوختەکـەی ئەمەیـە: ”لەبیرتـان بـێ کـە ئێـوە لـە ئـاو هەڵکێـشران، کەواتـە لەنێـو گوناهـدا مەمێننـەوە، ئێـوە پێشـتر سـەبارەت بـە گونـاە مـردن. بەڵکـو ژیانێکـی هەسـتاوەی نـوێ بژیـن کـە لـە مەسـیحدا بـۆ ئێوەیـە». لەئاوهەڵکێشـان ئاماژەیـە بـۆ بەڵێنـی ژیانێکـی نـوێ لە مەسـیحدا کە لـە ژیانی بـاوەڕداردا دێتـە دی. بـەم شـێوەیە، ئەوەمـان بـۆ دەردەکەوێـت کە خەتەنەکردن کەسـەکە لـە لایەنی پێگەکەیـەوە تەرخـان دەکات و داوا دەکات دڵـی تەرخـان بـکات، بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان ئـەوە ڕادەگەیەنێـت کـە تەرخانکردنـی پێشـتر بـووە و لـە مەسـیحدا ڕوویـداوە.

هەڵوێستی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە هێڵێکی ڕاست دەکێشێت لە نێوان خەتەنەکردن و لەئاوهەڵکێشان، لەگەڵ ئەوەی خەتەنەکردن لە پەیمانی نوێدا بە نیشانەی لەئاوهەڵکێشان تەواو دەکرێت، بەڵام پۆڵس ئەو هێڵەی نەکێشاوە. سەرنج بدە ئەوەی نووسراوە لە (کۆلۆسی ٢: ١١-١٢)؛

> هەروەها بە یەکبوونتان لەگەڵ مەسیحدا ئێوە خەتەنەیەک کراون کە بە دەستی مرۆڤ ناکرێت. پێشتر تەواوی سروشتە گوناهبارەکەتان لەلایەن جەستەوە بەڕێوەدەبردرا، بەڵام کاتێک ئێوە لەلایەن مەسیحەوە خەتەنە کرانa، سروشتە گوناهبارەکە داماڵرا. لە کاتی لەئاوهەڵکێشانتان لەگەڵ ئەودا نێژران، لەگەڵ ئەویش هەستێنرانەوە بەهۆی باوەڕتان بە توانای خودا، کە لەنێو مردووان هەڵیستاندەوە.

پۆڵس دەڵێت کە باوەڕداران بە مەسیح خەتەنە کراون. چۆن خەتەنە کراون؟ لە ڕاستیدا بە شێوەیەک خەتەنە کراون «کە دەستکرد نییە»؛ واتا مرۆڤ کاری خەتەنەکردنەکەی ئەنجام نەداوە. کەواتە کێ خەتەنەی کردووین؟ خەتەنەکردنەکە ڕوویدا کاتێک "جەستەی گوناهەکان"مان لێ داماڵرا؛ واتا کاتێک سروشتە گوناهبارە کۆنەکەمان لێ داماڵرا. وە کێ توانای هەیە ئەوە بکات؟ بێگومان، تەنها خودا. ئێمەی باوەڕدار بەو شێوەیە «خەتەنە کراین»، کاتێک خودا مرۆڤە کۆنەکەی ئێمەی «داماڵی»، سروشتە گوناهبارەکەی مراندین، وە بە عیسا دڵێکی نوێ و ڕۆحێکی نوێ و خودێکی نوێی پێ بەخشین. بە دەربڕینێکی دیکە، پۆڵس دەڵێت کە هەموو باوەڕداران ئەزموونی ئەو خەتەنەکردنەی دڵیان کردووە کە خودا لە ڕێگەی پێغەمبەرانەوە داوای لە ئیسرائیل کردووە و بەڵێنی داوە.

بەڵام ئەوە چ پەیوەندییەکی بە لەئاوهەڵکێشانەوە هەیە؟ لێرەدا پۆڵس دەڵێت کە لە لەئاوهەڵکێشاندا نێژراین و بە باوەڕ لەگەڵ مەسیح هەستاینەوە. لەبەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان ساتی ڕاگەیاندنی ئەو باوەڕەیە بە ئاشکرا، پۆڵس بەکاریدەهێنێت بۆ ئاماژەکردن بە تەواوی ئەزموونی گۆڕینەکەمان. کەی مرۆڤە کۆنەکەمان داکەند؟ کاتێک لەگەڵ مەسیح نێژراین و بە باوەڕ لەگەڵی هەستاینەوە،

وه لەئاوهەڵکێشـانەکە وێنـای ئـەو مـردن و هەسـتانەوەیە دەکات کـەوا بـە بـاوەڕ دەچینـە ژێـر بـاری.

کەواتـە چـۆن خەتەنەکردن بـە لەئاوهەڵکێشـانەوە دەبەسـترێتەوە؟ لەئاوهەڵکێشـان نیشـانەی پەیمانـی نوێیـە کـە ئامـاژە بـە دڵـی خەتەنەکـراو دەکات، نـەک جەسـتە. لەئاوهەڵکێشـان نیشـانی دەدات کـە ئـەو ڕاسـتییانەی کـەوا خەتەنەکـردن داوای کـردووە بەبـێ ئـەوەی گەرەنتـی دەسـتەبەرکردنی بـکات، ئێسـتا بووەتـە ڕاسـتی لـە ژیانـی بـاوەڕداردا. واتـا دەڵێـت ئـەوەی خەتەنەکـردن بەبـێ ئـەوەی پێشکەشـی بـکات ئامـاژەی پێکـرد، ئێسـتا هاتـە دی. وە چـۆن خەتەنەکـردن لـە پەیمانـی نوێـدا دەکرێـت؟ نـەک بـە لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە، کـە هێشـتا ئەزموونـی ڕاسـتییەکانی پەیمانـی نوێیـان نەکـردووە، کـە ڕەنگـە هەرگیـز ئەزموونـی نەکـەن. لـە جێگـەی ئـەوە، خەتەنەکـردن بـەو ڕێگایـە دەکرێـت کـە تێیـدا لەئاوهەڵکێشـان وێنـای خەتەنەکردنـی دڵ دەکات. وەک ئـەوەی خەتەنەکـردن بـە گەلـی ئیسرائیلـی گـوت: «خۆتـان نـوێ بکەنـەوە!» وە لەئاوهەڵکێشـان بـە بـاوەڕدار دەڵێـت: «ئـەم مرۆڤـە بـووە مرۆڤێکـی نـوێ!»

**٦. لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە وا دەکات بەڵێنـی پەیمانـی نوێـی خـودا کەمـتر بێـت لـەوەی کـە بەڵێـن بێـت.**

وە لـە کۆتاییـدا، لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە وا دەکات بەڵێنـی پەیمانـی نوێـی خـودا کەمتربێـت لـەوەی کـە بەڵێـن بێـت. ئـەو باوەڕدارانـەی کـە بـە کۆرپەیـی لەئاهەڵکێشراون بـەوە دەناسرێنـەوە کـە ئامـاژە دەکـەن بـە (کـرداری نێـردراوان ٢: ٣٨-٣٩) کـە تێیـدا پەتـرۆس دەڵێـت: «ئـەم بەڵێنـەش بـۆ خۆتـان و منداڵەکانتـان". بـەڵام لێـرەدا باسـی چ بەڵێنێـک دەکەیـن؟ ئـەو باوەڕدارانـە دەڵێـن بەگوێـرەی ئـەم ئایەتـەی کتێبـی پیـرۆز خـودا بەڵێنـی پەیمانـی نوێـی بـە بـاوەڕداران و منداڵەکانیـان داوە. لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە هەمـان کاتـدا دان بـەو ڕاسـتییەدا دەنێـن کـە زۆرێـک لەوانـەی بـە کۆرپەیـی لـە ئـاو هەڵدەکێشرێـن بـەرەو مەسـیح نایـەن. وە ئـەوەش واتـا زۆرێـک لەوانـەی لـە تەمەنێکـی کەمـدا نیشـانەی پەیمانـی نـوێ وەردەگـرن هەرگیـز ئەزموونـی ڕاسـتییەکانی پەیمانـی نوێ ناکـەن. بـەڵام، کەواتـە بـە چ جۆرێـک بەڵێنـی خـودا بـۆ پەیمانـی نـوێ دەبێتـە بەڵێـن؟

دەتوانم مشتومڕی ئەوە بکەم کە بەگوێرەی باوەڕدارانی بە کۆرپەیی لەئاوهەڵکێشراو، بەڵێنی خودا بە بەڵێن دانانرێت. وە بۆ ئەوەی لە فشاری بابەتەکە کەم بکەنەوە، زۆریان دەڵێن کە دەکرێ کەسێک بە دوو ڕێگا سەر بە پەیمانی نوێ بێت؛ یەکەمیان ڕووکەشییە و لە دەرەوەیە و دووەمیان لە ناخدایە و کرۆکییە. بە دەربڕینێکی دیکە، دەکرێ ئەندامێک بیت لە پەیمانی نوێ بەبێ ئەوەی گوناهەکانت ببەخشرێت، وە شەریعەتی خودا لەنێو دڵتدا بنووسرێت بەبێ ئەوەی خودا بناسیت. بەڵام بەگوێرەی ئەوەی پێشتر گفتوگۆمان لەسەری کرد، ئەم دابەشبوونەی نێوان سەربە پەیمان بوون و جێبەجێبوونی پەیمان بە دیاریکراوی، ئەوەیە کە پەیمانی نوێی خودا دەیسڕێتەوە. خودا بەڵێن دەدات هەموو ئەوانەی لەنێو پەیمانەکەدان پەیمانەکە جێبەجێ دەکەن و بەرەکەتەکانی ئەزموون دەکەن، بە دیاریکراوی لەبەر ئەوەی خۆی دەستەبەری ئەوە دەکات. خودا خۆی شەریعەتەکەی لەنێو دڵیاندا دەنووسێت و ناسینێکی ڕاستەقینەیان پێ دەبەخشێت بۆ کەسیی خۆی و لە گوناهەکانیان خۆشدەبێت (یەرمیا ٣١: ٣١-٣٤). بەو شێوەیە بیرۆکەی سەرەکی لە پەیمانی نوێ ئەوەیە کە ئەو کەسەی سەر بە پەیمانی نوێیە، پەیمانەکە جێبەجێ دەکات، وە ئەوەی لەنێو گەلی پەیمانی نوێیە دڵێکی نوێ و خودێکی نوێی پێ دەبەخشرێت.

لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە کە تیۆرییەکی نوێ دادەهێنێت پێی دەگوترێت «لە پەیمانی نوێدایە، بەڵام سەربە پەیمانی نوێ نییە“. ئەمەش وا دەکات کە بەڵێنی خودا کەمتر بێت لە بەڵێنێک. لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە گەرەنتی ئەوە ناکات کە منداڵەکە گەورە دەبێت و خودا دەناسێت، بەو جۆرەی کە باوەڕدارانی بە کۆرپەیی لەئاوهەڵکێشراو بە ئاشکرا باسی دەکەن. ئەگەر وایە، خودا بەڵێنی چی بە منداڵانی باوەڕدار دەدات؟ بەڵێنی پەیمانی نوێ نییە؛ ئەگەر بەڵێنێک نەیەتە دی، کەواتە بەڵێنی خودا نییە.

## وەڵامی ڕەخنەکانی باوەڕدارانی بە کۆرپەیی لەئاوهەڵکێشراو

بێگومان باوەڕدارانی بە کۆرپەیی لەئاوهەڵکێشراو بەرگری دەکەن دەکەن لەو

خاڵانـەی کـە باسـمان کـردن. وە بـۆ ئـەوەی گفتوگۆکـە گشـتگیر و بـێ لایـەن بێـت، بـا تەماشـای پێنـج لـەو بەهانانـە بکەیـن.[a]

**١. لەئاوهەڵکێشـانی خێزانـەکان لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان بۆمـان دەردەخـات کـە خـودا لـە پەیمانـی نوێـدا هەڵسـوکەوت لەگـەڵ تـەواوی خێزانەکانـدا دەکات.**

زۆر جـار باوەڕدارانـی بـە کۆرپەیـی لەئاوهەڵکێـشراو ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە پێـی دەگوترێـت «لەئاوهەڵکێشـانی خێزانـی» لـە سـیپارەی کـرداری نێـردراوان (بـۆ نموونـە؛ کـرداری نێـردراوان ١٦: ١٥، ٣١- ٣٤؛ هەروەهـا بڕوانـە یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ١٦)، بـۆ ئـەوەی پیشـانی بـدەن کـە خـودا لـە پەیمانـی نوێـدا هێشـتا وەک خێـزان هەڵسـوکەوت لەگـەڵ خێزانـەکان دەکات. وە ئەگـەر کەسـانی ماڵـەوە هەموویـان لـە ئـاو هەڵکێـشران کاتێـک سـەرۆکی خێزانەکـە بـاوەڕی هێنـا، بێگومـان ئەمـە کۆرپـەش دەگرێتـەوە. وە ئەگـەر کۆرپـە لـە ئـاو هەڵنەکێشرێـت، وا دیـارە کـە ڕزگاریـی خـودا لـە ڕێگـەی خێزانەوە کار دەکات، نـەک جیـاواز لـەوان، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە منداڵانـی بـاوەڕداران لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن.

بـەو شـێوەیە شرۆڤـەی دەکـەن. بـەڵام بەڕاسـتی دەقـی کتێبـی پیـرۆز چـی دەڵێـت؟ بـا تەماشـای ئـەوە بکەیـن کـە دەربـارەی پۆڵـس و سـیلا و چاودێرەکـەی بەندیخانـە فیلیپـی تۆمـار کـراوە:

> جـا پەیامـی مەسـیحی خـاوەن شـکۆیان بـۆ خـۆی و هەمـوو ئەوانـەی لـە ماڵەکەیـدا بـوون ڕاگەیانـد. ئیـتر چاودێرەکـە لـەو کاتـەی شـەودا بردنـی و برینەکانـی سـاڕێژ کـردن و پاشـان دەسـتبەجێ خـۆی و خاووخێزانەکـەی لـە ئـاو هەڵکێـشران. ئینجـا بردنییـە ماڵـەوە و خواردنـی بـۆ دانـان، خـۆی و خاووخێزانەکـەی زۆر دڵشـاد بـوون، کـە باوەڕیـان بـە خـودا هێنابـوو (کـرداری نێـردراوان ١٦: ٣٢-٣٤).

---

a لە چەندین خاڵی ئەم بەشەدا، لە شرۆڤەکردنیدا پشتم بەم سەرچاوەیە بەستووە:

Bruce A. Ware, “Believers‘ Baptism View,” in Baptism: Three Views, 19–50.

یەکـەم، تێبینـی ئـەوە بکـە پۆڵـس و سـیلا "پەیامـی مەسـیحی خـاوەن شـکۆیان" بـۆ هەمـوو ئەوانـەی ماڵـەوە ڕاگەیانـد. هەمـوو ئەوانـەی لـە ماڵـەوە بـوون تەمەنیـان ئەوەنـدە بـووە کـە باسـی پەیامـی ئینجیلیـان بـۆ بکرێـت، ئەمـەش بیرۆکـەی بوونـی کۆرپـە یـان منداڵـی زۆر بچـووک ڕەتدەکاتـەوە. دووەم، چاودێرەکـە لەگـەڵ خاووخێزانەکـەی زۆر دڵشـاد بـوون لەبـەر ئـەوەی باوەڕیـان هێنـا. وە دەربڕینـی یۆنانـی لێرەدا کـە بـە واتـای "لەگـەڵ خاووخێزانەکـەی" دێـت، دەکـرێ وەسـفی دڵخۆشـی یـان باوەڕەکـە بێت`ایـی ئایەتەکانـی پێشـووتر بخوێنرێتـەوە. هەروەهـا دەپرسـم: بۆچـی ئـەو باوەڕدارانـەی کـە بـە منداڵـی لـە ئـاو هەڵکێـشراون ژن یـان مێـردی بـاوەڕدارە نوێیـەکان لـە ئـاو هەڵناکێشـن کـە هێشـتا باوەڕیـان نەهێنـاوە ئەگـەر ئـەم ئایەتانـەی کتێبـی پیـرۆز فێرمـان دەکـەن کـە کەسـانی دیکـەی خێـزان لـە ئـاو هەڵبکێشـین؟ ئـەی منداڵانـی پێگەیشـتوو یـان ئەوانـەی لـە قۆناغـی هەرزەکاریـدان؟

**٢. پۆڵـس بـە منـداڵان دەڵێـت وەک شـوێنکەوتەی مەسـیحی باڵادەسـت گوێڕایەڵـی گەورەکانیـان بـن (ئەفەسـۆس ٦: ١)، هـەروەک دەڵێـت منداڵانـی دایـک و باوکـی بـاوەڕدار «پیـرۆزن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ١٤). ئـەوەش وای دادەنێـت کـە ئـەوان ئەندامـی پەیمانەکـەن.**

لـە (ئەفەسـۆس ٦: ١)، پۆڵـس منـداڵان ڕادەسـپێرێت کـە وەک شـوێنکەوتەی مەسـیحی باڵادەسـت گوێڕایەڵـی گەورەکانیـان بـن، هـەروەک لـە (یەکـەم نامـەی کۆرنسـۆس ٧: ١٤) دەڵێـت کـە منداڵانـی ژن یـان پیـاوی بـاوەڕدار «پیـرۆزن» تەنانـەت ئەگـەر هاوسـەرەکەی باوەڕداریـش نەبێـت؟ ئایـا ئەمـە ئامـاژە نییـە بـۆ ئـەوەی کـە پۆڵـس پێـی وا بـووە کـە منداڵانیـش ئەندامـی پەیمانـی نوێـن؟

بـا لـە (ئەفەسـۆس ٦: ١) دەسـتپێبکەین. مەبەسـتمان چییـە کـە پۆڵـس وەکـو شـوێنکەوتەی مەسـیح ئامـاژە بـەم منداڵانـە دەکات؟ پێـم وایـە لێکۆڵـەری پەیمانـی نوێ، (فرانـک تیلمـان)[a] کـە ئەندامـی کڵێسـای پیرانییـە[b]، وەڵامێکـی پێویسـت دەداتـەوە. لـە

---

a Frank Thielman

b (Presbyterian Church) ئۆل و مەزەبێکن لە شوێنکەوتووانی مەسیح کە هەموو بڕیارەکانی کڵێسایان بە سەرپەرشتی دەستەیەکی پیرانە.

نامەی ئەفەسۆس، ئەم دەربڕینە ئاماژەیە بۆ باوەڕدارانی یەکگرتوو لەگەڵ مەسیح، کەوا پۆڵسی دەڵێت: باوەڕداران بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا گەشە دەکەن هەتا ببنە پەرستگایەکی پیرۆز (ئەفەسۆس ۲: ۲۱)، وە باوەڕدارانی ئەفەسۆس پێشتر لە تاریکیدا بوون بەڵام بە یەکبوونیان لەگەڵ مەسیحی باڵادەست بوونە ڕووناکی (ئەفەسۆس ٥: ٨)، وە چەندین شوێنی دیکە (سەرنج بدە ئەفەسۆس ٤: ١؛ ٤: ١٧). کەواتە بۆچی لێرەدا پۆڵس بەو شێوەیە قسە بۆ منداڵان دەکات؟ فرانک تیلمان دەڵێت: "لەبەر ئەوەی بە باوەڕ هاتنە پاڵ مەسیح (١: ١٣)، پێویستە کە گوێڕایەڵی دایک و باوکیان بن».[a]

بە دەربڕینێکی دیکە، پۆڵس قسە بۆ منداڵان ناکات وەک ئەوەی ئەندام بن لە پەیمانی نوێ کە ڕەنگە بە باوەڕ لەگەڵ مەسیح یەکبگرن، بەڵکو قسە بۆ منداڵان دەکات بەو پێیەی کە باوەڕدارن و ڕاپاندەسپێرێت کە گوێڕایەڵی گەورەکانیان بن لەبەر ئەوەی باوەڕدارن. لێرەدا پۆڵس وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە ئاخۆ منداڵی بێ باوەڕ کە لە دایک و باوکێکی باوەڕدار لەدایکبوونە پێگەیەکی تایبەتی پەیمانیان هەیە یان نا.

بەڵام لە (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٤)، پۆڵس دژایەتی ئەو بیرۆکە هەڵەیە دەکات کە ئەگەر ئەو کەسەی پێشتر هاوسەردار بووبێت و باوەڕی بە مەسیح هێناوە پێویستە لە ژن یان مێردە بێ باوەڕەکەی جیا ببێتەوە. مەنتق و لۆژیک دەڵێت: "چونکە مێردە بێباوەڕەکە لە ژندا پیرۆزکراوە و ژنی بێباوەڕ لە پیاودا پیرۆزکراوە، ئەگینا منداڵتان گڵاوە، بەڵام ئێستا پیرۆزە". زۆر جار باوەڕدارانی بە کۆرپەیی لەئاوهەڵکێشراو ئەوەی لەم لۆژیکە پشتی پێ دەبەستن ئەوەیە کە پۆڵس منداڵانی باوەڕداران بە «پیرۆز» دەزانێت لەبەر ئەوەی ئەندامن لە پەیمانی نوێ، تەنانەت ئەگەر خۆشیان ئەزموونی تەواوکرنی بەڵێنەکانی پەیمانی نوێیان نەکردبێ.

تێبینی یەکەم لەسەری ئەوەیە کە ئەم دەقە بە هیچ شێوەیەکی ڕوون باسی لەئاوهەڵکێشانی نەکردووە. وە دووەم ئەوەیە کە پۆڵس هاوسەری بێباوەڕ بە

---

a Frank Thielman, Ephesians, BECNT (Grand Rapids: Baker, 2010), 397

”پیرۆز“ ناوزەد دەکات بە هەمان شێوەی منداڵان؛ بۆیە، دیسان، هەر بەهانەیەک لە بەرژەوەندی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە بێت، لە بەرژەوەندی لەئاوهەڵکێشانی پێگەیشتووانی بێباوەڕیشە! زۆرێک لەو باوەڕدارانە خۆیان لەم بابەتە نادەن، بۆیە لەم ئایەتەی کتێبی پیرۆزدا بە تەواوی بەهانەکەیان دەبڕێت.

**٣. پۆڵس لە (ڕۆما ٤: ١١) دەڵێت کە ئیبراهیم بە باوەڕ نیشانەی خەتەنەی وەرگرت وەک مۆری ڕاستودروستی.**

پۆڵس لە (ڕۆما ٤: ١١) دەڵێت کە ئیبراهیم «نیشانەی خەتەنەکردنی وەرگرت، لە ڕێگەی باوەڕەوە بێ خەتەنەکردن مۆری ڕاستودروستی وەرگرت، تاکو ببێتە باوکی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن و خەتەنە نەکراون، تاکو بۆیان بە ڕاستودروستی دابنرێت“.

بۆیە پۆڵس ئەوەمان فێر دەکات کە نیشانەی خەتەنەکردن بۆ ئیبراهیم مۆرێکی ڕاستودروستی بوو کە بەر لەوەی خەتەنە بکرێت بە باوەڕ وەریگرت. لەوەدا، پشگیریکەرانی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە پێیان وایە نەوەکانی ئیبراهیم کە لە ڕۆژی هەشتەمی لەدایکبوونیان خەتەنە دەکران بە باوەڕ ئەو مۆرەی ڕاستودروستییان وەردەگرت بەر لەوەی هاوبەش بن لە باوەڕەکەی ئیبراهیم و ئەو ڕاستودروستییەی لەدوای باوەڕەوە دێت. بە دەربڕینێکی دیکە، پێیان وایە کە خودا فەرمانی بە ئیبراهیم کردووە نیشانەی خەتەنەکردنی «گشتگیرانە“ ببەخشێت جا ئەگەر ڕاستیی بابەتییانەی ڕاستودروستی بە باوەڕ لە ئارادا بێت یان نا. سەرباری ئەمەش، ئەو باوەڕدارانە مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لەئاوهەڵکێشان و خەتەنەکردن لە کرۆکدا ئاماژەن بۆ ڕاستییەکی هاوشێوەی ئەمە: خەتەنەکردن ئاماژەیە بۆ ڕاستودروستبوون بە باوەڕ، وە لەئاوهەڵکێشان ئاماژەیە بۆ یەکگرتن لەگەڵ مەسیح، ئەوەی لەودا بە باوەڕ ڕاستودروست دەبین. وە دەڵێن کە لەئاوهەڵکێشان وەکو خەتەنەکردن، پێویستە پەیڕەو بکرێت لەسەر منداڵانی ئەندامانی پەیمان بەو پێیەی نیشانەیەکی «گشتگیرە“ بۆ یەکگرتن لەگەڵ مەسیح، جا ئەگەر ڕاستیی بابەتییانەی باوەڕ هەبێت یان نا.

مەبەستی پۆڵس لەم نووسینەیدا ئەوە نەبووە. پۆڵس مەبەستی ئەوەیە ئاماژە بکات بە ڕێکخستن لە ڕاستودروستکردن و خەتەنەکردن: ڕاستودروستکردنی ئیبراهیم بە باوەڕ بەر لەوەی خەتەنە بکرێت. بەشی پازدە لە سیپارەی پەیدابوون لەپێش بەشی حەڤدەوە دێت. وە پۆڵس ئاماژە بەوە دەکات بۆ ئەوەی پێداگری لەو ڕاستییە بکات کە ئیبراهیم بە «باوکی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن و خەتەنە نەکراون" دادەنرێت (ڕۆما ٤: ١١). ئەمەش واتای ئەوەیە کە نەتەوەکانی دیکە کە خەتەنە نەکراون ئەوانەی باوەڕ دەهێنن بە ڕاستودروست دادەنرێن هەروەک ئیبراهیم بە ڕاستودروست دانرا، وە پێویستیان بەوە نییە خەتەنە بکرێن بۆ ئەوەی بەرەکەتەکانی پەیمانی خودا وەربگرن، چونکە خودی ئیبراهیم لە کاتێکدا خەتەنە نەکرابوو بە باوەڕ ڕاستودروستیی وەرگرت.

لێرەدا پۆڵس باسی خەتەنەکرنی ئیبراهیم دەکات، نەک خەتەنەکردنی کەسێکی دیکە، وە دەریدەخات کە خودا بەر لەوەی پەیمانی خەتەنەکردنی پێبدات ئیبراهیم بە ڕاستودروست دادەنێت. پۆڵس ناڵێت کە خەتەنەکردن لەخۆیدا دەستەبەری ڕاستودروستی دەکات بە باوەڕ، بەڵکو نیشانەی خەتەنەکردن مۆرێک بوو لەسەر باوەڕی ئیبراهیم بە خودا، وە خودا خەتەنەکردنی بە ئیبراهیم بەخشی بۆ ئەوەی دووپاتکردنەوەیەک بێت بۆ هەڵوێستی دروستی لەبەردەم خودا کە پێشتر بەدەستی هێنابوو. مەبەستی پۆڵس ئەوە نییە کە بڵێت خەتەنەکرن چی دەگەیەنێت بۆ هەموو ئەوانەی وەریانگرتووە، بەڵکو ئەوەی خودا مەبەستی بوو کاتێک خەتەنەکردنی بە ئیبراهیم بەخشی.

وە لە کۆتاییدا، دەقەکە بە هیچ شێوەیەک باسی لەئاوهەڵکێشان ناکات، وە خەتەنەکردن بە لەئاوهەڵکێشانەوە نابەستێتەوە. هەروەک دەقەکە وای دانانێت کە لەئاوهەڵکێشان و خەتەنەکردن هەمان ڕاستی دەردەخەن و پێویستە بە هەمان ڕێگا جێبەجێ بکرێت.

**٤. ڕەتکردنەوەی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە واتا دەرکردنی منداڵان لە کڵێسا.**

پشــتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشــانی کۆرپــە پێیــان وایــە کــە خــودا منداڵانــی باوەڕدارانیشی خستووەتە نـاو پەیمانـی کۆنـەوە، بۆیـە ڕەتکردنـەوەی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە واتـا دەرکردنـی منـداڵان لـە کڵێسـا. بـەڵام ئـەوە پاڵـمان دەنێـت بـۆ ئـەوەی لـە ماهیەتـی کڵێسـا و چۆنیەتـی دروسـتبوونی بکۆڵینـەوە. ئەگـەر خـودا بـە هاتنەدیـی بەڵێنەکانـی پەیمانـی نـوێ، کڵێسـا دروسـت بـکات، ئـەوا منداڵانـی بێبـاوەڕ «لـە» کڵێسـادا نیـن – جەسـتەی مەسـیح لـە تـەواوی جیهـان لەوانـەی بـە بـاوەڕ لەگـەڵ مەسیح یەکیـان گرتـووە – جـا ئیـدی لـە ئاویـان هەڵبکێشـین یـان نـا. پشـتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دەڵێـن ئەوانـەی کۆرپـە لـە ئـاو هەڵناکێشـن ئـەو منداڵانـە دەردەکـەن کـە پێویسـتە لـە ژوورەوە بـن، بـەڵام ئـەو کەسـانەیان هێناوەتـە ژوورەوە کـە هێشـتا لـە دەرەوەن.

بێگومـان پێویسـتە منـداڵان لـە ژیانـی کڵێسـادا بەشـدارییان پـێ بکرێـت لـە لایەنـی پەرسـتش لەگـەڵ کڵێسـا و فێرکـردن و ئەزموونکردنـی واتـای قووڵـتری هاوبەشـیی باوەڕدارانـی کڵێسا. کڵێسـای لەئاوهەڵکێشـانی[a] باوەڕیـان وەک بـاوەڕی پشـتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپەیـە و دەڵێـن دەبێـت منداڵەکانـمان بەگوێـرەی ڕێنمایـی و فێرکردنـی مەسـیحی باڵادەسـت پـەروەردە بکەیـن (ئەفەسـۆس ٦: ٤). وە تەمبێکـردن و سەرزەنشـتکردن کـە لـە خـوداوەن واتـا بەشـداریکردنی تـەواو لـە ژیانـی کڵێسـادا بـە شـێوەیەک گونجـاو بێـت لەگـەڵ تەمەنـی منداڵەکـە و ئاسـتی پێگەیشـتوویی و بارودۆخـی ڕۆحـی.

## ٥. ڕەتکردنـەوەی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە یەکێتیـی کتێبـی پیـرۆز و پلانـی ڕزگاریـی خـودا دەشـێوێنێت.

پشــتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشــانی کۆرپــە حــەز دەکــەن تیشــک بخەنــە ســەر یەکێتیـی پلانـی ڕزگاریـی خـودا و بەردەوامییەکـەی. هەروەهـا حـەز دەکـەن ئـەو هێڵانـە زەق بکەنـەوە کـە کتێبـی پیـرۆز پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. وە هـەر باوەڕدارێـک

---

a (Baptist Church) ئـۆل و مەزەبێکـن لـە شـوێنکەوتووانی مەسـیح کـە جەخـت دەکەنـەوە لەسـەر لەئاوهەڵکێشـانی بـاوەڕداران.

بە مەسیح بۆ ئەو هەڵوێستە پێویستە بڵێت «ئامین». ئێمە یەک خودامان هەیە. یەک پلانی ڕزگاری هەیە. خودا گەلێک لە هەموو نەتەوەکان کۆ دەکاتەوە، کە لە ڕێگەی یەک جار قوربانیبوونی عیسای مەسیحەوە ڕزگار کراون، بۆ ئەوەی ئەو گەلە لە ڕێگەی مەسیحەوە بەڵێنەکانی خودا بە میرات وەربگرێت.

بەڵام باوەڕدار دەبێت مامەڵەش لەگەڵ بەردەوامنەبوونی پلانی ڕزگاریی خودا بکات. بۆ نموونە: ئێمە هیچی دیکە لە پەرستگای ئۆرشەلیم قوربانی پێشکەش ناکەین، وە ئێمە هیچی دیکە مەحکوم نین بە شەریعەتی خودا بۆ ئەوەی ڕێوڕەسمی پاکبوونەوەی دیاریکراو پەیڕەو بکەین هەروەها بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین لە چەند خواردنێکی دیاریکراو کە لە دەقی شەریعەتدا باسکراوە، وە چەندین شتی دیکە. بۆیە پێویستە هەر باوەڕدارێک بە مەسیح خاڵی هاوسەنگی بدۆزێتەوە لە نێوان ئەوەی بەردەوام دەبێت و ئەوەی بەردەوام نابێت لە پەیوەندی پەیمانی کۆنی خودا لەگەڵ پەیمانی نوێ. وە ئەگەر هەندێک باوەڕدار بە مەسیح پێداگرییان کرد لەسەر ئەوەی باوەڕداران بەگوێرەی شەریعەتی موسا منداڵەکانیان خەتەنە بکەن، ئەوا پشتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە چۆن وەڵامی ئەوە دەدەنەوە؟ بە ڕێککەوتن لەگەڵ پۆڵسی نێردراو، پێداگری لەوە دەکەن کە بەو شێوەیە باوەڕداران میلی کاتژمێری مێژووی قوربانی دەگەڕێننەوە دواوە و جیاوازییەکان دەسڕنەوە لە نێوان کاری خودا لە پەیمانی کۆن و کارەکەی لە پەیمانی نوێیدا.

هەمووان دەبینن لە نێوان دوو پەیمانەکەی کۆن و نوێ چی بەردەوام بووە و چی بەردەوام نەبووە. وە مەتەڵەکە لە دۆزینەوەی خاڵی هاوسەنگیدایە. بۆیە مشتومڕ دەکەم، هەروەک بە درێژی ئەم بەشە مشتومڕم کرد، کەوا لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە واتا باوەڕکردن بە بەردەوامیدان بەوەی پەیمانی نوێ پێداگری لەسەر کردووە کە بەردەوام نەبێت، وە لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە پەیکەرێکی پەیمانی کۆن دەهێنێتە ناو پەیمانی نوێوە کەوا پەیمانی نوێ هەڵیوەشاندووەتەوە.

## ناگونجێت

ئەمە دەمانگەیەنێتە کوێ؟ دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە کتێبی پیرۆز مەبەستی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە نەبووە کاتێک باسی لەئاوهەڵکێشانی کردووە. فەرمانی بە لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە نەکردووە و کڵێساکانیشی سەرپشک نەکردووە کە پەیڕەوی بکەن. بەهانەی پشتگیریکارانی لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە هەرچییەک بێت، ئەوا بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە ناگونجێت لەگەڵ ئەوەی کتێبی پیرۆز باسی دەکات سەبارەت بە لەئاوهەڵکێشان و پەیمانی نوێ. لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە لەئاوهەڵکێشان نییە.

ئەگەر بە کۆرپەیی «لە ئاو هەڵکێشراویت»، هیوادارم ئێستا لە کتێبی پیرۆز تێگەیشتبیت کە ئەو «لەئاوهەڵکێشانە» لە بنەڕەتدا لەئاوهەڵکێشان نییە. بابەتەکە ئەوە نییە کە لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە خراپ بێت، وەک ئۆتۆمبێلێک کە گیری تێکچووبێت و بە زەبر و فشار کار بکات. بەڵکو حاڵەتەکە ئەوەیە کە لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە هەر لە بنەڕەتدا لەئاوهەڵکێشان نییە، وە ئەوەی لە تەمەنی کۆرپەییدا ”لە ئاو هەڵکێشراوە»، بەڕاستی لە ئاو هەڵنەکێشراوە، هێشتا پێویستی بە لەئاوهەڵکێشانە.

بەڵام هەندێک لەوانەی دەگەنە ئەو تێگەیشتنە دوودڵ دەبن لەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێن، چونکە وای دادەنێن کە لەئاوهەڵکێشان لەم قۆناغەدا ڕەخنەگرتنە لە دایک و باوکیان - یان، بە لای کەمەوە، دەترسن لەوەی دایک و باوکیان وەک ڕەخنەیەک ببینن. سەرباری ڕێزگرتن لە دایک و باوکمان، وە دەربڕینی جیاوازی تێگەیشتنی یەزدانناسی لەگەڵیان بە ڕێز و ساکارییەوە، ئەوا گوێڕایەڵی ڕەهامان تەنها بۆ عیسایە. لەبەر ئەوە ئەگەر ڕوانینی عیسای مەسیح بۆ لەئاوهەڵکێشان بە شێوەیەک جیاواز بێت لە ڕوانینی دایک و باوکمان، پێویستە لەسەرمان گوێڕایەڵی عیسا بین نەک دایک و باوکمان (لۆقا ١٤: ٢٦).

## بەشی چوارەم

# بۆچی لەئاوهەڵکێشان مەرجی ئەندامییێتی کڵێسایە؟

ڕەنگە هەندێکتان ئەم کتێبە دەخوێننەوە لەبەر ئەوەی دەتانەوێت ببنە ئەندامی کڵێسایەک و پێویستە لەسەرتان لە ئاو هەڵبکێشرێن لەپێناو ئەوەی بچنە پاڵی. بەڵام لە بنەڕەتدا بۆچی کڵێسا لەئاوهەڵکێشان دەکاتە مەرجی ئەندامییێتی؟ ئایا ئەمە داواکارییەکی کتێبی پیرۆزە؟ ئایا ئەمە هەندێک لە باوەڕدارانی ڕاستەقینە لە ئەندامییێتی نابوێرێت، بەو پێیەی باوەڕداران لەنێو خۆیان هاوڕا نین دەربارەی لەئاوهەڵکێشان؟

ئەم بەشە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە دەداتەوە بە پیشاندانی بەڵگەی کتێبی پیرۆز بۆ مەرجبوونی لەئاوهەڵکێشان لە ئەندامییێتیی کڵێسا. وە دەمەوێت بۆت ڕوون بکەمەوە کە من بە وشەی ”لەئاوهەڵکێشان“ مەبەستم لەئاوهەڵکێشانی باوەڕدارە نەک ئەو لەئاوهەڵکێشانەی بۆ کۆرپە دەکرێت. ئێمە لە بەشی ڕابردوو گەیشتینە ئەوەی کە «لەئاوهەڵکێشان»ی کۆرپە، لەئاوهەڵکێشان نییە.

هەروەها ئەم بەشە گفتوگۆ لەگەڵ ڕابەرانی کڵێسادا دەکات، بەو پێیەی ئەوان دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان هەیە لە دیاریکردنی ئەوەی ئەگەر کڵێساکەیان داوای لەئاوهەڵکێشان دەکات بۆ بەئەندامبوون یان نا؛ وە ئامانجمە کە ڕازیتان بکەم بەوەی پێویستە لەسەرتان ئەو کارە بکەن. وە بەهانەکەم بە حەوت خاڵ بنیاد دەنێم، ئینجا وەڵامی بەهێزترین ڕەخنەکان دەدەمەوە.[a]

---

a بۆ ئەوەی تەواوی قسەکانم لەسەر ئەم بەشە، بڕوانە ئەم کتێبەم: (Going Public: Why Baptism Is Required for Church Membership (Nashville, TN: B&H, 2015) وە ئەم بەشەم لە بەشی هەشتەم و چەند بڕگەیەک لە بەشی نۆیەمی ئەم کتێبەم وەرگرتووە، سەرباری سوودوەرگرتن لە تەواوی کتێبەکە.

# حەوت هۆکاری پاڵنەر بۆ مەرجبوونی لەئاوهەڵکێشان
# لە ئەندامێتیی کڵێسادا

هیچ دەقێک نییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوە باسی ئەو بابەتە بکات، لەبەر ئەوە پێویستمان بەوەیە کە ژمارەیەک دەقی کتێبی پیرۆز هەڵبسەنگێنین و لەیەکیان بدەین. گفتوگۆکەمان لێرەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێناسەی لەئاوهەڵکێشان قووڵتر و ئاشکرا بێت زیاتر لەوەی کە لە بەشی یەکەمدا باسمان کرد. باسی حەوت لایەن دەکەم ئەگەر پێکەوە وەریانبگرین، دەریدەخەن کەوا کتێبی پیرۆز لەئاوهەڵکێشان دەکاتە مەرجی ئەندامبوون لە کڵێسا.

## ١. لەئاوهەڵکێشان دەرخستن و ئاشکراکردنی باوەڕە.

پێناسەی لەئاوهەڵکێشانت لەبیر بێت کە لە بەشی یەکەمدا کردمان: **لەئاوهەڵکێشان کارێکە کڵێسا ئەنجامی دەدات بۆ پشتڕاستکردنەوە و نیشاندانی یەکبوونی باوەڕدار لەگەڵ مەسیح بە نقومکردنی لەنێو ئاودا، وە کرداری باوەڕدارە بۆ بە ئاشکرا دەرخستنی پەیوەستبوونی بە مەسیح و گەلەکەیەوە. بەم شێوەیە باوەڕدار لەگەڵ کڵێسا یەکدەگرێت و لە جیهان جیا دەبێتەوە.**

بە دەربڕینێکی دیکە، لەئاوهەڵکێشان ڕووداوێکە کە تێیدا باوەڕ ڕادەگەیەنرێت. ژیانی باوەڕدار شایەتییەکی ئاشکرایە سەبارەت بە مەسیح (مەتا ١٠: ٣١-٣٣)، وە ئەم شایەتییە لە لەئاوهەڵکێشانەوە دەستپێدەکات. لە ڕۆژی پەنجایەمیندا، ئەوانەی لە ئەنجامی وتارەکەی پەترۆسەوە باوەڕیان هێنا کاتێک پەیوەستبوونی خۆیان بۆ مەسیح ڕاگەیاند وەک گەورە و ڕزگارکەیان بەوە لەنێو خەڵکەکەی دیکە دەرکەوتن ملکەچی لەئاوهەڵکێشان بوون (کرداری نێردراوان ٢: ٣٨-٤١). بە لەئاوهەڵکێشان، خۆمان «دەردەهێنین» لەنێو کۆمەڵ و ڕایدەگەیەنین کە ئێمە باوەڕدارین بە مەسیح، خۆمان بە شێوەیەکی تایبەت دەناسێنین وەک مەسیحی لەخاچدراو و هەستاوە لەنێو مرووان، هەروەها وەگ گەلی ئەو.

هەروەک پێشتر سەرنجمان دا، عیسا قوتابییەکانی ڕاسپارد کە کەسانی دیکە بکەنە قوتابی و ئینجیل جاڕ بدەن و قوتابییەکان لە ئاو هەڵبکێشن و فێریان بکەن کە گوێڕایەڵ بن بۆ هەموو ئەوەی ڕایسپاردوون (مەتا ٢٨: ١٩). سەیر نییە کە لە ڕۆژی پەنجایەمیندا فەرمانی بە گوێگرانی کرد و گوتی: "تۆبە بکەن، با هەریەکەتان بە ناوی عیسای مەسیحەوە لە ئاو هەڵبکێشرێت بۆ لێخۆشبوونی گوناهەکانتان و ڕۆحی پیرۆز بە دیاری وەردەگرن" (کرداری نێردراوان ٢: ٣٨). ئەگەر تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە شوێنکەوتەی مەسیحیت، ئەوا لەئاوهەڵکێشان یەکەم ڕاسپاردەیە پێویستە گوێڕایەڵی بیت. وە پاش ئەوەی متمانە بە مەسیح دەکەیت، ئەوا لەئاوهەڵکێشان یەکەم شتە کە باوەڕ دەیکات. وە ئەگەر هێشتا لە ئاو هەڵنەکێشراویت، ئەوا تۆ هێشتا یەکەم ئەرکی لیستی بەقوتابیکردنت ئەنجام نەداوە کە عیسا داویەتی.

بۆچی لەئاوهەڵکێشان مەرجی ئەندامێتیی کڵێسایە؟ چونکە لە لەئاوهەڵکێشاندا باوەڕ ڕادەگەیەنرێت، وە یەکەم ڕووداوە کە تێیدا شکۆی باوەڕی نەبینراو دەردەکەوێت. بە لەئاوهەڵکێشان باوەڕداری نوێ دێتە ژێر چاودێری و ڕاداری کڵێسا و جیهانەوە. ئەوە ئەو تۆوەیە کە لێیەوە ئەم هۆکارانەی خوارەوە گەشە دەکەن.

**٢. لەئاوهەڵکێشان نیشانەی سوێندی دەستپێشخەری پەیمانی نوێیە.**

لەبەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان ئەو ڕێگایەیە کە تێیدا باوەڕدار خۆی بە مەسیح و گەلەکەیەوە پەیوەست دەکات، هەروەها دەستپێشخەری نیشانەی سوێندی پەیمانی نوێیە. کارێکە کە بە ئاشکرا بەڵێنی کەسی لە ئاو هەڵکێشراو دەردەبڕێت بۆ متمانەکردن بە مەسیح و بە ژیانی پەیمانی نوێ.

بە مردنی عیسا، پەیمانی نوێی خودا و بەڵێن سەریهەڵدا، هەروەک لە بەشی پێشتر گفتوگۆمان لەسەری کرد (یەرمیا ٣١: ٣١-٣٤؛ لۆقا ٢٢: ١٩-٢٠؛ عیبرانییەکان ٨: ١-١٣). هەموو پەیمانەکان بە سوێند پشتڕاست دەکرێنەوە کە ئەویش بەڵێنێکی فەرمی و ئەرکە لەسەر شانمان. لەگەڵ ئەوەشدا، سوێند تەنها لە قسەی زارەکی

پێکنەهاتــووە، دەکرێــت بــە کرداریــش دەرببڕدرێــت، یــان چــالاک بێــت. ســەرنج بــدە کاتێــک کــە خــودا پەیمانێکــی لەگــەڵ ئیبراهیــم بەســت، لــە نێــوان پارچــە ئاژەڵەکانــدا تێپــەڕی (پەیدابــوون ١٥: ١-٢١). وە نیشــانەی ئــەم ســوێندە پەیمانــی خــودا لەگــەڵ ئیبراهیــم پشتڕاســت دەکاتــەوە و ئــەوە لەســەر خــودا دادەنێــت کــە ئەگــەر خــودا بەرامبــەر پەیمانەکــەی سەرڕاســت نەبێــت، ئــەوا ســزا بەســەر خۆیــدا دەهێنێــت. وە بــە مردنــی عیســا، خــودای کــوڕ بەڕاســتی ســزای هەڵگــرت - نــەک بەهــۆی سەرڕاســت نەبوونــی، بەڵکو بەهــۆی سەرڕاست نەبوونــی ئێمــە. پەیمانــی نــوێ پشتڕاســت کرایــەوە کاتێــک عیســا خــۆی ســزای کۆتایــی گوناهەکانــی ئێمــەی چێــژت (عیبرانییــەکان ٩: ١٥).

خەتەنەکــردن بــۆ پەیمانــی کۆنــی خــودا، نیشــانەی ســوێند بــوو کــەوا دڵنیایــی چوونە نێــو پەیمانــی کەســەکە بــوو. بــەو شــێوەیە بــۆ پەیمانــی نوێــش نیشــانەی ســوێندی هەیــە - لەڕاســتیدا دوو نیشــانەی هەیــە (دواتــر ئامــاژە بــە دووەم دەکەیــن). یەکــەم دانــە، لەئاوهەڵکێشــانە کــە دەستپێشــخەری نیشــانەی ســوێندە. ســوێندێکی هێماییــە کــە چوونــی کەســێک بــۆ نێــو پەیمانــی نــوێ پشتڕاســت دەکاتــەوە. لــە لەئاوهەڵکێشــاندا داوا لــە خــودا دەکەیــن کــە بەگوێــرەی مەرجەکانــی پەیمانــی نــوێ قبووڵــمان بــکات (یەکــەم پەتــرۆس ٣: ٢١)، وە پەیــمان دەدەیــن کــە بــە نیعمەتــی خــودا کار بکەیــن بــە هەمــوو داواکارییەکانــی پەیمانــی نــوێ لــە ئێمــە (مەتــا ٢٨: ١٩). لــە لەئاوهەڵکێشــاندا، ڕایدەگەیەنیــن کــە خــودا خــودای ئێمەیــە و ئێمــە گەلــی ئەویــن. وە تێیــدا ســوێند دەخوێــن و بەڵێــن دەدەیــن و وەڵامــی ئــەم پرســیارە دەدەینــەوە: ”ئایــا عیســا وەک خــودا و گــەورەی خــۆت قبــووڵ دەکەیــت؟» ”بەڵــێ، قبووڵــی دەکــەم!“

بۆیــە کاتێــک کڵێســا دەپرســێت: «کــێ ســەر بــە پەیمانــی نوێیــە؟»، بەشــێک لــە وەڵامەکــە ئەمەیــە: ”کــێ بەڵێنــی داوە و ســوێندی خــواردووە؟» واتــە کــێ لــە ئــاو هەڵکێــشراوە؟ هــەروەک چــۆن ســەرباز چەکــی پــێ نادرێــت هەتــا ئــەوەی ســوێندی وەفــا و دڵســۆزبوون بــۆ وڵاتەکــەی نەخــوات، تــۆی باوەڕداریــش ناتوانیــت بچیتــە نــاو هاوبەشیی پەیمانــی نوێــوە هەتــا ســوێندی پەیــمان نەخۆیــت. وە کاتێــک کڵێســا شــوێنی شــکۆمەندی پەیمانــی نوێیــە لەســەر زەوی، لەئاوهەڵکێشــان چۆنیەتــی شــکۆمەندی بــاوەڕدارە بــەو پێیــەی ئەندامێکــە لــە پەیمانــی نــوێ. لەئاوهەڵکێشــان گرنگــە بــۆ

ئەندامییێتیـی کڵێسـا، چونکـە لەئاوهەڵکێشـان دەستپێشـخەری نیشـانەی سـوێندی پەیمانـی نوێیـە.

### ٣. لەئاوهەڵکێشـان بەڵگەنامـەی گەشـتکردنی شانشـین و ڕێوڕەسـمی سـوێندخواردنی تایبەتـە بـە هاوڵاتییانـی شانشـین.

سـێیەم، لەئاوهەڵکێشـان بـە بەڵگەنامـەی گەشـتکردنی شانشـین و ڕێوڕەسـمی سـوێندخواردنی تایبـەت بـە هاوڵاتییانـی شانشـین دادەنرێـت. هـەروەک لـە بەشـی یەکەمـدا بینیـمان، کاتێـک عیسـا لەسـەر زەوی مـژدەی شانشـینی ئاسـمانی دا، کڵێسـای دامەزرانـد وەک باڵوێزخانەیـەک بـۆ ئـەو شانشـینە. «کلیلەکانـی شانشـین»ی بـە کڵێسـا داوە لەپێنـاوی ئـەوەی خەڵکـی جیهـان هاوڵاتییەکانـی شانشـین بناسـن بـە پشتڕاسـتکردنەوەی دانپێدانانـی باوەڕیـان بـە عیسـا (مەتـا ١٦: ١٩؛ ١٨: ١٨-١٩). بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان، ئامرازێکـی بنەڕەتییـە کـە کڵێسـا پێیـەوە دەستپێشـخەری دەکات بـە پێناسـەکردنی کەسـەکان بـەو پێیـەی هاوڵاتیـی شانشـینن (مەتـا ٢٨: ١٩). کڵێسـا بـە لەئاوهەڵکێشـان ڕایدەگەیەنێـت و دەڵێـت: ”ئەمـە سـەر بـە عیسـایە!“

لەئاوهەڵکێشـان بەڵگەنامـەی گەشـتکردنی شانشـینە. بـە بـاوەڕ بـە پاشـاکە دەبینـە هاوڵاتـی شانشـینەکە، وە کڵێسـا بەهـۆی لەئاوهەڵکێشـان دان بـە ڕەگەزنامەکەیدا دەنێت و پشتڕاسـتی دەکاتـەوە. سـەرباری ئـەوەی لەئاوهەڵکێشـان وا دەکات باڵوێزخانەکانـی دیکـەی شانشـینەکە - واتـا کڵێسـا ناوخۆییەکانـی دیکـە – بتوانـن ئێمـە بناسـن کـە هاوڵاتـی شانشـینین.

لـە ڕوانگەیەکـی دیکـەوە، دەکـرێ لەئاوهەڵکێشـان وەک ڕێوڕەسـمی سـوێندخواردن بێـت کـە تێیـدا پلـەی نوێنەرایەتـی مەسـیح و شانشـینەکەی لەسـەر زەوی وەردەگریـن. بۆیـە، بـۆ ئـەوەی کڵێسـا دان بـە کەسـێکدا بنێـت کـە هاوڵاتیـی شانشـینە، پێویسـتە بەڵگەنامـەی گەشـتکردنی تایبەتـی خـۆی هەبێـت. بـەو شـێوەیە، لەئاوهەڵکێشـان بـە ئەرکێـک دادەنرێـت بـۆ ئەندامییێتیـی کڵێسـا لەبـەر ئـەوەی بەڵگەنامـەی گەشـتکردنی شانشـینە و ڕێوڕەسـمی سـوێندخواردنی تایبەتـی هاوڵاتییانـی شانشـینە.

### ٤. لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کڵێسا باوەڕداران بناسێتەوە.

هۆکاری چوارەم بۆ پێویستیی لەئاوهەڵکێشان لە ئەندامێتیی کڵێسا، لێکەوتەی سێ خاڵی یەکەمە. لەبەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان ئەو ڕێگایەیە کە بە هۆیەوە کڵێسا بە ئاشکرا تاکی باوەڕدار دەناسێنێت، ئەوا مەرجێکی پێویست و ڕژدیشە کە بەهۆیەوە کڵێساکان باوەڕدارە ڕاستەقینەکان دەناسنەوە. پێناس تەنها لەپێناوی ناسینەوەیە. ئەگەر یاریزانێک ویستی هاوپیشەکەی لەنێو یاریگا بناسێتەوە بۆ ئەوەی تۆپەکەی بۆ بهاوێت، بەدوای ئەو یاریزانانەدا دەگەڕێت کە جلی هەمان ڕەنگی ئەویان پۆشیوە. لەئاوهەڵکێشان بەو شێوەیەیە؛ جلی تیپی تایبەتە بە باوەڕداران بە مەسیح.

بۆیە لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی پێویستە - بەڵام بەس نییە - کە کڵێسا لەو ڕێگەیەوە باوەڕداران بە مەسیح دەناسێتەوە. بەس نییە کەسێک بڵێت باوەڕدارە بە مەسیح، یان هەمووان لە کڵێسا بڵێن کە ئەو باوەڕدارە بە مەسیح؛ عیسا حوکمی کڵێسای بە لەئاوهەڵکێشانەوە بەستووەتەوە. واتا عیسا لەئاوهەڵکێشانی پێداوین، بۆ ئەوەی یەکتر جیا بکەینەوە لە جیهان. وە لەئاوهەڵکێشان لە ڕێگەی بە ئاشکرا نیشاندانی باوەڕدارانەوە، هێڵێکی ڕوون دەکێشێت لەنێوان کڵێسا و جیهان. بەو شێوەیە لەئاوهەڵکێشان گرنگە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا؛ کڵێسا دەسەڵاتی پشتڕاستکردنەوەی نییە لەسەر ئەوەی کەسێک ئەندامی تیپەکەی عیسایە بەبێ ئەوەی جلی ئەو تیپە بپۆشێت.

### ٥. لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی کاریگەرە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا.

پێنجەم، لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی کاریگەرە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا. ئەوەش لە سێ خاڵەکەی سەرەتا دەردەکەوێت. ئەگەر لەئاوهەڵکێشان ڕووداوێکە کە باوەڕی کەسەکە ڕادەگەیەنێت، وە دەستپێشخەری نیشانەی سوێندی تایبەتە بە پەیمانی نوێ، وە بەڵگەنامەی گەشتکردنی شانشین و ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی تایبەتە بە هاوڵاتیانی شانشین، ئەوا لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی کاریگەریشە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا. بۆ ئەوە، لەئاوهەڵکێشان ئەو ڕاستییە کڵێساییە دروست دەکات

کەوا ئاماژەی بۆ دەکات: واتا پەیوەستبوونی باوەڕدارێک بە کڵێسایەکی ناوخۆیی، وە پشتڕاستکردنەوەی ئەو کڵێسا ناوخۆییەیە بۆ دانپێدانانی ئەو کەسە بە باوەڕ و لەخۆگرتنی کەسەکە.

ئەگەر ئەندامێتیی کڵێسا خانوویەک بێت، ئەوا لەئاوهەڵکێشان دەرگای ئەو خانووەیە، وە بە تێپەڕینت بە دەرگاکەدا، دەچیتە ناو خانووەکە. لەئاوهەڵکێشان یەکێک نییە لە داواکارییەکانی ئەندامێتیی کڵێسا، بەڵکو ئەندامێتییەکە دەبەخشێت. لەئاوهەڵکێشان دەست دەکات بە ئەندامێتیی کڵێسا. جا بۆ باوەڕداری کڵێسا، لەئاوهەڵکێشان ڕێگای پەیمانی نوێیە بۆ بەشداریکردن لە کڵێسا. بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکی کاریگەری ئەندامێتیی کڵێسایە، ئەوا پێویستە ئەنجام بدرێت.

**٦. خوانی پەروەردگار هێما کاریگەرەکەی دیکەی ئەندامێتیی کڵێسایە.**

لە خاڵی دووەمدا بینیمان کە پەیمانی نوێی خودا دوو نیشانەی هەیە. یەکەمیان لەئاوهەڵکێشانە، کە دەستپێشخەری نیشانەی سوێندە. بەڵام دووەم، لە خوانی پەروەردگار پێکدێت، کە نیشانەی سوێندی نوێکراوەیە. ئەو کاتە پێکەوە هاوبەش دەبین لە خواردنی نان و جام، لەنوێوە پەیوەست دەبین بە مەسیح و پەیمانە نوێیەکەی.

بەڵام ئێمە وەک تاک ئەوە ناکەین، بەڵکو پێکەوە وەک یەک کڵێسا (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١٧-١٨، ٢٠، ٣٣-٣٤). بۆیە بەشداریکردن لە خوانی پەروەردگار بەرپرسیارییەتی دەهێنێتە سەر کڵێسا. ئەگەر بە شێوەیەک خواردمان و خواردمانەوە ناشایستە بوو بۆ جەستەی مەسیح (کڵێسا)، ئەوا خوانی پەروەردگار پووچ دەبێتەوە و حوکمی خودامان دێتە سەر (یەکەم کۆرنسۆس ١١: ٢٧، ٢٩). بۆیە، وەک چۆن لە ڕێگەی خوانی پەروەردگارەوە پەیمانی دڵسۆزی و وەفاداری بە مەسیح دەدەین، بە هەمان شێوە پەیمان بە یەکتریش دەدەین. وە لەو ڕێگەیەوە باوەڕداران عیسا وەک ڕزگارکەری خۆیان قبوڵ دەکەن و یەکتر وەکو خوشک و برا دەبینن.

ئەمە واتای ئەوەیە کە خوانی پەروەردگار دووەم نیشانەی کاریگەری ئەندامێتیی کڵێسایە. هەروەک پۆڵس دەڵێت: "یەک نان هەیە، ئێمە کە زۆرین، یەک لەشین، چونکە هەموومان بەشداری لە یەک نانەدا دەکەین" (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٧). خوانی پەروەردگار تەنها وێنای یەکێتی و یەکبوونمان ناکات، بەڵکو پشتڕاستمان دەکاتەوە و مۆریشمان دەکات. وە بە وێناکردنی هاوبەشیمان لەگەڵ یەکتر، خوانی پەروەردگار وا دەکات زۆر کەس ببێتە یەک. لەوەدا، ئەندامێتیی کڵێسا لە پێگەی یەکەمدا چوونەپاڵ خوانەکەیە، وە تەمبێکردنی کڵێسایی لە پێگەی یەکەمدا دوورخستنەوەیە لە خوانەکە.

لەئاوهەڵکێشان مەرجە بۆ ئەندامبوون لە کڵێسا، لەبەر ئەوەی ناتوانیت بەشدار بیت لە نیشانەی سوێندی نوێبووەوەی پەیمان، هەتا هەڵنەستیت بە دەستپێشخەری نیشانەی سوێندەکە. وە ناتوانیت بەشدار بیت لە خوانی خێزانەکە کە ناسراوە بە خوانی پەروەردگار هەتا ئەوەی لە دەرگای سەرەکی نەچیتە ناو خانووەکە کە پێی دەگوترێت لەئاوهەڵکێشان.

**٧. بەبێ لەئاوهەڵکێشان، ئەندامێتی بوونی نییە.**

هەموو ئەوانە بەرەو کوێمان دەبەن؟ بە سادەیی، بەرەو ئەمەمان دەبەن: ناتوانین لەئاوهەڵکێشان لە داواکاریی ئەندامبوونی کڵێسا لاببەین، لەبەر ئەوەی بەبێ لەئاوهەڵکێشان، ئەندامێتی بوونی نییە. بەڵام دەستەواژەی «لەئاوهەڵکێشان» دەستەواژەیەکی یەزدانناسییە بۆ پەیوەندیی نێوان باوەڕدار و کڵێسا، کە ڕێوڕەسمەکانی کڵێسا لەخۆ دەگرێت. پەیوەندیی ئەندامێتیی کڵێسا بە ڕوونی لە پەیمانی نوێدا بەدی دەکەین کە هەندێک کەس "لە ناوەوە"ی کڵێسان و ئەوانی دیکەش «لە دەرەوە» (یەکەم کۆرنسۆس ٥: ١٢).

لەئاوهەڵکێشان و خوانی پەروەردگار پەیوەندی پەیمان پشتڕاست دەکەنەوە، کەوا ئەندامێتیی کڵێسایە. لەبەر ئەوە بەبێ لەئاوهەڵکێشان ئەندامێتیی کڵێسا لە ئارادا نییە. وە ئەندامێتی بەبێ لەئاوهەڵکێشان، وەکو هاوسەرگیرییەکە بەبێ

پەیمانی هاوسەرگیری. وەک چۆن هاوسەرگیری پەیوەندییەکی پەیمانە بە پەیماننامەی هاوسەرگیری دروست دەبێت، ئەندامێتیی کڵێساش پەیوەندییەکی پەیمانە بە دوو نیشانەی سوێند دروست دەبێت: لەئاوهەڵکێشان و خوانی پەروەردگار. هەروەک ناتوانیت لە پەیوەندییەکەدا بیت بەبێ ئەو سوێندەی کە دایدەمەزرێنێت، بە هەمان شێوە ناتوانیت بەبێ لەئاوهەڵکێشان ئەندامی کڵێسا بیت.

ئەو ڕاستییەی کە ئەرکەکانت نیشانەیەکی کاریگەرن بۆ ئەندامێتیی کڵێسا بەبیرمان دەهێنێتەوە کە تێگەیشتنمان لە ئەندامبوون و ئەرکەکان پەیوەندییەکی توندیان بە یەکترەوە هەیە. وە ئەگەر تێگەیشتنمان لە ئەندامبوون بە توندی پەیوەست نییە بە ئەرکەکانەوە، ئەوا ڕوانگەمان لەمەڕ ئەندامبوونەوە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز نابێت. لە کتێبی پیرۆزدا، ئەندامێتیی کڵێسا وەسفی ئەو پەیوەندییە دەکات کە ڕێوڕەسمەکان دروستی دەکەن.

## ئایا ئەمە باوەڕدارە ڕاستەقینەکان لە ئەندامێتیی کڵێسا نابووێرێت؟

ئەمە واتای ئەوەیە کە پێویستە لەسەر کڵێسا داوا لەو کەسانە بکات کە حەز دەکەن بێنە پاڵی لە ئاو هەڵبکێشرێن - لە ئاو هەڵبکێشرێن لەبەر ئەوەی باوەڕدارن. بەڵام ئایا ئەوە واتای ئەوە نییە کە هەندێک لە باوەڕدارە ڕاستەقینەکان لە ئەندامێتی دەبوێردرێن، بە تایبەتی ئەوانەی پێیان وایە لەئاوهەڵکێشانی کاتی کۆرپەییان لەئاوهەڵکێشانێکە بەگوێرەی کتێبی پیرۆز؟

زۆرێک لە باوەڕداران پێیان وایە کە کڵێسا نابێت هیچ کەسێک لە ئەندامێتیی کڵێسا بخات، ئەگەر دڵنیا بن لەوەی کە باوەڕدارە بە مەسیح. بە ڕای من ئەوە هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە. بەڵام کێشەکە لەو ڕاستییەدایە کە لەئاوهەڵکێشان لەو لیستەدا هاتووە کە دەڵێت: «چۆن کڵێسا دەزانێت کەوا کەسێک باوەڕدارە بە مەسیح». لەئاوهەڵکێشان داواکارییەکی جیاواز نییە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا لەگەڵ دانپێدانانی باوەڕێکی متمانەپێکراو؛ لەئاوهەڵکێشان ئەو ڕێگایەیە کەوا کەسێک بە ئاشکرا دان بە باوەڕەکەیدا دەنێت.

بـەو شـێوەیە، لەئاوهەڵکێشـان شـتێکی پێویسـتە بـەڵام بـەس نییـە بـۆ ئـەوەی کـە کڵێسـا بزانێـت کـێ بـاوەڕدارە و کـێ بـاوەڕدار نییـە. وە تەنانـەت ئەگـەر هەمـوو ئەندامانـی کڵێسـاش دڵنیابـن لـەوەی کـە کەسـێک بـاوەڕدارە هەرچەنـدەش لـە ئـاو هەڵنەکێـشراوە، ئـەوا عیسـا حوکمـی کڵێسـای بەسـتووەتەوە بـە لەئاوهەڵکێشـان لەپـاڵ دڵنیابوونـەوەی ئەندامێتـی بـە شـێوەیەکی فەرمـی و ئاشـکرا. هەروەهـا عیسـا دەسـەڵاتی دڵنیابوونـەوەی بـاوەڕی کەسـی بـە کڵێسـا نەبەخشـیوە هەتـا ئـەوەی بـە ئاشـکرا بـە لەئاوهەڵکێشـان دان بـەو بـاوەڕەدا نەنرێـت.

بەهـۆی سروشـت و کاری لەئاوهەڵکێشـانەوە، کڵێسـا دەسـەڵاتی ئـەوەی نییـە کـە پەیوەندیـی ئەندامێتـی ئەوانـە درێـژ بکاتـەوە کـە نیشـانە کاریگەرەکـەی لەئاوهەڵکێشـانیان ئەنجـام نـەداوە. نابێـت کڵێسـا دان بـە نوێبوونـەوەی نیشـانەی سـوێندی پەیمانـی نوێـی ئـەو کەسـەدا بنێـت کـە دەستپێشـخەری نیشـانەی سـوێندی ئەنجـام نەدابێـت. وە کارکـردن بـە پێچەوانـەی ئـەوە تەنهـا دوورکەوتنەوەیـە لـەو ئامرازانـەی کـە عیسـا دایناوە بـۆ ئـەوەی گەلەکـەی لـە تـەواوی جیهـان جیـا بکاتـەوە و بـە یەکتریـان ببەسـتێتەوە. لەئاوهەڵکێشـان هێڵێـک دەکێشـێت لـە نێـوان کڵێسـا و جیهـان. ئێمـە بۆمـان نییـە ئـەو هێڵـە لـە شـوێنێکی دیکـە بکێشـین.

بیـر لـەوە بکـەوە کـە خەریکـە سـواری فڕۆکـە دەبیـت، لـە خاڵـی پشـکنینی پێـش دەرگای فڕۆکەکـە پلیتـی فڕۆکەکـەت لەبیرکـردووە. چـی ڕوودەدات کاتێـک بەرپرسـی دەرگاکـە داوای پلیـت لـێ دەکات؟ ئەگـەر بڵێیـت تـۆ پلیتـت هەبـوو بـەڵام داوتـە بـە کەسـێک، ئەمـە ناتباتـە هیـچ شـوێنێک؛ بەرپرسـەکە پێویسـتی بەوەیـە پلیتەکـە ببینێـت بـۆ ئـەوەی ڕێـت پێبـدات بچیتـە ژوورەوە، ئـەو سەرپشـک نەکـراوە لـە هیـچ بارودۆخێکـدا بتخاتـە ژوورەوە. هـەروەک چـۆن پلیتـی فڕۆکـە دەتناسـێنێت بـەوەی تـۆ گەشـتیاریت لـەم گەشـتەدا، لەئاوهەڵکێشـان دەتناسـێنێت بـەوەی کـە تـۆ باوەڕداریـت بـە مەسـیح و شـایانی ئـەوەی بچیتـە پـاڵ کڵێسـا.

(جـۆن داگ)[a]، کـە یەزدانناسـێکی باپتیسـتی سـەدەی نـۆزدە بـوو لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: «وەکـو چـۆن دانـان بـە بـاوەڕ لـە کاتـی ئەندامێتیـی کڵێسـادا گرنگـە، بـە

a John Dagg

هەمـان شـێوە لەئاوهەڵکێشـان گرنگـە، کـەوا ڕێوڕەسـمی دانپێدانانـی دیاریکـراوە بـە بـاوەڕ. دانپێدانـان بـە بـاوەڕ کرۆکییەتـی، بـەڵام لەئاوهەڵکێشـان قاوغەکەیـە؛ وە ڕاسـپاردەی مەسـیح داوای قـاوغ و کرۆکەکـەی دەکات».a ئەوانـەی کـە پشـتگیری لـە لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـە دەکـەن ئەندامییێتیـی کڵێسـایان پـێ نادرێـت، چونکـە کرۆکەکەیـان هەیـە، بەڵام قاوغەکەیـان نییـە. تەنانـەت ئەگـەر پێشـت وابێـت کـە تـۆ لە ئـاو هەڵکێشراویـت، وە ئەگـەر ئـەوەش لەسـەر بنەمـای شرۆڤەیەکـی جـوان و بەربـڵاوی دەقـی کتێبـی پیـرۆز بێـت، واتـای ئـەوە نییـە تـۆ بەڕاسـتی لـە ئـاو هەڵکێشراویـت. وە کڵێسـاش ناتوانێـت ئەندامیێتـی کەسـێک قبـووڵ بـکات کـە لـە ئـاو هەڵنەکێـشراوە، هـەروەک بەرپرسـی پلیتەکانـی فڕۆکەوانـی ناتوانێـت قبـووڵ بـکات گەشـتیاران بەبـێ پلیتـی گەشـتکردن بچنـە نـاو فڕۆکـەوە.

ناخۆشـە کـە باوەڕدارێکـی سەرڕاسـت و لەخواترس کە هەڵوێسـتی لەئاوهەڵکێشـانی کۆرپـەی هەیـە لـە ئەندامیێتیـی کڵێسـا دوور بخرێتـەوە، بـەڵام پێویسـتە زیاتـر مایـەی بێـزاری بێـت کـە ئـەو دەور و ڕۆڵـە پێچەوانە بکەینـەوە کە مەسـیح بە لەئاوهەڵکێشـانی بەخشـیوە، وە وا بکەیـن یەکێـک لـە ڕاسـپاردەکانی دڵخوازانـە بێـت، وە لـە بەهـای دەسـەڵاتەکەی لەسـەر کڵێسـا کـەم بکەینـەوە. پێویسـتە ئـەوە زیاتـر بێزارمـان بـکات کـە ڕێ بـە باوەڕدارێـک بدەیـن کـە بـەردەوام بێـت لـە سـەرپێچیکردنی لـە ڕاسـپاردەی مەسـیح، وە ڕازامەنـدی کڵێسـا لەگـەڵ ئـەو یاخیبوونـە هاوشـان بێـت. پێویسـتە شـاردنەوەی دانپێدانانـی ئاشـکرا بـە ئینجیـل و کورتکردنـەوەی تەنهـا لـە تاکـدا بێزارمـان بـکات. وە پێویسـتە بێـزار بیـن لـە هەوڵـی کۆکردنـەوەی کڵێسـا بـەو ئامرازانـەی کـەوا مەسـیح دایناوە بـۆ ئـەوەی خزمەتـی ئـەو مەبەسـتە بـکات.

## دانانی سنوور

عیسـا لەئاوهەڵکێشـانی دانـا، بـۆ ئـەوەی گەلەکـەی لـە جیهـان جیـا بکاتـەوە. بۆیـە لەئاوهەڵکێشـان و خوانـی پـەروەردگار وێنـای مزگێنیـی مەسـیح دەکات و بـە ناسـاندنی گەلـی مەسـیح بـە ئاشـکرا ڕادەگەیەنێـت و دەیپارێزێـت.

a John L. Dagg, Manual of Church Order (Harrisonburg, VA: Gano Books, 1990), 95.

لەئاوهەڵكێشـان وێنـای مردنمـان دەكات سـەبارەت بـە گونـاه و هەسـتانەوەمان بـۆ ژیانێکـی نـوێ لـە مەسـیحدا، وە مـۆر دەکرێـت بـۆ پەیوەسـتبوونمان بـە مەسـیح و گەلەکـەی، وە سـنوورێک دادەنێـت لەنێـوان كڵێسـا و جیهـان و ڕایدەگەیەنێـت: «ئـەی جیهـان تەماشـا بکـە: سـەرنج بـدە لـە سروشـتی گەلـی مزگێنـی“.

لەبـەر ئـەوەی کـە لەئاوهەڵكێشـان سـنوورێک دەكێشـێت لەنێـوان كڵێسـا و جیهـان، هەروەهـا سـنوورێکیش لـەدەوری كڵێسـا دەكێشـێت. وە بـە ئاشـكرا بـاوەڕدار دەخاتـە پـاڵ كۆمەڵـی گەلـی خـودا لەسـەر زەوی. لەبـەر ئـەوە لەئاوهەڵكێشـان نیشـانەیەکی کاریگـەرە بـۆ ئەندامێتیـی كڵێسـا. لەئاوهەڵكێشـان ڕێـگای چوونـە كڵێسـا نیشـان نـاکات، بەڵکـو خـودی دەرگای پێشـەوەیە. بـە گشـتی، لەئاوهەڵكێشـان ئەندامێتیـی كڵێسـا دەسـتەبەر دەكات.

لەبـەر هەمـوو ئـەو هۆكارانـە، لەئاوهەڵكێشـان دەبێتـە مەرجـی ئەندامبـوون لـە كڵێسـا. ڕەنگـە گرنگـی بدەیـت بـە ئەندامبـوون لـە كڵێسـایەک، بـەڵام داواكارییـان بـۆ لەئاوهەڵكێشـان لەمپـەری خسـتبیتە بەردەمـت. ئەگـەر بـەم شـێوەیەیە، هیـوادارم کـە لەپـاش خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە، درکـت بـەوە کردبێـت کـە عیسـا تەنهـا داوای لەتـۆ نەکـردووە بـۆ لەئاوهەڵكێشـان، بەڵکـو داوای لـە كڵێسـاش کـردووە کـە داوای لەئاوهەڵكێشـانت لـێ بکـەن. وە ئەگـەر ڕابـەری كڵێسـای، هیـوادارم درکـت بـەوە کردبێـت کـە كڵێسـاکەت پێویسـتی بەوەیـە داوای لەئاوهەڵكێشـان بـکات لەوانـەی بانگـەوازی ئـەوە دەکـەن کـە مەسـیح ڕزگارکەریانـە.

## بەشی پێنجەم

## کەی «لەئاوهەڵکێشان»، لەئاوهەڵکێشان نییە؟

کچە بچووکەکەم زۆر حەزی لە دەیناسوورە. زۆر جار بەیانییان هەڵدەستێت و دەپرسێت: ”حەز دەکەی لەگەڵم یاری دەیناسوور بکەی؟» وە لە شەودا، هەندێک جار دەیناسوورێکی پلاستیکی لەگەڵ خۆی دەباتە ناو جێگاکەیەوە؛ لەسەر سەریەوە وێنەیەکی گەورە هەیە کە ناو و وێنەی دەیناسوورەکانی لەسەرە. هەرچەندە تەمەنی دوو ساڵ و نیوە، دەتوانێت بە تەماشاکردنی سەر و کلکیان دەیان جۆر دەیناسوور بناسێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لێی بپرسیت: «ئایا ئەوە براکیوسوراسە؟»، ڕەنگە وەڵامت بداتەوە و بڵێت: ”نەخێر، ئەوە ئەباتوسوراسە! براکیوسوراس ملێکی درێژتری هەیە».

وە بۆ ئەوەی بزانین شتێک چییە، دەبێت بزانین کە ئەو شتە چی نییە. لە سێ بەشی ڕابردوودا بە شێوەیەکی گشتی سەرنجمان لەسەر ئەوە بوو کە ئاخۆ لەئاوهەڵکێشان چییە، ئێستا سەرنج دەخەینە سەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان چی نییە. هۆکاری ئەمە دوو ڕووی هەیە. یەکەم، بە ڕێگای پێناسەمان بۆ لەئاوهەڵکێشان، ڕەنگە هەندێک خوێنەر کە پێشتر لە ئاو هەڵکێشراون بپرسن داخوا بەڕاستی لە ئاو هەڵکێشراون. دووەم، زۆر جار ڕابەرانی کڵێسا پێویستیان بەوەیە کە بڕیار بدەن لەوەی «لەئاوهەڵکێشان»ی باوەڕدارێک کە پاڵێوراوە بۆ ئەندامێتیی کڵێسا ڕاستە. لەبەر ئەوە چوار دیمەنی بەربڵاوی لەئاوهەڵکێشان دەخەینە ڕوو کە بەڕاستی لە ئاو هەڵکێشان نییە.

### ئەگەر بە کۆرپەیی لە ئاو هەڵکێشراویت

لە بەشی ڕابردوو ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە «لەئاوهەڵکێشان“ی کۆرپە لەڕاستیدا لەئاوهەڵکێشان نییە. نیازی ئەو باوەڕدارانە هەرچییەک بێت کە پەیڕەوی

لەئاوهەڵکێشانی کۆرپە دەکەن، بەهانەکانیان لەنێو کتێبی پیرۆز هەرچییەک بێت، بە سادەیی کتێبی پیرۆز سەرپشکمان ناکات بۆ لەئاوهەڵکێشانی کۆرپەی باوەڕداران. لەئاوهەڵکێشان نیشانەیەکە لەسەر ئەوەی کە مزگێنیی مەسیح لە ژیانی کەسێکدا کار دەکات، وە ئەو بەڕاستی لەگەڵ مەسیح یەکیگرتووە. لەئاوهەڵکێشان ئاماژەیە بۆ بەڵێنێک کە هاتووەتە دی.

بۆیە ئەگەر بە کۆرپەیی لە ئاو هەڵکێشراویت، هێشتا پێویستت بەوەیە کە لە ئاو هەڵبکێشرێیت - بۆ جاری یەکەم. وە نیازی ئەو کڵێسا بەڕێزەی لەئاوی هەڵکێشاویت هەرچییەک بووبێت، حاڵی تۆ وەک حاڵی هەر کەسێکە کە مەسیحی قبووڵ کردووە و هێشتا لە ئاو هەڵنەکێشراوە.

## ئەگەر وەک باوەڕدارێک لە ئاو هەڵکێشراویت و باوەڕدار نەبوویت

هەندێک کەس بە خواستی خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشرێن و دان بە باوەڕیان بە مەسیح دەنێن، بەڵام پاشان بۆیان دەردەکەوێت کە لەو کاتەی لە ئاو هەڵکێشراون باوەڕیان نەبووە. بڕوانە ئەم دیمەنانەی خوارەوە:

> لە تەمەنی سێزدەساڵی لە ئاو هەڵکێشرام، بەر لەوەی بەڕاستی پەروەردگار بناسم. ئەوە لەدوای ئەوە بوو کە لە گروپی گەنجان وانەی لەئاوهەڵکێشانمان خوێند، وە پرسیارمان لێکرا ئەگەر دەمانەوێت لە ئاو هەڵبکێشرێین. وە کاتێک زۆرینەیان قبووڵیان کرد، منیش بڕیارم دا لەگەڵ ئەوان لە ئاو هەڵبکێشرێم. بەبیرم دێ کە شەرمم دەکرد سەبارەت بەمە بە هاوڕێیەکانی قوتابخانەم بڵێم و بانگهێشتیان بکەم بۆ ئەوەی لە ڕێوڕەسمەکەدا ئامادە بن.
>
> کاتێک تەمەنم بیست ساڵ بوو بەڕاستی خودا لە ژیانمدا کاری کرد، ئەوە ئەو کاتەیە دەتوانم بڵێم خودا چاومی کردەوە لەسەر واتای ڕاستەقینەی شوێنکەوتنی مەسیح. لە باشترین بارودۆخدا، پێویست بوو ئەو کاتە لە ئاو هەڵبکێشرێم، بەڵام ڕوونە کە پێشتر لە ئاو هەڵکێشراوم. بۆم گرنگە کە ڕای

تـۆ ببیسـتم لەمـەڕ ئـەوەی کـە ئاخـۆ جـاری دووەم لـە ئـاو هەڵبکێشرێمـەوە یـان نـا، وە هەسـت دەکەیـت کـە شـتێکی پێویسـت و گرنگـە؟[a]

ئـەم کەسـە – بـا وای دابنێیـن کـە لـە ڕەگـەزی نێـرە – پێـی وا نەبـووە کـە ئـەو کاتـەی لـە ئـاو هەڵکێـشراوە بـاوەڕدار بـووە. دەڵێـت: کاتێـک لـە ئـاو هەڵکێشرام هێشـتا پـەروەردگارم نەناسـیبوو. وە پاڵنـەری بـۆ لەئاوهەڵکێشـان ئـەوە بـووە لەگـەڵ کەسـانی دیکـە بـێ: «زۆرینەیـان قبووڵیـان کـرد». لـە جێگـەی ئـەوەی کـە لەئاوهەڵکێشـان بەکاربهێنێـت وەک دەرفەتێکـی ئاشـکرا بـۆ ڕاگەیاندنـی ئـەوەی سـەر بـە مەسـیحە لەبـەردەم هەمـوو ئەوانـەی دەیانەوێـت بزانـن، هەوڵـی داوە بەگوێـرەی توانـا بیشـارێتەوە بـەوەی بـە هاوڕێیەکانـی قوتابخانـەی نەڵێـت. وە هـەروەک لـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکان پێمان دەڵێـت، وا دیـارە پـاش چەندیـن سـاڵ بـە دروسـتی لـە بەقوتابیبوونی مەسـیح تێگەیشـتووە، وە بەڕاسـتی متمانـەی بـە عیسـا کـردووە.

کەواتـە، ئایـا پێویسـتە ئـەو کەسـە بـۆ جـاری دووەم لـە ئـاو هەڵبکێشرێتـەوە؟ نەخێـر، وە بێگومـان نەخێـر. پێویسـتە بـۆ جـاری یەکەمـی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت. تـۆ بـە تـەواوی لـە ئـاو هەڵکێشراویـت، کاتێـک بەڕاسـتی لـە ئـاو هەڵدەکێشرێیـت. بـەڵام ئەگـەر لـە کاتـی لەئاوهەڵکێشـانت بـاوەڕدار نەبوویـت، وە بـە دڵنیاییـەوە دەزانیـت کـە لەئاوهەڵکێشـانەکەت لـەو کاتـەدا دانپێدانانێکـی ڕاسـتگۆیانە نەبـووە بـە متمانـەت بـە مەسـیح و ڕاگەیاندنـی پەیوەسـتبوون و ملکەچیـی ڕاسـتەقینەت بـۆ مەسـیح، ئـەوا «لەئاوهەڵکێشـانەکەت» لەئاوهەڵکێشـان نەبـووە. وە ئەگـەر تـۆ لـەم حاڵەتەدایـت، هێشـتا پێویسـتت بەوەیـە لـە ئـاو هەڵبکێشرێیـت.

دیمەنێکـی دیکـە هەیـە پێویسـتی بـە گفتوگۆیـە. سـەرنجی چیرۆکـی ئـەو کچـە گەنجـە بـدە – ئەمـە چیرۆکێکـی دروسـتکراوە بـەڵام لەڕاسـتیدا بەربـڵاوە:

لـە ماڵێکـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح پـەروەردە بـووم. دایـک و باوکـم فێـری

[a] بڕوانە ئەم بابەتە:

”You Asked: Should I Get ’Re-Baptized‘? (Credobaptist Answer),” at http://thegospelcoalition.org/blogs/tgc/2013/02/06/you-asked-should-i-get-rebaptized-credobaptist-answer.

مزگێنیی مەسیحیان کردم، کاتێک تەمەنم شەش ساڵ بوو لەگەڵ باوکم نوێژم کرد بۆ ئەوەی مەسیح قبووڵ بکەم. بەبیرم دێت کە من هەستم بە بارگرانی گوناهەکانم دەکرد و دەمزانی کە عیسا لەسەر خاچ مرد بۆ ئەوەی من ڕزگار بکات. پاش چەند مانگێک لەمە لە ئاو هەڵکێشرام. لەو کاتە بەدواوە، وەک باوەڕدارێک بە مەسیح لە خۆم دەڕوانی، دەمزانی ئەوە واتا متمانەکردن بە عیسا و ژیان بەگوێرەی وشەکەی.

بەڵام پاش چەند ساڵێک لەدوای تەمەنی هەرزەکاریم گومانم بۆ دروست بوو. پرسیار دەهاتە هزرم دەربارەی ڕاستگۆیی کتێبی پیرۆز، وە هەمیشە حەزم لەو شتانە نەبوو کە لە کتێبی پیرۆزدا نووسرابوو. وە کاتێک نوێژم دەکرد بەردەوام هەستم بە بوونی خودا نەدەکرد. هەرچەندە من بە شێوەیەکی خراپ نەدەژیام، بەڵام ژیانم وەک ژیانی هاوڕێ بێ باوەڕەکان بوو لەبری ئەوەی کە وەک باوەڕدارێک بژیم. هەندێک جار گزیم دەکرد لە تاقیکردنەوەکانی خوێندنگا، وە هەندێک جاری دیکە درۆم لەگەڵ دایک و باوکم دەکرد و پێم نەدەگوتن بە شەو دەچمە کوێ بۆ ئەوەی نەزانن کە لەگەڵ هاوڕێیەکانم دەچم خواردنەوە کحولییەکان دەخۆمەوە.

ئەمڕۆ تەمەنم دەبێتە بیست ساڵ، بەڵام دڵنیا نیم کەی بوومەتە باوەڕدار. وە هەست دەکەم کە باوەڕەکەم لە دوو ساڵی ڕابردوودا بووەتە باوەڕێکی زیندوو، وە من زیاتر لە لایەنی ڕۆحییەوە گەشەم کردووە لەوەی لە دە ساڵی ڕابردوو. بۆیە ئەگەر دڵنیا نەبم لەوەی کە من باوەڕدار بوومە لەو کاتەی لە ئاو هەڵکێشراوم، ئایا ئێستا پێویستە لە ئاو هەڵبکێشرێم، بۆ ئەوەی دڵنیا بم؟

ئەم حاڵەتە ئاڵۆزترە. لە لایەک، ئەو گەنجە لە ئەنجامی بیستنی ئینجیل و باوەڕ پێی لە ئاو هەڵکێشراوە، وەک ئەوەی کە دیارە. وا دیارە لە سەرەتادا بەرهەمی ڕۆحی هەیە. بەڵام چی لەو ساڵانەی تەمەنی هەرزەکاری بکەین؟ لەگەڵ ئەوەی بەردەوام خۆی وەک باوەڕدارێک بینیوە، بەڵام ئایا بەڕاستی وەک

باوەڕدارێـک بـە مەسـیح ژیـاوە؟ وە کاتێـک پێگەیشـت، بەهـۆی مێـژووی ئاڵـۆزی ئـەو بیرۆکەیـە قـورس دەبێـت کـە ئـەو لـە تەمەنـی بچووکیـدا بەڕاسـتی متمانـەی بە مەسـیح کـردووە. دەبێـت چـی بـکات؟

پێـم وایـە ئـەوەی پێشـتر لـە ئـاو هەڵکێـشراوە دانـی بـە بـاوەڕ بـە مەسـیحدا نـاوە، پێویسـتە لەسـەری «دووبـارە لـە ئـاو هەڵبکێشرێتـەوە» ئەگـەر تـەواو دڵنیایـە لـەوەی لـە کاتـی لەئاوهەڵکێشـانی بەڕاسـتی بـاوەڕدار نەبـووە. وە بابەتەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ کەسـەکە خـۆی کـە بڕیـار بـدات، بـە یارمەتـی ڕابەرانـی لەخواترسـی کڵێسـا. مەبەسـتی لەئاوهەڵکێشـان ئەوەیـە کـە یـەک جـار بێـت، ناکرێـت تەنهـا لەسـەر بنەمـای گومـان دووبـارە بکرێتـەوە.

لـەم حاڵەتـەدا، وا دیـارە کـە ئـەو کچـە بەڕاسـتی لـە پەیامـی ئینجیـل تێگەیشـتووە و هـەر زوو بـە منداڵـی بـاوەڕی پـێ هێنـاوە. تەنانـەت لـە تەمەنـی هەرزەکاریشـیدا لـەدوای ئـەوە، پێناچێـت کـە خـۆی دابێتـە دەسـت ژیانێـک کـە نەکرێـت تۆبـەی لـێ بکرێـت، هەروەهـا هەرگیـز نکۆڵـی لـە باوەڕەکـەی بـە مەسـیح نەکـردووە. ئاسـانە بـۆ مـرۆڤ کاتێـک کـە تەماشـای دواوە بـکات بـاوەڕی منداڵانـە لەگـەڵ نەبوونـی بـاوەڕ تێکـەڵ بـکات، یـان بـە پێـوەری بـاوەڕی کەسـێکی پێگەیشـتوو و بەرهەمـی ڕۆحـی بـاوەڕی منـداڵ یـان هـەرزەکار هەڵبسـەنگێنێت. بابەتەکـە جۆرێکـی دیکـە دەبـوو ئەگـەر نکۆڵـی لـە بـاوەڕی کردبێـت یـان لـە گوناهێکـی ڕژد و ئاشـکرا تێـوە گلابێـت کـە دانـی پێدانەنێـت و تۆبـەی لـێ نـەکات. بـەو جـۆرەی کـە ئێسـتا هەیـە، پێـم وایـە کـە پێویسـتە ڕاسـتگۆیانە مامەڵـە لەگـەڵ دانپێدانانـی بـە بـاوەڕ لـەم قۆناغـە زووەدا بکرێـت، بـەڵام مـن قسـەکەم دووبـارە دەکەمـەوە کـە بابەتەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ خـۆی کـە بڕیـاری لـێ بـدات. بـە ڕای مـن تەنهـا و تەنهـا لـە حاڵێکـدا کە خـۆی تـەواو دڵنیابێت لـەو کاتـەی لـە ئـاو هەڵکێـشراوە بـاوەڕدار نەبـووە، پێویسـتە داوای لەئاوهەڵکێشـان بـکات، وە پێویسـتە کڵێسـا لـە ئـاوی هەڵبکێشـێت.

# ئەگەر ئەو کڵێسایەی لەئاوی هەڵکێشاویت
# نکۆڵی لە مزگێنیی مەسیح بکات

لەئاوهەڵکێشـان هێمایـە بـۆ مزگێنیـی مەسـیح. بـە ڕێگایەکـی قـووڵ وێنـای هەواڵی خۆشی عیسای مەسیح دەکات کەوا گوناهبار دەدۆزێتەوە و ئازادی دەکات. لەئاوهەڵکێشـان واتـا تـۆ عیسـا و کارە ڕزگارییەکـەی قبـووڵ دەکەیـت. لەبەر ئـەوە لەئاوهەڵکێشـان سـەرنجی لەسـەر ئینجیلـە؛ بەبـێ ئینجیـل، لەئاوهەڵکێشـان نییـە.

بـەڵام ئەگـەر هەمـوو باوەڕدارێـک سەرپشـک بـوو لـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت تەنهـا لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕدارە بـە مەسـیح، ئـەوا کڵێسـا لـە هاوکێشـەکە دەردەچێـت. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە عیسـا دەسـەڵاتی بـە کڵێسـا داوە لەسـەر زەوی نوێنەرایەتـی ئاسـمان بـکات، بۆیـە لـە بـاری ئاسـاییدا، تەنها کڵێسـا هەڵدەسـتێت بـە لەئاوهەڵکێشـان. وە تەنهـا ئـەو باوەڕدارانـەی کـە دان بـە مزگێنیـی مەسـیحدا دەنێـن و ڕایدەگەیەنـن مافـی ئەوەیـان هەیـە بـە خۆیـان بڵێـن کڵێسـا.

هەندێـک جـار، چەندیـن کۆمەڵـە بـاوەڕدار بـە خۆیـان دەڵێن کڵێسـا، لەگـەڵ ئەوەی بـە ڕادەیـەک لـە ڕاسـتیی ئینجیـل دوورکەوتوونەتـەوە کـە نکۆڵـی لـێ دەکەن. بـۆ نموونە، ئەگـەر کڵێسـایەک لـە فێرکردنەکانیـدا بڵێـت کـە مردنـی مەسـیح تەنهـا پیشـاندانێک بـوو بـۆ خۆشەویسـتی پـڕ لـە پەرۆشـی خـودا بـۆ مرۆڤایەتـی، وە هەسـتانەوەکەی بـە جەسـتە نەبـوو، بەڵکـو تەنهـا مۆرکێکـی ڕۆحـی بـوو لـە دڵـی قوتابییەکانیـدا، ئـەوا ئـەو کڵێسـایە پەیامـی ئینجیلـی گـۆڕیوە بـە ئینجیلێکـی درۆییـن. وە هـەروەک پۆڵـس باسـی ئـەو بابەتـەی کـردووە و دەڵێـت: ئـەوەی لـە ئینجیلـی نێردراوێتـی ڕەسـەن کەمـتر بێـت، هەرگیـز ئینجیـل نییـە (گەلاتیـا ١: ٦-٧).

هەندێـک لـە کڵێسـاکان لـە ڕێگـەی ئـەو بۆچوونـەی لەمـەڕ لەئاوهەڵکێشـان هەیانە نکۆڵـی لـە ئینجیـل دەکـەن. بـۆ نموونـە، ئەگـەر کڵێسـایەک هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ لەئاوهەڵکێشـان کـرد وەک ئـەوەی توانـای ڕزگاری هەیـە، بـە پێدانـی لێخۆشـبوون و لەدایکبوونـەوەی نـوێ، ئـەوا ئـەو کڵێسـایە لەئاوهەڵکێشـانی لـە شـوێنی ئینجیـل داناوە.

هەرچەنـدە ئینجیـل و لەئاوهەڵکێشـان جیـا ناکرێنـەوە، کـە ڕایسـپاردووە هـەر کەسـێک بـاوەڕ بهێنێـت لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت، وە بـەوەی لەئاوهەڵکێشـان دان بـە ئینجیلـدا دەنێـت و ڕایدەگەیەنێـت، بـەڵام دەبێـت لەئاوهەڵکێشـان هاوشـانی ئینجیـل نەبێـت یـان پێـی بگۆڕدرێـت.

ئـەو کڵێسـایەی نکۆڵـی لـە ئینجیـل دەکات لـە ڕاسـتیدا کڵێسـا نییـە. واتـا لـە لایـەن عیسـاوە دەسـەڵاتی ئەوەیـان پـێ نـەدراوە کـە بـە نـاوی ئـەوەوە خەڵکـی لـە ئـاو هەڵبکێشـن. بۆیـە "لەئاوهەڵکێشـان"ی ئـەو کڵێسـایانە کـە نکۆڵـی لـە ئینجیـل دەکـەن، لەڕاسـتیدا لەئاوهەڵکێشـان نییـە.

وە ئەگـەر ئـەو دیمەنـە لـەلای تـۆ نامـۆ نەبـوو، چـۆن دڵنیـا دەبیـت لـەوەی ئـەو کڵێسـایەی کـە لەئـاوی هەڵکێشـاویت نکۆڵـی لـە ئینجیـل دەکات؟ بابەتەکـە کەمێـک ئاڵـۆزە. ئەگـەر هەندێـک گومانـت هەیـە لـەوەی تـۆ لـەو بارودۆخەدایـت، هانـت دەدەم کـە داوای یارمەتـی لـە پیرانـی کڵێسـاکەت بکەیـت.

بـا بـە ڕوونـی پێـت بڵێـم: هیـچ کڵێسـایەک نییـە فێرکردنێکـی نموونەیی هەبێـت، وە هیـچ وتاربێژێکیـش بێخـەوش و کامـڵ نییـە. مـن ناڵێـم کـە لەئاوهەڵکێشـان ئـەو کاتـە دروسـتە کـە کڵێسـاکە لـە لایەنـی بـاوەڕەوە تـەواو و کامـڵ بێـت. هەروەهـا ناشـڵێم کـە ئـەو لەئاوهەڵکێشـانەی شـوانی کڵێسـایەک ئەنجامـی دەدات کـە سەرڕاسـت نییـە بەرامبـەر ئـەو وتـارەی کـە دەیدات، ئـەوا لەئاوهەڵکێشـانەکە پـووچ و بەتاڵـە. لە جێگەی ئـەوە دەڵێـم کـە هەمـان ئـەو مزگێنییـەی کـە لـە بنەڕەتدا کڵێسـای لـێ لەدایـک دەبێت، هەمـان ئـەو مزگێنییەیـە کـە کڵێسا سەرپشـک دەکات لـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشـێت وە ڕێ بـە بـاوەڕداران دەدات لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن. گرنگـی بـەو پیـاوە نـادەم کـە لـە ئـاو هەڵدەکێشـێت زیاتـر لـە گرنگیدانـم بـەو کڵێسـایەی کـە دەسـەڵاتی ئـەوەی پـێ دەبەخشـێت؛ لەپێنـاو ئـەوەی کڵێسـا لەئاوهەڵکێشـان بـکات، پێویسـتی بەوەیـە مزگێنیی مەسـیح بـە وێنـەی خـۆی لـە کتێبـی پیـرۆز دووپـات بکاتـەوە و ڕایبگەیەنێـت.

## ئەگەر لەئاوهەڵکێشان هیچ پەیوەندییەکی بە کڵێساوە نەبێت

دوایین هەڵوێست کە سەرنجی دەدەین، قورستترینیانە: ئەگەر ئەو لەئاوهەڵکێشانەی کە ئەنجام دەدرێت هیچ پەیوەندییەکی بە کڵێساوە نەبێت. لە لایەک، لەئاوهەڵکێشانمان هەیە شوانی کڵێسایەک ئەنجامی دەدات بە ئامادەبوونی کڵێسایەک کە باوەڕیان بە مزگێنیی مەسیح هەیە. لێرەدا کێشە نییە. لە لایەکی دیکەوە، با هەندێک زیاتر لەسەر دیمەنی مەلەوانگەکە قسە بکەین کە لە بەشی یەکەم باسمان کرد: بیر لەوە بکەوە کە لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا لەگەڵ هاوڕێیەک لە حەوزی مەلەوانی حەوشەی پشتەوەی ماڵی ئەواندایت. هەردووکتان باوەڕدارن – لەڕاستیدا هاوڕێیەکەت بەر لە چەند هەفتەیەک بووەتە هۆکاری باوەڕهێنانت.

هاوڕێیەکەت: ئایا هێشتا لە ئاو هەڵنەکێشراویت، هاوڕێم؟

تۆ: نەخێر، وە پێم وایە دەبێت لە ئاو هەڵبکێشرێم.

هاوڕێیەکەت: بۆچی ئێستا لە ئاو هەڵناکێشرێیت؟ من دەتوانم لەئاوت هەڵبکێشم.

تۆ: بەڵام... باشە.

ئەگەر ئەو کاتە هاوڕێیەکەت تۆی خستە ژێر ئاو و گوتی: ”من بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاوت هەڵدەکێشم»، ئایا ئەمە واتای ئەوەیە کە تۆ لە ئاو هەڵکێشرایت؟ بە پێچەوانەی دیمەنی پاڵنانی نێو حەوزەکەی بەشی یەکەم، لەم بارەدا تۆ ڕازی بوویت. لەڕاستیدا زۆر نییە کە باوەڕت بە مەسیح هێناوە. وە هاوڕێکەت دڵنیایە و دەزانێت تۆ متمانە بە مەسیح دەکەیت، چونکە هەر خۆی مزگێنیی پێدایت. بەڵام ئایا ئەم هۆکارانە بۆ لەئاوهەڵکێشان دەشێن؟

بە ڕای من لە زۆربەی بارودۆخەکاندا وەڵامەکە نەخێرە. لەبیرت بێ کە لە لەئاوهەڵکێشاندا کەسێک خۆی بۆ مەسیح و گەلەکەی تەرخان دەکات، لە کاتێکدا

کڵێسا دانپێدانانی باوەڕی ئەو باوەڕدارە پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام ناکرێت بڵێین کە هاوڕێیەکەت لە جێگەی کڵێسا بڕیار دەدات. وە ناکرێت کڵێسا بە ناوی عیسا قسەت لەگەڵ بکات لە کاتێکدا هاوڕێیەکەت لەژێر ئاو نقومت دەکات. ئەمە کێشە سەرەکییەکەیە، بەشە ونبووەکە ڕێگە نادات ئەم دیمەنە لەئاوهەڵکێشانێکی ڕاستەقینە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێبینیی ئەوە بکە کە من گوتم لە «زۆربەی بارودۆخەکان»دا ئەوە ناگونجێت. بەڵام ئەگەر لە شوێنێکیت هیچ کڵێسا و باوەڕدارێکی لێ نییە، ئەوا هەر کەسێک ئینجیلی هەبێت دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لە ئاو هەڵبکێشێت. واتا، ئەگەر کڵێسای ناوخۆیی لەو شوێنەدا نەبێت، ئەوا هەر باوەڕدارێک بە مەسیح تۆوی کڵێسای هەڵگرتووە، کەوا پەیامی ئینجیلە و لە ڕێگەی جاڕدانەوە دەچێنرێت. لە بەشی داهاتوودا زیاتر لەسەر ئەمە دەدوێین، بەڵام ئێستا زۆر بە سادەیی دەمەوێت بڵێم کە لەو شوێنەی هیچ کڵێسایەکی لێ نییە، ئەوەی ئینجیل جاڕ دەدات دەتوانێت و دەبێت هەر کەسێک لە ئاو هەڵبکێشێت کە پێشوازی لە پەیامەکە دەکات.

بەڵام لە چیرۆکی حەوزی مەلەکردنەکەدا، بارودۆخەکە بەو جۆرە نییە. چەندین کڵێسا لەو ناوچەیەدا هەیە. وا دیارە هاوڕێیەکەت ئەندامێک بووە لە یەکێک لە کڵێساکانی ناوچەکە. بۆیە، لەبری ئەوەی خۆی بەقوتابیکردنت بۆ بکات، پێویستە لەسەری بتباتە یەکێک لە کڵێساکان و بەوانت بسپێرێت. کاتێک مەسیحت قبووڵ کردووە، هاوڕێیەکەت لەسەری بووە پێت بڵێت: «زۆر باشە! با ئێستا بە گەلی مەسیحت بناسێنم. کڵێسای دیکەی سەرڕاست لە شارەکە هەیە، وە من ئەندامی یەکێک لەو کڵێسایانەم. با قسە لەگەڵ شوانی کڵێساکە بکەین و بزانین دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێیت و ببیتە ئەندامی کڵێسایەک».

با ئەوەی پێشتر گوتم دووبارەی بکەمەوە: لەو ناوچەیەی کڵێسای نێوخۆیی لێیە، لەئاوهەڵکێشانێک کەوا پەیوەندی بە هیچ کڵێسایەکەوە نییە لەئاوهەڵکێشان نییە. وە لەبیرت بێ کە لەئاوهەڵکێشان ڕاگەیاندنێکە دوو لایەن ئەنجامی دەدەن:

لەئاوهەڵکێش و لەئاوهەڵکێشراو. وە لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا کڵێسا لە ناوچەکە هەیە، بەڵام بە نوێنەرایەتیی عیسای مەسیح قسەی نەکردووە، ئەم لە ئاو نقومکردنە بە لەئاوهەڵکێشان دانانرێت. تەنها کڵێسایە کە دەتوانێت سوێندی هاوڵاتییانی شانشین قبووڵ بکات. تەنها کڵێسا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە سەرپەرشتی دەستپێشخەری نیشانەی سوێندی پەیمانی نوێ بکات. وە تەنها کڵێسا دەسەڵاتی هەیە کە بڵێت: «هەمووان تەماشای ئێرە بکەن: ئێستا ئەم کەسە سەربە عیسای مەسیحە».

مەبەستمان چییە لەوەی کە دەبێت لەئاوهەڵکێشان بە کڵێسای ناوخۆییەوە ببەسترێتەوە؟ لە بەشی داهاتوودا زیاتر ئەمە ڕوون دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دەتوانین بە خێرایی چاوێکی پێدا بخشێنین. پێم وا نییە کە کتێبی پیرۆز بەتایبەتی فەرمان دەکات کە تەنها شوانی کڵێسا دەبێت باوەڕداران لە ئاو هەڵبکێشێت، هەر چەندە ئەمە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بڕیارێکی ژیرانە و دروستە. وە پێم وا نییە کە کتێبی پیرۆز فەرمان دەکات کە لەو کاتەی تەواوی کڵێسا کۆدەبێتەوە لەئاوهەڵکێشان ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسان پێم وایە کە ئەمە بڕیارێکی ژیرانەیە و لەگەڵ ڕۆڵی لەئاوهەڵکێشاندا دەگونجێت لە دووپاتکردنەوەی پەیوەستبوونی باوەڕدار بە جەستەی مەسیح و پشتڕاستکردنەوەی جەستەکە بۆ ئەم باوەڕدارە. بۆیە ئەگەر قەشە لەئاوهەڵکێشانەکە نەکات و لەبەردەم باوەڕداراندا نەبێت، ئەوا پێویستمان بە هەندێک نەرمی نواندن دەبێت لە ڕووی چۆنیەتی پەیڕەوکردنی لەئاوهەڵکێشان بە ڕێگایەکی پەسەند.

هێشتا دەڵێم لەو شوێنەی کڵێسای ناوخۆیی هەیە، هێڵێک هەیە لەنێوان ئەو لەئاوهەڵکێشانەی کە بە شێوەیەک بە کڵێساوە بەستراوەتەوە و پەسەندە، لەگەڵ ئەو لەئاوهەڵکێشانەی کە بە کڵێساوە نەبەستراەتەوە و ناپەسەندە. هەندێک بارودۆخ زۆر ڕوونە، وە هەندێک ڕوون نییە. بۆ نموونە، برادەرێکی نزیکم لەسەر دەستی برادەرێکی لە مەلەوانگە لە ئاو هەڵکێشراوە. ئەوان چووبوونە خێوەتگایەکی مەسیحی و زۆر کەسی دیکەش لە ئاو هەڵکێشران. ئایا ئەمە لەئاوهەڵکێشانێکی دروستە؟ دڵنیا نیم. ئەگەر لەبیرم نەکردبێ، بە شێوەیەک لە شێوەکان کڵێسایەکی

ناوخۆیـی سەرپەرشتی ئـەم خێوەتگایـەی دەکـرد، بـەڵام مـن دڵنیـا نیـم لـە بەشـداریی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆی کڵێسـا لـەم لەئاوهەڵکێشـانە. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لەئاوهەڵکێشانەکە بـە ئاشـکرا بـووە، وە بـە جۆرێـک پەیوەسـت بـووە بـە کڵێسـایەکی ناوخۆییـەوە، بـەلای ئـەوەدا دەچـم کـە بـە پەسـەندی دابنێـم. بابەتەکـە زۆر ڕوون نییـە، بۆیـە ئەگـەر تێدەگـەم ئەگـەر کڵێسـایەک بگاتـە پێچەوانـەی دەرەنجامەکـەی مـن.

لـە کۆتاییـدا، ئەمانـە ئـەو جـۆرە حوکـم و بڕیارانـەن کـە کڵێسـا دەبێـت بیـدات لـەو کاتـەی ئـەو کەسـانە هەڵدەسـەنگێنن کـە پێویسـتیان بـە لەئاوهەڵکێشـانە. لەلایـەک، نامانەوێـت بنەمـاکان زیاتـر لـە کتێبـی پیـرۆز بەرتەسـک بکەینـەوە، وە لـە لایەکـی دیکـەوە، نامانەوێـت کـە لەئاوهەڵکێشـان ببێتـە بابەتێکـی دوور و دابـڕاو لـە کڵێسـا و ڕۆڵـی بەقوتابیکـردن و دانانـی هێـڵ و دروسـتکردنی کڵێسـای لـێ دابماڵیـن. پێویسـتە دانـا بیـن و پشـت بـە کتێبـی پیـرۆز ببەسـتین.

هەروەهـا ئـەم بابەتـە پێویسـتی بـە ژیـری و وریایـی باوەڕدارانیـش هەیـە. ئەگـەر بـەم دواییانـە مەسـیحت قبـووڵ کـردووە، یـان کەسـێکت بەرەو مەسـیح هێنـاوە، مکوڕ بە لەسـەر ئـەوەی یەکەمیـن وێسـتگەت لـە بەقوتابیکـردن کڵێسـا بێـت. کڵێسـا ئـەو جەسـتەیەیە کـە مەسـیح دیـاری کـردووە بـۆ ئـەوەی لەجیاتـی ئـەو کار بـکات و قسـە بـکات، نوێنەرایەتـی دەسـەڵاتی ئاسـمانیی ئـەو بـکات لەسـەر زەوی. وە ئـەو شـوێنەیە کـە هەمـوو قوتابییـەکان تێیـدا گەشـە دەکـەن بـەرەو پـڕی مەسـیح (ئەفەسـۆس ٤: ١١-١٦). بـاوەڕدار بـە مەسـیح لـە یەکـەم ڕۆژی کارەکەیـدا دەچێتـە کـوێ؟ دەچێتـە کڵێسـای ناوخۆیـی.

## داهاتوو و کۆتایی

ئـەم بەشـە سـەرنجی لەسـەر ئـەوە بـوو کـە چـی بـە لەئاوهەڵکێشـان دانانرێـت تاوەکـو ئـەوەی بەڕاسـتی بـە لەئاوهەڵکێشـان دادەنرێـت ڕوون ببێتـەوە. وە ئەگـەر ئـەو حاڵەتانـەی پێشـتر باسـم کـرد ڕوون بـووەوە، هیـوادارم کـە ئـەوە یارمەتیـت بـدات بـۆ ئـەوەی دڵنیابیـت لـە گوێڕایەڵیـت بـۆ ڕاسـپاردەی عیسـا سـەبارەت بـە لەئاوهەڵکێشـان، یـان کـە بزانیـت تـۆ هێشـتا پێویسـتت بـەوە هەیـە، ئەگـەر بـۆت دەرکـەوت کـە ئـەوەت

نەکـردووە. وە ئەگـەر ڕابـەری کڵێسـایت، هیـوادارم کـە هەندێـک پێـوەری ڕوونـترت دانابێـت لەبـارەی ئـەوەوە کـە کڵێسـاکەت چـی بـە لەئاوهەڵکێشـان دەزانێـت و چـی بـە لەئاوهەڵکێشـان نازانێـت.

وە بێگومـان، کڵێسـا تەنهـا سـەرقاڵ نابێـت بـە هەڵسـەنگاندنی بڕیـاری لەئاوهەڵکێشـانی خەڵکـەوە، بەڵکـو لەئاویشـیان هەڵدەکێشـێت. بۆیـە لـە بەشـی داهاتـوو و کۆتاییـدا وەڵامـی ئـەم پرسـیارە دەدەینـەوە: «پێویسـتە کڵێسـاکان چـۆن لەئاوهەڵکێشـان پەیـڕەو بکـەن؟“

## بەشی شەشەم

# پێویستە کڵێساکان چۆن لەئاوهەڵکێشان ئەنجام بدەن؟

بـۆ زۆربـەی بـاوەڕداران، سـەرەکیترین شـت کـە دەبێـت لەگـەڵ لەئاوهەڵکێشـان بیکـەن، ئەوەیـە کە لە ئـاو هەڵبکێشرێن. وە بێگومان پێویسـتە لە لەئاوهەڵکێشـانەکەمان ڕابمێنیـن بـۆ ئـەوەی وەبیرمـان بهێنێتـەوە کـە ئێمـە لەگـەڵ مەسـیح یەکمانگرتـووە، وە هێزمـان وەرگرتـووە و فەرمانمـان پـێ کـراوە ژیانێکـی نـوێ بژیـن (ڕۆمـا ٦: ١-٤). وە لەهەرکـوێ دەرفـەت ڕەخسـا، پێویسـتە باوەڕدارانـی دیکـە هـان بدەیـن بـۆ ئـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن ئەگـەر پێشـوەخت لـە ئـاو هەڵنەکێشرابـوون. بـەڵام کـە دێینـە سـەر گوێڕایەڵـی ڕاسـتەوخۆت بـۆ عیسـا، لەئاوهەڵکێشـان هەمـوو شـتێکە.

بـەڵام بـۆ ڕابەرانـی کڵێسـا، بابەتەکـە جیـاوازە. ڕەنگـە ئـەو کڵێسـایانەی مزگێنیـی مەسـیح ڕادەگەیەنــن، بۆیـان بڕەخسـێت کـە بـەردەوام باوەڕدارانـی نـوێ لـە ئـاو هەڵبکێشـن، وە بـە گشـتی ڕابەرانـی کڵێسـا لەئاوهەڵکێشـانەکە دەکـەن. بـەڵام خـودی کـرداری لەئاوهەڵکێشـان زۆر پرسـیار دەوروژێنێـت: پێویسـتە چەنـدە ئـاو بەکاربێـت؟ ئایـا ڕشـتنی ئـاو بەسـەردا یـان پرژاندنـی ئـاو بەسـەریدا بـە ئەنـدازەی نقومبـوون کاریگـەری هەیـە؟ پێویسـتە کـێ لەئاوهەڵکێشـانەکە ئەنجـام بـدات؟ پێویسـتە کڵێسـا لـە کـوێ و کـەی لـە ئـاو هەڵبکێشـێت؟ وە لەپـاش ئـەوەی بـاوەڕدار دێتـە لای مەسـیح، چەنـدە کاتـی پێویسـتە بـەر لـەوەی لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت؟

لـەم بەشـەدا یـەک بـە یـەک وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەدەمـەوە. وە بـە دەربڕینێکـی سـادەتر، قسـە لەسـەر ئەمانـە دەکەیـن: شـێوازی لەئاوهەڵکێشـان، ئەنجامـدەر، دەرەنجـام، سـیاق و کات.

هیـوادارم کـە تەنانـەت ئـەو کەسـانەی ڕابـەری کڵێسـا نیـن، ئـەم پرسـیارانە بـە جۆرێـک سـوودبەخش بـێ بۆیـان. وە ئەگـەر هێشـتا لـە ئـاو هەڵنەکێشراویـت، ڕەنگـە

ئـەم بەشـە یارمەتیـدەرت بـێ بـۆ ئـەوەی تێبگەیـت لـەوەی «چـۆن؟» و «لەکـوێ؟» داوای لەئاوهەڵکێشـان بکەیـت. وە ئەگـەر پێشـتر لـە ئـاو هەڵکێشراویـت، ڕەنگـە ئـەم بەشـە یارمەتیـدەرت بـێ بـۆ ئـەوەی یارمەتـی کەسانی دیکـە بدەیـت بـە شـێوەیەک لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن کـە لەگـەڵ کتێبـی پیـرۆز بگونجێـت.

لـە کۆتاییـدا، دەمـەوێ ڕوو بکەمـە ئەوانـەی کـە مزگێنـدەرن یـان لـە داهاتـوودا دەبنـە مزگێنیـدەر و لـەو شـوێنانەی کڵێسـای لـێ نییـە مزگێنـی دەدەن. ئامۆژگارییەکـەم لێـرەدا بوونـی کڵێسـا دەکاتـە مـەرج، بۆیـە هەمـوو جێبەجـێ نابێـت لەسـەر لەئاوهەڵکێشـانەکانی سـەرەتا کـە لـە شـوێنێک ئەنجـام دەدرێـت کـە تـازە مزگێنـی ئینجیلـی تێـدا بڵاو کراوەتـەوە. بـەڵام ئەگـەر گوێڕایەڵـی فەرمانـی نێردراوییێتیـی مـەزن و فێرکردنـی عیسـا بیـت کاتێـک بـە قوتابییەکانـی فەرمـوو کـە ملکەچـی هەمـوو ڕاسـپاردەکانی بـن، دەبـێ بـاوەڕداره نوێیـەکان فێـر بکەیـت، تەنانـەت یەکـەم کەسـی سەرەتاشـیان، کـە شـوێنکەوتنی عیسـا واتـە پێکهێنانـی کڵێسـا. عیسـا دەفەرموێـت: ”چونکـە لـە هەرکوێیـەک دوو یـان سـێ کـەس بـە نـاوی منـەوە کۆببنـەوە، مـن لـەوێ لەنێوانیانـدا دەبـم“ (مەتـا ١٨: ٢٠). ئـەوە واتـا لـە هـەر کـوێ زیاتـر لـە یەک بـاوەڕدار بە عیسـای مەسـیح هەبـوو، توانـای دروسـتکردنی کڵێسـاتان هەیـە. وە پێویسـتە لەسـەرتان ڕابەرایەتـی ئـەم باوەڕدارانـە بکـەن بـەرەو پێکهێنانـی کڵێسـا. لەگـەڵ قبووڵکردنـی مەسـیح لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە، پێویسـتە لەسـەریان، وەک کڵێسـا، سەرپەرشـتی لەئاوهەڵکێشـانی باوەڕدارانـی نـوێ بکـەن. بۆیـە ئـەم بەشـە بـۆ مزگێنیـدەران سوودبەخشـە، هـەروەک سوودبەخشـە بـۆ ڕابەرانـی کڵێسـا گـەورە و پتـەوەکان.

## شێواز

کڵێسـاکان پێویسـتیان بـە چەنـدە ئـاو هەیـە بـۆ ئـەوەی کەسـێک لـە ئـاو هەڵبکێشـن؟ ئایـا پێویسـتیان بەوەیـە شـوێنێکی گـەورە دروسـت بکـەن یـان بـە کرێـی بگـرن، یـان حـەوزی لەئاوهەڵکێشـان و جامـی لەئاوهەڵکێشـان بەسـە؟

لـە بەشـی یەکـەم تێبینیـمان کـرد کـە ئـەو وشـە یۆنانییـەی بـە «لەئاوهەڵکێشـان“

وەرگێڕدراوە، واتا بخرێتە ژێر ئاو و تێیدا نقوم بێت. یەحیا لە ڕووبارێکی بچووک خەڵکی لە ئاو هەڵدەکێشا لەبەر ئەوەی ئاوی زۆربوو (یۆحەنا ٣: ٢٣)، هەروەها خەساوە حەبەشەییەکە کاتێک گەیشتنە سەر ئاوێک داوای کرد لە ئاو هەڵبکێشرێت (کرداری نێردراوان ٨: ٣٦). وە لەو لەئاوهەڵکێشانەدا، تێبینی ئەوە بکە کە خەساوەکە و فلیپۆس "چوونە نێو ئاوەکە» و پاشان لە ئاوەکە "هاتنە دەرەوە" (کرداری نێردراوان ٨: ٣٨-٣٩). دەکرێ لەلایەنی تیۆرییەوە بڵێین ئەوان چوونەتە نێو ئاوەکەوە و فلیپۆس لەپەکانی پڕ ئاو کردبێت و بە سەری هاوڕێیەکەیدا کردبێت. بەڵام ئەمە ئەگەرێکی دوورە، لەبەر ئەوەی ڕوونی ناکاتەوە کە بۆچی خەساوەکە بە دیاریکراوی لەو کاتە داوای لەئاوهەڵکێشانی کردووە کاتێک ئەم ئاوە زۆرەی بینیوە. وە ئەگەر نقومنبوونی تەواو پێویست نەبێت بۆچی ئەوەندە خۆیان ماندوو کردووە جلەکانیان دابنێن یان تەڕی بکەن بە چوونە نێو ئاوەکەوە؟

سەرباری ئەمە، نقومبوون بە باشترین شێوە وێنای ناشتن و هەستانەوە دەکات لەگەڵ مەسیح. وە پۆڵس لە (ڕۆما ٦: ١-٤ و کۆلۆسی ٢: ١١-١٢) باسی ئەوە دەکات کە لەئاوهەڵکێشان ئاماژەیە بۆ یەکگرتن لەگەڵ مردنی مەسیح و ناشتن و هەستانەوەی. گونجاوترین دەرەنجام لێرەدا ئەوەیە کە خوێنەرەکانی وایان داناوە کە ئەوان بە تەواوی چوونەتە نێو ئاوەکەوە و هاتوونەتە دەرەوە، نەک تەنها ئاویان پێدا پرژێنراوە.

بۆیە لەمەولا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە لە کتێبی پیرۆزدا نقومبوون شێوازی سروشتی لەئاوهەڵکێشانە. وە ئەمە شتێک نییە کە تەنها باوەڕدارانی سەرەتا پەیڕەویان کردبێت و بتوانین وازی لێبهێنین، بەڵکو، شێوازی لەئاوهەڵکێشان پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ هێما و واتای پەیڕەوکردنەکە. بۆیە پێویستە لەسەر کڵێساکان هەرچی لەتوانایاندایە باوەڕداران بە نقومکردن لە ئاو هەڵبکێشن.

## ئەنجامدەر

دووەم، کێ بۆی هەیە باوەڕداران لە ئاو هەڵبکێشێت؟ ئەگەر لەئاوهەڵکێشان

کاری کڵێسا بێت، ئەوا بێگومان ئەوەی لەئاوهەڵکێشان ئەنجام دەدات لەلایەن کڵێساوە دەسەڵاتی پێ دراوە. ئەنجامدەری لەئاوهەڵکێشان پێویستە بە نوێنەرایەتی کڵێسا ئەو کارە بکات، نەک بە پاڵنەر یان دەسەڵاتێکی کەسیی.

تەواوی کڵێسا کلیلەکانی شانشین (مەتا ١٦: ١٩؛ ١٨: ١٩) بەکاردەهێنێت، بەڵام تەنها یەک کەس لە ئاو هەڵدەکێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەئاوهەڵکێشان واتا بەکارهێنانی کلیلەکانی شانشین و لەم ڕێگەیەوە کڵێسا دانپێدانانی کەسێک بە شوێنکەوتنی مەسیح پشتڕاست دەکاتەوە. کڵێسا بە لەئاوهەڵکێشان بە نوێنەرایەتی مەسیح قسە دەکات و کەسی لە ئاو هەڵکێش بە نوێنەرایەتی کڵێسا قسە دەکات.

کڵێسا شوانەکان دادەنێت، ئەوانەی کە "پیران" و "چاودێر"یشیان پێ دەگوترێت (کرداری نێردراوان ٢٠: ٢٨؛ تیمۆساوس ٥: ١٧)، بۆ ئەوەی کڵێسا فێر بکەن و بەڕێوەی ببەن و سەرپەرشتی بکەن. ئەوان باوەڕداران فێری وشەکە دەکەن و هانیان دەدەن بۆ گوێڕایەڵی وشەکە؛ هەروەها باوەڕداران هان دەدەن بە سەرڕاستی بۆ وشەکە بژین و شوێنی بکەون، وە ڕابەرایەتی ژیانی کڵێسا دەکەن بە گونجاندن لەگەڵ وشەکە. لەبەر ئەوە، پێشنیار دەکەم کە هەرچەندە کتێبی پیرۆز داوا ناکات شوانی کڵێسا لەئاوهەڵکێشانەکە ئەنجام بدات، بەڵام پێویستە لە باری ئاساییدا بەو شێوەیە بێت. پێشوەخت شوان یان پیران ئەوانەن کە لە جێگەی کڵێسا کار دەکەن کاتێک وشەی خودا فێری باوەڕداران دەکەن، وە لەئاوهەڵکێشان پەیڕەوکردنێکی ئاشکرای کاریگەری وشەکەیە و بە شێوەیەکی بینراو وشەکە ڕادەگەیەنێت. لەمەدا مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها شوانی سەرەکی کڵێسا دەتوانێت لە ئاو هەڵبکێشێت، بەڵکو هەر شوان یان پیرێکی کڵێسا سەرپشکە بۆ ئەوە.

هەروەک پێشتر باسم کرد، پێم وا نییە کە دەبێت تەنها داوا لە قەشە بکەین بۆ ئەوەی لە ئاو هەڵبکێشێت. بەڵام ئەگەر کڵێسایەک حەزی کرد کەسانی دیکە دیاری بکات بۆ ئەرکی لەئاوهەڵکێشانی باوەڕداران، پێویستە بزانێت کە ئەنجامدەرەکە کێیە و بۆچی و چۆن لەئاوهەڵکێشانەکە دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر کڵێسا ڕێی بە باوکان دا بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە ئاو هەڵبکێشن، ڕەنگە ئەوە

واتـای ئـەوە ببەخشـێت لەئاوهەڵکێشـان تایبەتـە بـە خێـزان نـەک بـە کڵێسـا.

بـەڵام خاڵـی سـەرەکی لێـرەدا ئەوەیـە کـە لەئاوهەڵکێشـان کارێکـی تایبەتـی کڵێسـایە، نـەک تاکـی بـاوەڕدار. ئەمـەش واتـا ئـەوەی ئەنجامـی دەدات پێویسـتە لەلایـەن کڵێسـاوە سەرپشـک کرابێـت. بـاوەڕداران وەک تـاک دەسـەڵاتیان نییـە بـۆ لەئاوهەڵکێشـان تەنهـا لەبـەر ئـەوەی بـاوەڕدارن.

هـەروەک لـە بەشـی ڕابـردوو باسـم کـرد، لـەو شـوێنەی کڵێسـای لـێ نییـە، بابەتەکە جیـاوازە. ئەگـەر تـۆ لـە شـارەکە تاکە بـاوەڕداری بە مەسـیح، ئەوا لەو شـارە تۆ کڵێسـایت. بۆیـە لـەم حاڵەتـەدا تـۆ سـەربەخۆ و دوور لـە دەسـەڵاتی کڵێسـا هەنـگاو نانێـی. بەڵکـو تـۆ ئـەو تـۆوەت هەڵگرتـووە کـەوا بەرهەمـی کڵێسـا دەدات و کار دەکەیـت لەسـەر چاندنـی. مەبەسـتم لـە تۆوەکـە مزگێنـی مەسـیحە. لـە هـەر شـوێنێک پەیامـی ئینجیـل بەرهەمـی بـاوەڕ و تۆبەکـردن بـدات، ئـەم کاردانەوەیـە بـە لەئاوهەڵکێشـان پشتڕاسـت دەکرێتـەوە. وە لـەو کاتـەی کـە دوو یـان سـێ کـەس بـە نـاوی مەسـیح کۆدەبنـەوە، پێویسـتە ئـەم کڵێسـا نوێیـە بزانێـت کـە لەئاوهەڵکێشـان بەرپرسـیارێتیی ڕەهایـە کـە پێویسـتە ئەنجامـی بـدەن و سەرپەرشـتی بکـەن. وە دەبێـت لەئاوهەڵکێشـانەکانی داهاتـوو لەژێـر سەرپەرشـتی و بـە نوێنەرایەتـی ئـەوان بێـت.

## ئەنجام

لەئاوهەڵکێشـان کارێکـە کڵێسا پێـی هەڵدەسـتێت بـۆ پشتڕاسـتکردنەوەی یەکگرتنی باوەڕدارێـک بـە مەسـیح و وێناکردنـی ئـەو یەکگرتنـە بـە نقومکردنـی لەنێـو ئـاودا. هـەروەک کارێکـە کـە بـاوەڕدار پێـی هەڵدەسـتێت بـۆ ئـەوەی بـە ئاشـکرا پەیوەسـت بێ بـە مەسـیح و گەلەکەیـەوە. لـە ئەنجامـی ئـەوەدا یەکگرتنـی باوەڕدارەکـە بـە کڵێسـاوە و جیابوونـەوەی لـە جیهانـی دەوروبـەری دێتـە کایـەوە. لـە لەئاوهەڵکێشـاندا، بـاوەڕدار پەیوەسـت دەبێـت بـە گەلـی خـوداوە، وە گەلـی خـوداش پەیوەسـت دەبێـت بـەو بـاوەڕدارەوە. لەبـەر ئـەوە، لـە هەر شـوێنێک کڵێسـا هەیـە، لەئاوهەڵکێشـان دەسـتپێکی ئەندامیێتیـی کڵێسـایە. وە کڵێسـا بـە لەئاوهەڵکێشـانی بـاوەڕدار، ئـەو بـاوەڕدارە دەخاتـە

پاڵ ئەندامەکانییەوە. لەئاوهەڵکێشان تەنها یەکێک نییە لە مەرجە پێشوەختەکانی ئەندامێتی کلێسا؛ بە گشتی لەئاوهەڵکێشان دەست بە ئەندامێتیی کڵێسا دەکات. ئەندامێتیی کڵێسا وەکو خانووە و لەئاوهەڵکێشان دەرگای سەرەکی ئەو خانووەیە.

بەڵام بە ڕای من تاکە بواردنی پەسەندکراو ئەوەیە کاتێک باوەڕدارێکی نوێ دەستبەجێ دەچێتە شوێنێکی نوێ کە بەگوێرەی زانیارییەکان هیچ کڵێسایەکی لێ نییە. بۆ نموونە، ڕەنگە باوەڕدارەکە نوێیەکە خەریکی گەشتکردن بێت لەگەڵ هێزی دەریایی و ساڵێک لەسەر کەشتی بەسەر ببات. یان ڕەنگە فەرمانبەری کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتییە و خەریکە گەشت بکات بۆ وڵاتێک کە نازانێت ئاخۆ کڵێسای لێیە یان نا. ئەمە حاڵەتێکی بەربڵاو نییە، بەڵام دەگمەنیش نییە. ئەم باوەڕدارانە بارودۆخی خۆیان هاوشێوەی خەساوە حەبەشەییەکە دەبینن. وە پێویستە لەسەر کڵێسا لەم بارودۆخە تایبەتانەدا لەئاویان هەڵبکێشێت و نوێژ بکات لەپێناویان و بەڕێیان بکات بۆ گەشتەکەیان و هانیان بدات بۆ گەڕان بەدوای هەر کۆمەڵەیەکی باوەڕدار کە لە ماوەی گەشتەکەیاندا بچنە پاڵیان. وە پێشتر باسی بارودۆخی مزگێنیدەرانمان کرد. یەکەم کەس لەو ناوچەیەی کە کڵێسای لێ نییە و لە ئاو هەڵکێشراوە، بەهۆی نەبوونی کڵێساوە ناچێتە پاڵ هیچ کڵێسایەکەوە، بەڵام کاتێک دوو یان سێ کەسی دیکە لە ئاو هەڵدەکێشرێن پێویستە لەسەریان خۆیان کڵێسایەک دروست بکەن.

بەڵام لە حاڵەتەکانی دیکەدا، پێویستە لەئاوهەڵکێشان لە ئەندامێتیی کڵێسا جیا نەکرێتەوە. نابێت ئەو کەسە لە ئاو هەڵبکێشرێت کە نایەوێت بە ملکەچبوونی بۆ کڵێسا ملکەچی عیسا بێت. وەکو چۆن پشتڕاستکردنەوەت لە لایەن بەڵگەنامەی گەشتکردنەوە هاوتایە لەگەڵ بەرپرسیاریەتی ئەرکە شارستانییەکانت. لەئاوهەڵکێشان بۆ باوەڕداری نوێ شێوازی هاتنە پاڵ کڵێسا و ئەو ساتەیە کە ئەمەی تێدا ڕوودەدات. ئەگەر ڕێوڕەسمەکانی ئەندامێتی پێویستی بە خوێندنی وانە و چاوپێکەوتن و دەنگدانی بە کۆمەڵ هەیە، ئەندامی پاڵێوراو لەسەریەتی بەر لەوەی لە ئاو هەڵبکێشرێت ئەمانە تێپەڕێنێت، وە پێویستە کڵێسا درک بەوە بکات کە ئەندامبوون لە کڵێسادا، ڕاستەوخۆ لەدوای لەئاوهەڵکێشانەوە دەستپێدەکات.

سـەرباری ئەمـە، نابێـت کڵێسـاکان مـاوەی چاوەڕوانـی دابنێـن لـە نێـوان لەئاوهەڵکێشـان و ئەندامێتـی. هەندێـک ئەمـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی سـەرنجێکی زیاتـر بخەنـە سـەر لەئاوهەڵکێشـان. وە پێویسـتە لەئاوهەڵکێشـان لـە ئەندامێتـی جیـا نەکاتـەوە لـە پێنـاوی ئـەوەی زیاتـر سـەرنج بخاتـە سـەر لەئاوهەڵکێشـان. شـێوازی کتێبـی پیـرۆز بـۆ سـەرنجدان لـە لەئاوهەڵکێشـان ئەوەیـە کە بیکەیتـە دەروازەی کڵێسـا. لەمـەدا، دەروازە بـۆ ژیانـی باوەڕدارییێتـی بـە مەسـیح. وە لـە لایەکـی دیکـەوە، ڕەنگـە هەندێـک کـەس ماوەیـەک دابنێـن لـە نێـوان لەئاوهەڵکێشـان و ئەندامێتـی لەبـەر ئـەوەی ئەندامێتـی بەرپرسـیارییێتی ڕژد دەخاتـە ئەسـتۆت. ڕەنگـە ئـەم کڵێسـایانە پێیان وابێـت کـە بـاوەڕداری نـوێ ئامـادە نەبێـت بـۆ هەڵگرتنـی ئـەم بەرپرسـیارییێتییانە. بـەڵام کێشـەی ئەمـە ئەوەیـە کـە خـودا داوا لـە باوەڕدارێـک بـە مەسـیح دەکات کـە شـوێنی خـۆی وەربگرێـت لـە جەسـتەدا و بەتونـدی پشـتیوانی دەکات بـۆ ئـەوەی ئەمـە بـکات. لەبـەر ئـەوە ئەگـەر ئامادەیـت ئـەوە پشتڕاسـت بکەیتـەوە کـە کەسێک بـاوەڕدارە بـە مەسـیح، هیـچ هۆکارێکـی دیاریکـراو نییـە بـۆ ئـەوەی لـە دەرەوەی جەسـتەی مەسـیح بەجێـی بهێڵیـت. ئەمـە تاکـە شـوێنە تێیـدا گەشـە دەکات و بەهێـز دەبێـت بـۆ هەڵگرتنـی بەرپرسـیارییێتی ئەرکەکانـی دیکـە. بـەڵام ئەگـەر دڵنیـا نەبوویـت لـە توانـای کەسێک لـەوەی بێتـە نـاو ژیانـی جەسـتەی مەسیحەوە یـان نازانیـت ئاخـۆ حـەزی لێیـە یـان نـا، ئـەوا ڕەنگـە پێویسـتت بـەوە بێـت کـە چـاو بخشـێنیتەوە بـەوەدا کـە ئاخـۆ ئامـادەی کـە لـە ڕێگـەی لەئاوهەڵکێشـانەوە بـاوەڕی ئـەم کەسـە پشتڕاسـت بکەیتـەوە.

لـە بارودۆخـی ئاساییدا، دەبێـت لەئاوهەڵکێشـان لـە ئەندامێتـی جیـا نەکرێتـەوە. وە لـە لایەنـی یەزدانناسـییەوە، لەئاوهەڵکێشـان دەسـتپێکی ئەندامێتیـی کڵێسـایە، بۆیـە پێویسـتە کەسێک لـە ئاو هەڵنەکێشـیت بەبێ ئـەوەی بیخەیتە پـاڵ کڵێسـاوە. وە دەبێت ڕاسـتەوخۆ ئەندامێتـی بـە هەمـوو ئەوانـە ببەخشـیت کـە لـە ئاویـان هەڵدەکێشـیت. بـەم شـێوەیە، ئەندامێتـی بـاوەڕداری نـوێ پێویسـتی بـە لەئاوهەڵکێشـانی هەیـە، وە لەگـەڵ لەئاوهەڵکێشـاندا دەسـت پێـدەکات.

# سیاق

پێویستە کڵێسا لە کوێ خەڵکی لە ئاو هەڵبکێشێت؟ ئایا مەرجە لە باڵەخانەی کڵێسا لە ئاو هەڵبکێشێت، یان بە لای کەم، لە کاتی کۆبوونەوەی فەرمیی کڵێسادا؟ مەرج نییە؛ کتێبی پیرۆز لە دەرەوە و ناوەوەی کڵێساش ڕێ بە لەئاوهەڵکێشان دەدات - ئەوەی کە لە نموونەکانی پەیمانی نوێدا دەیبینین ئەوەیە کە لەئاوهەڵکێشان لە دەرەوە کراوە. بەڵام ئایا دەتوانین چی دیکە بڵێین؟

لەئاوهەڵکێشان بە دانپێدانانێکی ئاشکرای باوەڕ دادەنرێت، وە کڵێسا بە گرنگ دادەنرێت بۆ قسەکردن لەم دانپێدانانەدا. هەروەها، دەتوانم مشتومڕی ئەوە بکەم کە لەبەر ئەوەی لەئاوهەڵکێشان پشتڕاستکردنەوەی تەواوی کڵێسایە بۆ ئەم دانپێدانانەی باوەڕدارێک و بەخێرهێنانی بۆ نێو ئەندامەکانی، پێویستە لەسەر کڵێساکان لە بارودۆخی ئاسایی لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی کڵێسا باوەڕداران لە ئاو هەڵبکێشێت. گرنگ نییە ئەو کۆبوونەوەیە لە باڵەخانەی کڵێسا بێت یان لە کەناری ڕووبارێکی نزیک. ئامانجی لەئاوهەڵکێشان ئەوە نییە کە بە نهێنی و نادیار بێت، بەڵکو ئامانجەکە ئەوەیە کە پێداگری لەسەر ئەوە ڕاستییە بکرێتەوە لە کاتی لەئاوهەڵکێشاندا تەواوی کڵێسا لە جێگەی خودا قسە لەگەڵ کەسەکە دەکات، وە کەسەکە قسە لەگەڵ خودا و تەواوی کڵێسا دەکات. لەئاوهەڵکێشان لە کۆبوونەوەی تەواوی گەلی کڵێسادا ئەوە دەردەخات، بە پێچەوانەی کۆبوونەوە بچووکەکان کەوا ئەم ڕاستییە کپ دەکەن.

وە ئەگەر دیسان بیر لە سیاقی مزگێنیدەرەکان بکەینەوە، دەتوانم بڵێم کە جگە لە بە ئاشکرا لەئاوهەڵکێشانی کەسەکە پێویست ناکات شتێکی دیکە بۆ ئەو ڕێوڕەسمە بکرێت، بەو پێیەی لەئاوهەڵکێشراو خۆی شایەتحاڵێکی ئاشکرایە بۆ دانپێدانانی باوەڕ. بەڵام ئەو لەئاوهەڵکێشانەی کە یەک کەس لەخۆ دەگرێت، تەنها لە حاڵەتێکدا پەسەندە کە شایەتحاڵی دیکە نەبێت. بەڵام لە باری ئاساییدا، پێویستە بۆ لەئاوهەڵکێشان تەواوی کڵێسا کۆببێتەوە، چونکە کارێکی تایبەتە بە تەواوی کڵێسا.

# کات

لـە کۆتاییـدا، لەپاش چەنـد دەبێـت کڵێسـا بـاوەڕداری نـوێ لـە ئـاو هەڵبکێشـێت؟ ئایـا پێویسـتە باوەڕدارەکـە دەسـتبەجێ لـە ئـاو هەڵبکێشرێـت یـان ماوەیـەک چـاوەڕێ بـکات؟

بێگومـان لـە هەمـوو نموونەکانـی لەئاوهەڵکێشـان لـە سـیپارەکانی پەیمانـی نوێـدا لەپـاش ئـەوەی کەسـەکە بـاوەڕی هێنـاوە دەسـتبەجێ لـە ئـاو هەڵکێـشراوە؛ بـۆ نموونـە سـەرنج بـدە (کـرداری نێـردراوان ٢: ٣٨-٤١؛ ١٠: ٤٧-٤٨؛ ١٦: ١٤-١٥، ٣٠-٣٤؛ ١٩: ١-٥). وە لەبـەر ئـەوەی لەئاوهەڵکێشـان دەربڕینـی ئاشـکرای بـاوەڕە، پێویسـتە بەگوێـرەی توانـا پەیوەسـت بـێ بـە کاتـی باوەڕهێنانـی کەسـەکە. بۆیـە، لەلایـەک، پێـم وا نییـە کـە پێویسـت بێـت کڵێسـاکان ماوەیەکـی چاوەڕوانـی دابنێـن بـەر لـە لەئاوهەڵکێشـان لەپێنـاوی ئـەوەی تێبینـی بەرهەمـی بـاوەڕی کەسـەکە بکرێـت یـان فێـری بنەماکانـی بـاوەڕی مەسـیحی و ژیانـی مەسـیحی بکرێـت.

بـەڵام ئەگـەر لەئاوهەڵکێشـان دەسـتپێکی ئەندامێتیـی کڵێسـا بێـت، ئایـا نابێـت کـە بێـزار بیـن لـە درێـژی مـاوەی پرۆسـەی ئەندامێتیـی کڵێسـا کـەوا زۆربـەی کات چەنـد هەفتـە یـان چەنـد مانگێـک لەئاوهەڵکێشـان دوادەکەوێـت؟ ئایـا دواخسـتنی لەئاوهەڵکێشـان پێچەوانـەی شـێوازی کتێبـی پیـرۆز نییـە؟ نەخێـر، ناتوانیـن وا بڵێیـن. پرۆسـەی ئەندامێتیـی کڵێسـا بـە واتـای مـاوەی ئەزموونیـی نایـەت. بەڵکـو بـە سـادەیی دڵنیـا دەبێتـەوە لـەوەی کـە پاڵێوراوەکـە دەزانێـت کـە چی چاوەڕێـی دەکات و کڵێسـاش زیاتـر پاڵێوراوەکـە دەناسـێت.

لـە ڕۆژی پەنجایەمیـن، ڕوون بـوو کـە چـی چاوەڕێـی ئەوانـەی دەکـرد کـە باوەڕیـان دەهێنـا: بەرگـری لـە دژی ڕابەرانـی ئایینـی گـەل و ژیانـی نـوێ لەنێـو ئـەو کۆمەڵـەی چەوسـاوەیەی مەسـیح. بـەڵام ئەمـڕۆ، بابەتەکـە ئەوەنـدە ڕوون نییـە؛ کەسـانێک هـەن بەخۆیـان دەڵێـن بـاوەڕدار و پێیـان وایـە کـە لەئاوهەڵکێشـان پەیوەنـدی نییـە بـە ملکەچبـوون بـۆ دەسـەڵاتی عیسـا یـان پەیوەندییەکـی بەتیـن

لەگەڵ کڵێسای ناوخۆیی. بۆیە دەبێت کڵێسا لەوە دڵنیا بێت کە ئەوانەی خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشن، دەزانن کە لەئاوهەڵکێشان پەیوەندی هەیە بە ملکەچبوون بۆ دەسەڵاتی عیسای مەسیح و کڵێسای ناوخۆیی. ڕێنمایی و هەڵسەنگاندنەکانی پرۆسەی ئەندامێتیی کڵێسا ڕوونی دەکاتەوە کە دوای لەئاوهەڵکێشان چ شتێک چاوەڕێت دەکات. وە دەبێت دڵنیا بێت لەوەی کە ئەوانەی بە لەئاوهەڵکێشان بەڵێن دەدەن - مەبەستم لە کڵێسا و باوەڕدارە پێکەوە – دەزانن بەڵێنی چی دەدەن و بە کێی دەدەن. ئەوەی کە دەبێت پاڵێوراوان بۆ لەئاوهەڵکێشان بچنە ژێر باری پرۆسەی ئەندامێتیی کڵێساوە، یارمەتی ئەوە دەدات کە بەڕاستی لەئاوهەڵکێشان سنوورێک لە نێوان کڵێسا و جیهان دابنێت، وە پەیوەستبوونی باوەڕدار بە مەسیح و گەلەکەیەوە دەخاتە کار. وە بەو شێوەیە خواستی عیسا دێتە دی لەوەی کە شوێنکەوتووانی بەهۆی یەکبوونیان لەگەڵ ئەو جیا دەکرێنەوە.

بۆ ئەوەی مەبەستەکەم ڕوون و ئاشکرا بێت، من ناڵێم کە دەبێت لە خزمەتەکاندا هەرکەس حەزی کرد بێتە پێشەوە ڕاستەوخۆ کڵێساکان لە ئاوی هەڵبکێشن، بەبێ ئەوەی کە ئەو باوەڕدارە بیەوێت ببێتە ئەندامی کڵێسا. ئەو جۆرە دانپێدانانە بە باوەڕ زیاتر نهێنییە لەوەی ئاشکرا بێت، چونکە کەسی لەئاوهەڵکێشراو بە ڕێگای خۆیدا دەڕوا و لەنێو کۆمەڵگەدا ون دەبێ.

بەڵام ئەگەر لە وڵاتێک دەژیت کە لەئاوهەڵکێشانت ئەوەی لێبکەوێتەوە خێزانەکەت لە هەموو شتێک بێبەریت بکەن، ئەوا بابەتەکە زیاتر ڕوونە. بۆیە، باشترین شت کە دەکرێت، بە تایبەتی بۆ ئێمە لە ئەمریکا، مکوڕبوونە لەسەر ئەوەی باوەڕدار درک بەوە بکات ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە. وە پێویستە کڵێساکان وا بکەن ئەو کەسانە درک بەوە بکەن ئەوەی ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەندامێتیی کڵێسا و ژیانی ملکەچییە بۆ دەسەڵاتی مەسیح.

## ئەوەی گرنگە

لـەم کتێبـە بچووکـەدا، بـە بۆچوونـی کتێبی پیـرۆز لەمەڕ لەئاوهەڵکێشـان دەسـتمان پـێ کـرد و کـەم کـەم لێـی وردبووینـەوە. وە لـە هەمـوو ئـەوەدا، چەنـد پرسـیارێکی پەیوەسـت بـە لەئاوهەڵکێشـانمان وروژانـد کـە وەڵامـی "کـێ، چـی، کـەی، لەکـوێ و بۆچـی؟» دایـەوە. بۆیـە، ئەگـەر باوەڕداریـت بـە عیسـا و ئـەو پرسـیارانەی کـە هەتـن لەمـەڕ لەئاوهەڵکێشـان وایـان کردبـوو کـە لێـی دوودڵ بیـت، هیـوادارم کـە ئـەم کتێبـە وەڵامـی پرسـیارەکانتی دابێتـەوە و تەمومژی نەهێشـتبێت و ڕێـگات بـۆ خـۆش بـکات کە گوێڕایەڵـی عیسـا بیـت لـە ڕێگـە بـە ئاشـکرا پەیوەسـتبوونت بـەو و بـە گەلەکەیـەوە. وە ئەگـەر ڕابـەری کڵێسـایت، هیـوادارم لێـرەدا بڕێـک یارمەتیـت وەرگرتبێـت لـە تێگەیشـتن لـە لەئاوهەڵکێشـان و فێرکردنەکـەی و ڕێنوێنـی کڵێسـاکەت لـە پەیڕەوکردنـی.

گرنگیـی لەئاوهەڵکێشـان لـە چیدایـە؟ لەئاوهەڵکێشـان بـە نیشـانەی مزگێنیـی مەسـیح گەلـی خـودا مـۆر دەکات، وە داوا دەکات بـاوەڕدار بـە ئاشـکرا پەیوەسـت بێـت بـە مەسـیحەوە بـۆ ئـەوەی ژیانـی لـە ڕێـگای شـایەتییەکی ڕوون بـڕوات سـەبارەت بـە نیعمەتـی خـودا لـە مزگێنیـدا. هەروەهـا پەیوەسـتبوونی بـاوەڕدار بـە گەلـی مەسـیح مـۆر دەکات کـە لەخۆیگرتـووە بـەرەو هاوبەشـیی جەسـتەی مەسـیح. سـەرباری ئەمـە، بـە نوێنەرایەتـی مەسـیح وشـەی باوەڕکـردن و پەسـەندکردن لەلایـەن کڵێسـاوە دەردەبـڕدرێ. هەمـوو ئەمانـە هـۆکارن بـۆ ئـەوەی کـە مەسـیح فەرمـان بـە قوتابییەکانی بـکات لـە ئـاو هەڵبکێشرێـن و لـە ئـاو هەڵبکێشـن.

لەئاوهەڵکێشـان وێنـای پەیامـی ئینجیـل دەکات و پـەرەی پـێ دەدات. وە هێڵێکـی ڕوون دەکێشـێت لـە دەوری گەلـی ئینجیـل - ئەوانـەی کـە تۆبەیـان کـردووە لـە گوناهەکانیـان و متمانەیـان بـە مەسـیح کـردووە. لەئاوهەڵکێشـان گرنگـە لەبـەر ئـەو مزگێنییـەی کـە بـە ئاشـکرا دەریدەخـات.

# فەرهەنگۆک

| ڕوونکردنەوە | English | وشە |
| --- | --- | --- |
| هەر باوەڕدارێک بە مەسیح پێویستە ببێتە ئەندام لە کۆمەڵێکی باوەڕداران لەپێناو ژیانی هاوبەش و گەشەکردن لە باوەڕیدا. کڵێسا جەستەی مەسیحە و هەر باوەڕدارێک ئەندامێکە لەو جەستەیە. | Chruch membership | **ئەندامییێتیی کڵێسا** |
| لە کڵێسادا دەستەیەک باوەڕداری بەئەزموون هەن کە سەرپەرشتی کاروبارەکانی کڵێساکە دەکەن، هەر یەکێک لەوان پێی دەگوترێت پیر. | Elder | **پیر** |
| بە عەرەبی پێی دەگوترێت "معجزة". پەرجوو کاری سەرسوڕهێنەر و نایابە کە تەنها لە توانای خودایە ئەنجامی بدات. | Miracle | **پەرجوو** |
| تەختی فەرمانڕەوایەتی خودایە کە هەموومان ڕۆژێک دەچین و لەبەردەمی ڕادەوەستین کاتێک خودا حوکممان دەدات. | Judgment Seat of God | **تەختی دادوەریی خودا** |
| دەستنیشانکردن و تەرخانکردنی کەسێک بۆ ئەرکێکی دیاریکراو لە کڵێسادا، وەک: پیر، ڕابەر، خزمەتکار، .... هتد. | Consecration | **تەرخانکردن، پیرۆزکردن** |
| سزادانی ئەندامی کڵێسا بەهۆی گوناە. | Church Discipline | **تەمبێکردنی کڵێسایی** |
| دامەزراندنی کڵێسایەکی نوێ لە شوێنێکدا کەوا کڵێسای لێ نییە. | Church plantation | **چاندنی کڵێسا** |
| ئەسقوف، چاودێر و سەرپەرشتیاری کڵێسا. | Bishop | **چاودێر** |
| ئەو خاکەی خودا بەڵێنی بە گەلی ئیبراهیم دا کە دەبێتە هی نەوەکانی ئەو. | The promised Land | **خاکی بەڵێندراو** |
| خزمەتکار پلەی لە شوان و پیران کەمترە و هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی کاروبارەکانی کڵێسا و کۆمەڵی باوەڕداران. | Deacon | **خزمەتکار (شەماس)** |

| | | |
|---|---|---|
| **خوانی پەروەردگار** | Lord's supper | نانلەتکردن، یادەوەری دوایین ئێوارەخوانی عیسای پەروەردگار لەگەڵ قوتابییەکانی. |
| **دابڕین** | | دەرکردن و لێسەندنەوەی ئەندامێتیی لە ئەندامی کڵێسا. |
| **ڕابەر** | Leader | قەشە یان سەرپەرشتیاری کڵێسا. |
| **ڕۆژی پەنجایەمین** | Pentecost | پەنجایەمین ڕۆژ لەدوای بەرزبوونەوەی عیسا بۆ ئاسمان، کە لەم ڕۆژەدا ڕۆحی پیرۆز هاتە سەر قوتابییەکان. |
| **سروش** | Inspiration | بە عەرەبی پێی دەگوترێت "وحي"، بەو پەیامەی خودا دەگوترێت کە بە مرۆڤە هەڵبژێردراو و تایبەتەکانی دەدات بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنن. |
| **سیپارە** | Book | هەر پەرتووکێک لە ٦٦ پەرتووکەکەی کتێبی پیرۆز. |
| **قەشە** | Pastor | شوان یان سەرپەرشتیاری کڵێسا. |
| **کڵێسای نێردراوییێتی** | Apostolic Church | ئۆل و مەزەبێکە کەوا یەکەم جار لە ساڵی ١٩٠٤ لە بەریتانیا سەریهەڵدا. شوێنکەوتووانی ئەم کڵێسایە هەوڵ دەدەن وەکو سەدەی یەکەم ئەرک و کاروباری نێردراوان لەنێو کڵێسادا ڕوون و ئاشکرا بێت. |
| **کاهین** | Priest | ئەو کەسەی لە سەردەمی پەیمانی کۆندا قوربانی بۆ خودا دەکرد لە پێناو بەخشینیی کاتیی گوناهی مرۆڤ. |
| **کڵێسا** | Church | ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا واتا کۆبوونەوەی بانگهێشتکراوان بۆ بەردەم خودا، لە پەیمانی نوێدا بۆ کۆمەڵی باوەڕداران بەکاردێت. |
| **کڵێسای پیرانی** | Presbyterian Church | ئۆل و مەزەبێکن لە شوێنکەوتووانی مەسیح کە هەموو بڕیارەکانی کڵێسایان بە سەرپەرشتی دەستەیەکی پیرانە. |
| **کڵێسای کۆمەڵگەرایی** | | ئۆل و مەزەبێکە کەوا لە بەڕێوەبردنی کڵێسا بڕیارەکان لەلایەن ئەندامانی کڵێساوە دەنگی لەسەر دەدرێت. |

| | | |
|---|---|---|
| **کڵێسای لەئاوهەڵکێشی** | Baptist Church | ئۆل و مەزەبێکن لە شوێنکەوتووانی مەسیح کە جەخت دەکەنەوە لەسەر لەئاوهەڵکێشانی باوەڕداران. |
| **کڵێسای ناوخۆیی** | Local Church | کڵێسایەک لە ناوچە یان شارێکی دیاریکراو. |
| **کڵێسای ئینجیلی** | Evangelicalism | ئۆل و مەزەبێکە کەوا تەنها باوەڕیان بە کتێبی پیرۆز هەیە و خۆیان بەدوور دەگرن لە هەر نەریتێک کەوا لەگەڵ کتێبی پیرۆز نەگونجێت. |
| **کڵێسای ئەنگلیکان** | Anglican Church | ئۆل و مەزەبێکە کەوا بە کڵێسای بەریتانیا ناسراوە و ساڵی ١٨٦٧ دامەزراوە و لە ژمارەدا لەدوای کاتۆلیک و ئەرتۆدۆکسی ڕۆژهەڵات دێت. |
| **کەوتنی مرۆڤ** | Fall | مەبەست لەو کەوتنەیە کەوا تەواوی مرۆڤایەتی بەهۆی گوناهی ئادەم و حەوا کەوتنە ناو گوناە و لە شکۆی خودا کەوتن. |
| **گەلی خودا (مێگەل)** | Sheep, God's people | ئەندامان و گەلی کڵێسا. |
| **گەلی کڵێسا - جەماوەری کڵێسا** | Congregation | کۆمەڵی باوەڕداران |
| **نێردراوییێتیی مەزن** | The great Commisison | عیسای مەسیح بەر لە بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان، قوتابییەکانی ڕاسپارد و فەرمووی: "بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون." |
| **وشەکە** | The Word | مەبەست لە وشە و فەرمایشتی خودایە. |
| **یەزداناسی** | Theology | "لاهوت،<br>یەزداناسیی پەیمانی نوێ خوێندن و لێکۆڵینەوەی ئەوەیە کەوا خودا سەبارەت بە خۆی لە پەیمانی نوێدا ڕایگەیاندووە. " |

# ٩نیشانەکان

## بنیادنانی کڵێسای تەندروست

## ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٣٠ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. دەتوانیت لەم لینکەی خوارەوەدا لیستی تەواوی ماڵپەڕی زمانە جیاوازەکان ببینیت:

www.9marks.org/about/international-efforts/

9Marks.org

ژمارە: ١٧٤٨ العدد:
رۆژ : ٢٢/خەرمانان /٢٧٢١ کوردی التاريخ: ١٢/٩/ ٢٠٢١

**بۆ / چابخانەی ئاسیا لە پارێزگای سلێمانی**

**بابەت/ ژمارەی سپاردن**

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣,ژمارەی سپاردن درا بەم کتێبانەی کە لەخوارەوە ناویانهاتووە لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بەتیراژی(١٠٠٠) دانە بۆهەرکتێبێک بەمەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن.

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر / وەرگێر | بابەت | ژ. سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ٣. | تێگەیشتن لە ئاو هەڵکێشان | ئەندازیار سروش نەریمان تاهیر | ئایینی | ١٠٠١ |

سەرباز جەوهەر بابان
جێگری بەڕێوەبەری گشتی
١٢/٩/ ٢٠٢١

تێبینی:

١-دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە دەنووسرێت,لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (.....)ساڵی ٢٠٢١پێدراوە.
٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە ژمارەی سپاردنی نادرێ

وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
-هەڵگرتن
-خولاو